رۆمان

# وەهمەکان

سەرکێشییەکانی مەسیحێکی دوودڵ

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: وەهمەکان

بابەت: رۆمان

نووسەر: ریچارد باخ

وەرگێڕانی: کامیل محەمەد قەرەداخی

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری کتێب: بەختیار سەعید

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٧٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٤٠)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی: کاسۆمۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە
لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپ کراوە

عەوالنامەی کتێب

پێشکەشە بە میکا و چینی و دایکم

هەواڵنامەی کتێب

ڕیچارد باخ

# وەهمەکان

## سەرکێشییەکانی مەسیحێکی دوودڵ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

کامیل محەمەد قەرەداغی

شوباتی ٢٠١٤ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

## وتەی وەرگێڕ:

یەکێک لە ناودارترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم، بریتییە لەم کتێبەی کە ئێستا بە زمانی کوردی لەبەردەستی بەڕێزتان دایە. ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی لیستێکی بۆ ئەو کتێبانە دروست کردووە کە پێویستە هەموو مرۆڤێک پێش مردنی بیانخوێنێتەوە. دیارە ئەو لیستە ناوی کتێبی زۆر گەورەی تێدایە، کە بە سەرمایەی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن. لەناو ئەو لیستەدا ناوی ئەم کتێبەی «ریچارد باخی»ش هاتووە، کە ڕۆمانە و ناوی وەهمەکانە. هەر لە پاش بینینی ئەو لیستەوە سەودای دۆزینەوەی کتێبەکە لەلای وەرگێڕ دروست بوو، لەپاش پەیداکردن و خوێندنەوەی، ئەمجا وەرگێڕانیشی بوو بە خولیا و ئەوەتا ئەو خولیایە گەیشتووە بە ئەنجام و چاپی کوردیی ئەو ڕۆمانە بۆ هەموو خوێنەرانی کورد زمان ڕەخساوە.

خوێنەری ئێمە چیرۆکی «جۆناسان لیڤنگستنی نەورەس»ی ئەم نووسەرەی بینیوە، کە چیرۆکێکە پڕە لە هەوڵدان و لە ئومێدبوون بە ژیان. ئەم ڕۆمانەش هەر لەسەر هەمان تەوەری ئیشکردنی ئەو ڕۆماننووسەیە، مرۆڤ زۆر هان دەدات، کە تام لە ژیان ببینێت و لە بەرانبەر تەنگوچەڵەمەدا چۆک دانەدات، چونکە دواجار مرۆڤ ئامانجە، نەک ئامراز.

ئەم نووسەرە ئەمریکییە، بەڵام خۆی بە نەوەی هونەرمەند و مۆسیقاژەنی ئەڵمانی «یۆهان سباستیان باخ» دەزانێت، بۆیە ڕەنگە ئەمە وەڵامیش بێت بۆ ئەو پرسیارەی، کە ئەگەر پیتی خ لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، چۆن دەبێت نووسەرێکی ئەمریکی ناوی باخ بێت.

باخ کەسێکی فڕۆکەوانە، ئەو فڕۆکە دێرینانە دەئاژوێت، کە دووچین باڵیان هەیە. جارێکیش لە ڕووداوێکی فڕۆکەدا زۆر بە قورسی پێکراوە و گەیشتووە بە کەناری مردن،

بەڵام تا ئێستا، کە ئەم کتێبە بە کوردی بڵاودەبێتەوە ئەو لە ژیاندا ماوە و هەر خەریکی فرۆکەوانیی خۆیەتی. رەنگدانەوەی ئەم کارەی لەناو زۆربەی کارە ئەدەبییەکانیدا دیارە، بەتایبەتیش ئەم رۆمانەی ئێستای.

دیارە دەبێت ئەوەش باس بکەین، کە فرۆکەوانییش وەک هەر کارێکی تر کۆمەڵێک تێرم و زاراوەی تایبەت بە خۆیی هەیە و زۆربەی ئەو تێرمانەش لەناو ئەم رۆمانەدا بەکارهێندراون، کە دیارە ئەمەش گرفتێکی بچووک بوو لە وەرگێڕانیدا بۆ کوردی، چونکە ئەو کارە لەلای ئێمە هەتا ئێستا ئەوەندە بوونی نییە، کە شەقڵ و شێوەی خۆیی خستبێتە سەر زمانی کوردی و تێرم و زاراوەمان بۆی هەبێت. لەبەرئەوە هەندێکی ئەو تێرمانە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەبووە و سازێندراون، بەڵام هیچیان لێ نەپەڕێندراوە.

ئەم رۆمانە ئەزموونێکی گەورەی داهێنانی ناو ئەدەبی ئینگلیزییە و راستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی، هیوادارم کە توانیبێتم، لە ئاستێکی باشدا پێشکەشی خوێنەرانی خۆمانی بکەم.

هەوالنامەی کتێب

کامیل

## پێشەکی:

لە پاش بڵاوبوونەوەی جۆناسان لیڤینگستنی نەورەسەوە زیاتر لە جارێک لێم پرسیار کراوە، کە: ریچارد، لە پاش ئەمەوە چی دەنووسیت؟ پاش «جۆناسان» چیتر دێت؟

منیش وەڵامم داوتەوە، کە ئیتر پێویست ناکات پاش ئەوە هیچی تر بنووسم، یەک وشە نانوسم، لەبەرئەوەی کتێبەکانم ئەو شتانەیان گوتووە، کە پێویست بوون من بیانڵێم. سەردەمێک رەنجی زۆرم بەدەست نووسینەوە کێشا، وا ئێستا گەرێنەکەیم خستۆتە کار، وا باشە ماوەیەک خۆم لەوەش بدزمەوە کە تا نیوەشەو هەر خەریکی کارکردن بم.

تا ئێستاش هەموو هاوینێک، یان دەوروبەری هاوین ئەو فرۆکەیەی خۆم، کە دووچین باڵی هەیە بردوومە بۆ پانتاییە سەوزەکانی ناوەڕاستی رۆژئاوای ئەمریکا. گەشتیارانم بردووە بۆ گەشتی سێ دۆلاری، بەڵام جارێک سەودای شەیداییەکی لەمێژینەم لەلا دروست بووە- شتێک هەیە و دەبێ بیڵێم، بۆیە ئیتر توانای بەرگەگرتنم نەما.

هەرگیز حەزم لە نووسین نییە. ئەگەر بمتوانیبا پشت بکەمە ئایدیایەک، هەر لە تاریکیدا بیهێڵمەوە، ئەگەر بمتوانیبا خۆم لە کردنەوەی دەرگا بەڕوویدا لا بدەم، هەرگیز دەستم بۆ پێنووس نەدەبرد، بەڵام جاری وا هەیە لە پڕێکدا، یەک تەقینەوەی داینەمیتییانەی پڕ لە وردە شووشە و بەردی هەڵپرژاو بە ڕووتدا لە دیوارەکەی بەرانبەرتەوە بۆت قووت دەبێتەوە و کەسێک لەسەر داروپەردووەکەی رادەوەستێ و دەتخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەڕێزیشەوە پێت دەڵێت: ئیزنت نادەم بڕۆیت، هەتا بە وشە لەسەر کاغەز نەمنووسیتەوە. من بەم شێوەیە گەیشتم بە نووسینی «وەهمەکان» و دەستم پێکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لەوێ، لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەسەر پشت رادەکشام وخەریکی هەڵماندنی هەورەکان دەبووم، نەمدەتوانی ئەم چیرۆکە لە مێشکی خۆم ببەمە دەرەوە. چ دەبوو ئەگەر کەسێک خۆبەخۆ بهاتبا و لەم بوارەدا باش بوایە و پێی بگوتبام، کە ئەم جیهانەی من چۆن کار دەکات و چۆن بتوانم کۆنترۆڵی بکەم؟ چ دەبوو ئەگەر من بمتوانیبا پاڵەوانێکی پێشکەوتوو ببینم. چ دەبوو ئەگەر سیدهارتایەک، مەسیحێک بهاتبایەتە ئەم سەردەمەی ئێمە و توانای بەسەر وەهمەکانی دونیادا بشکایە و بیزانیبایە، کە نهێنییەکەیان لە چی دایە؟ چ دەبوو ئەگەر من ڕووبەڕوو ئەوانم بینیبا؟ بە فڕۆکەیەکی دووچین باڵ بفڕیبا و لە هەمان کێڵگە لەگەڵ مندا بنیشتبایەتەوە؟ دەبوو ئەو چیی گوتبا؟ دەبوو ئەو لە چی بچوایە؟

ڕەنگە ئەو لە ئەم مەسیحەی ناو لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە ڕۆنگرتووە ڕەنگ گیاییەی من نەبێت، لەوانەیە ئەو هیچکام لەم شتانە نەڵێت، کە ئەم کتێبە دەیانڵێت، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەو شتانەی ئەو پێیگوتم بریتی بوون لەوەی کە: ئێمە لە زەینی خۆماندا چیمان هەڵگرتبێت، هەر ئەوەش دەهێنینە ناو ژیانمانەوە. بۆیە - بۆ نمونە - ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان لەبەر هۆکارێک من خۆمم گەیاندووە بەم چرکەساتە و هەمان شت بۆ تۆش ڕاستە. لەبەرئەوە ئەوە بە ڕێکەوت نییە، کە تۆ ئەم کتێبەت بەدەستەوەیە. لەوانەیە ئەم سەرکێشییانە شتێکی وایان تێدابێت، کە تۆیان هێنابێتە ئێرە بۆئەوەی لە زەینتدا بیانپارێزیت. من بڕیارم دا بەم شێوەیە بیر بکەمەوە.

هەروەها بڕیاریشم داوە کە وا بیربکەمەوە کە مەسیحەکەی من لەولاوە لە شوێنێکی تر چۆکی لەسەر پانتاییەک داداوە، کە ئەو پانتاییە هەرگیز پانتایی نووسین نییە، سەیری هەردووکمان دەکات و بەو گاڵتەیە پێدەکەنێت، کە بەپێی ئەو پلانە ڕوودەدات، کە ئێمە بۆمان داناوە.

ئیمزا - ریچارد باخ

هەواڵنامەی کتێب

## (یەک)

١.   ماستەرێک هەبوو هاتە سەرزەوی، ئەو لە خاکی پیرۆزی ئینديانادا لەدایک ببوو، لە گردە تەلیسماوییەکانی  رۆژهەڵاتی فۆرت واین گەورە ببوو.

٢.   ئەم ماستەرە لە خوێندنگە گشتییەکانی ئینديانا فێری کاروباری ئەم دونیایە بوو، کە پێگەشت، بوو بە فیتەری چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل.

٣.   بەڵام ئەم ماستەرە لە ئەو ژیانانەی تریدا کە ژیابوو، لە خاکیتر و قوتابخانەیتر فێری شتی تریش ببوو.. ئەو شتانەشی لەبیر مابوو، بیرهێنانەوەی ئەو شتانەش وایان لێکردبوو حەکیم و بەهێز بێت. لەبەرئەوە خەڵکانی تریش بەهێزییەکەی ئەمیان بینی و بۆ راوێژ پێکردن هاتن بۆ لای.

٤.   ماستەر لەو بڕوایە دابوو، کە ئەو توانایەی هەیە هاوکاریی خۆی و هەموو رەگەزی مرۆییش بکات. لەبەرئەوەی بڕوای وابوو، کەواتە تواناکەشی هەروابوو. لەبەرئەوە کەسانی تریش تواناکەییان بینی و هاتن بۆلای بۆئەوەی گیروگرفت و نەخۆشییەکانیان بۆ چارەسەر بکات.

٥.   ئەم ماستەرە لەو بڕوایە دابوو، کە بۆ هەموو مرۆڤێک واباشە وا بیر لە خۆی بکاتەوە، کە مەسیحی خودایە لەبەرئەوەی، کە خۆی ئەو بڕوایەی بە خۆی هەبوو، کەواتە بۆیشی لوابوو، بۆیە ئەو دووکان و گەراجانەی ئەو کاری تێدا دەکردن، جمەیان دەهات لەو کەسانەی بەدوای سەلیقە و دەستی ئەودا دەگەڕان. شەقامەکانی دەرەوەش بە ڕیزی ئەو کەسانە پڕ ببۆوە کە تەنها بۆ ئەوە سەرەیان گرتبوو، بەڵکوو ئەو بەوێدا تێپەڕ ببێت و سێبەرەکەی بەریان بکەوێت و ئەمەش ژیانیان بگۆڕێت.

٦.   بە تێپەڕبوونی کات، لەبەر ئەو قەرباڵەغییەی وەستاکان و خاوەن دووکانەکان دروستیان کرد و هەوڵیان دەدا ماستەر بڕوات و کەرەستەکانی بەجێ بهێڵێت، ئیتر شوێنێک بۆ ئەوە نەمایەوە وەستا و فیتەرەکانی تریش کار لەسەر ئۆتۆمبێلەکان بکەن.

٧. لەبەرئـەوە، بڕیـاری دا بچێـت بـۆ لادێ. پـاش ئـەوە، خەڵـک ناویـان لێنـا مەسـیح و پەرجـوو خولقێـن، لەبەرئـەوەی ئـەوان بڕوایـان وابـوو، کەواتـە ئەویـش وادەرچـوو.

٨. ئەگـەر تۆفانیـش هەسـتابا کاتێـک ئـەو قسـەی کردبـا، یـەک دڵۆپـە بـاران بـەر سـەری کـەس لـە گوێگرەکانـی نەدەکـەوت. هەمیشـە دواییـن کەسـی ریزەکانـی بەردەسـتی وەک یەکەمیـن کـەس قسـەکانیان دەبیسـت، ئیتـر ئـەوە هیـچ گرنـگ نەبـوو، کـە ئایـا ئاسـمان سـایەقەی سـامالّە، یـان هەورەتریشـقە. ئـەو هەمیشـە کـە قسـەی دەکـرد نموونـەی دەهێنایـەوە.

٩. ئەمجـا پێیدەگوتـن، لەناخـی هەریەکەمانـدا توانـای بڕیـاردان لـە تەندروسـتی و لـە نەخۆشـی، لـە دەوڵەمەنـدی و هـەژاری، لـە ئـازادی و کۆیلەیـی هەیـە. ئـەوە ئێمەیـن، کـە بڕیـار لـەوە دەدەیـن کـێ ئـەم شـتانە کۆنتـڕۆڵ دەکات و کـێ نایـکات.

١٠. ئاشـەوانێک قسـەی کـرد و گوتـی: «تـۆ ئەرکـی ئاسـانی وشـەت پێسـپێردراوە ماسـتەر، تـۆ رێنوێنیـت کـراوە و ئێمـە وانییـن، لەبەرئـەوەی تـۆ پێویسـتت بـەوە نییـە بـە وێنـەی زەحمەتکێشـییەکەی ئێمـە زەحمـەت بکێشـیت. لـە ئـەم دونیایـەدا مـرۆڤ دەبێـت کار بـکات بۆئـەوەی بتوانێـت بـژی»

١١. ماسـتەر وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: «جارێکیـان گوندێکـی گیانلەبـەران هەبـوو، کەوتە ژێـر رووبارێکـی گـەورەی کریسـتاڵەوە»

١٢. شـەپۆلی رووبارەکـە بـە بێدەنگـی هـەر هەموویانـی داپۆشـی، گەنـج و پیـر، دەوڵەمەنـد و هـەژار، بـاش و خـراپ، ئـەو شـەپۆلە بـە رێـگای خۆیـدا دەڕۆیشـت، تەنهـا کریسـتاڵەکەی خۆیـی دەناسـی و هیچـی تـر.

١٣. هـەر گیانلەبەرێـک بـە شـێوازی خـۆی بـە توندی خۆیـی بـە لـق و بـە بەردەکانـی بنـەوەی رووبارەکـەوە نوسـاندبوو. لەبەرئـەوەی ئـەو خـۆ هەڵواسـینە رێگایـەک بـوو بـۆ زینـدوو مانـەوەی ئـەوان. هەریەکەیـان بەپێـی ئـەو سـەلیقەیەی خـۆی کـە لـە ژیانـەوە فێـری ببـوو، بەرەنگاریـی شـەپۆلەکەی دەکـرد.

١٤. بەڵام دواجار یەکێک لە گیانلەبەرەکان گوتی من لە خۆهەڵواسین ماندوو بووم، ئەگەرچی بە چاوی خۆشم نایبینم، بەڵام متمانەی ئەوە دەکەم، کە ئەم شەپۆلە خۆی دەزانێت بۆ کوێ دەچێت. من بواری دەدەم بمبات، بمبات بۆ ئەو شوێنەی خۆی بۆی دەچێت. هێندە بێزار بووم لەم خۆ هەڵواسینە وا دەمرم.

١٥. گیانلەبەرەکانی تر پێی پێکەنین و گوتیان شێتە، بڕۆ، ئەمجا دەبینیت، کە ئەو شەپۆلەی دەیپەرستیت چۆن هەڵتدەگرێت و دەتکێشێت بە بەردەکاندا و لەوە زووتر دەمریت، کە بێزاری بتکوژێت.

١٦. بەڵام ئەو گوێی پێنەدان، هەناسەیەکی هەڵکێشا و ڕۆیشت، یەکسەر شەپۆلەکە هەڵیگرت و کێشاشی بە هەموو بەردەکاندا.

١٧. ئەودەمەی، کە ئیتر گیانلەبەرەکە ئامادە نەبوو جارێکی تر خۆی هەڵبواسێتەوە، شەپۆلەکەش بەرزی کردەوە و لە بنی ڕووبارەکە دەربازی کرد و ئیتر نە بریندار بوو و نە ئازاری چێشت.

١٨. گیانلەبەرەکانی تر، کە لە بنەوە مابوونەوە ئەوی دەربازبوویان لەلا بوو بە بوونەوەرێکی نامۆ، بۆیە هاواریان کرد، سەیری پەرجوو بکەن، بونەوەرێک بوو هەر وەکوو ئێمە، فڕی بۆئەوەی مەسیح ببینێت، ئەو دێت و ئێمەش هەموومان ڕزگار دەکات.

١٩. ئەوەشیان کە شەپۆلەکە هەڵیگرتبوو گوتی: من لە ئێوە زیاتر مەسیح نیم. ڕووبارەکە پێیخۆشە ئازادمان بکات، ئەگەر خۆمان بوێرین و بمانەوێت بڕۆین. کاری ڕاست و دروست بۆ ئێمە خۆدانە دەستی ئاوەکەیە،ئەم سەرکێشییەیە.

٢٠. بەڵام ئەوان زیاتر هاواریان کرد ...(ڕزگارکەر...) و هەر خۆیانیان دەنووساند بە بەردەکانەوە، کە دووبارە لایان کردەوە ئەو لەبەرچاوان ون ببوو. ئەوانیش بە تەنها بەجێمابوون ئەم قسانەیان لەبارەی ڕزگارکەرەکەوە دروست دەکرد.

٢١. بە تێپەڕبوونی کات، سەیری کرد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لە دەوری کۆ دەبنەوە،

زیاتـر لـە جارانیـان ئامبـازی دەبـن و لێـی نزیـک دەبنـەوە. کـە سـەیری کـرد بێپـەڕوا فشـاریان خستۆتەسـەری بۆئـەوەی چاکیـان بکاتـەوە و خۆراکیـان دابیـن بـکات و لەپێنـاوی ئەواندا فێـر ببێـت، بۆئـەوەی وایـان لێبـکات بتوانـن ژیانـی خۆیـان گـوزەران بکـەن، ئـەو ڕۆژە بـە تەنهـا چـووە سـەر گردێـک و لـەوێ دەسـتی کـرد بـە نوێژکـردن.

٢٢. لەدڵیـەوە گوتـی: گۆشـەی ئـەم ئەرکـەم تـا ناکۆتـا کراوەیـە، ئەگـەر ئەمـە وەسیـەت و خواسـتێک بێـت، کەواتـە بـا جڵـەوی ئـەم بـارە بەلایەکـدا وەرچەرخێنـم و ئـەم ئەرکـەش بخـەم بـە لایەکـدا. مـن کـە بڕیـاری ژیانـی یـەک تاکەکەسـم پـێ نادرێـت، کەچـی دەیـان هـەزار گیـان هـاوار لەمـن دەکـەن بژیـن. داوای لێبـوردن دەکـەم لـەوەی بـوارم دا ئـەو هەمـوو شـتە ڕوو بـدەن. ئەگـەر ئەمـە وەسـیەت بێـت، کەواتـە بـا منیـش وەک کەسـانی تـر بگەڕێمـەوە و لەگـەڵ مەکینـەی ئۆتۆمبێـل و کەرەسـتەکانی خۆمـدا بژیـم.

٢٣. دەنگێـک لـە بەشـی سـەرەوەی گردەکـەوە قسـەی لەگەڵـدا کـرد دەنگێـک کـە نـە هـی نێـر بـوو و نـە مـێ، بەهێـز بـوو لاواز نەبـوو دەنگێـک بـوو بێسـنوور بـە بەزەیـی بـوو. ئـەو دەنگـە پێـی گـوت: «ئـەوە خواسـتی منیـش نییـە، بـەڵام تـۆ دەبێـت هـەر ئەنجامـی بدەیـت، لەبەرئـەوەی ئـەوە خواسـتی خۆتـە بـۆ خـۆت، کەواتـە خواسـتی منیشـە بـۆ تـۆ. تـۆش ڕێـگای هەمـان پیاوانـی تـر بگرەبـەر، تـۆش لـە سـەرزەوی ئاسـوودە بـە».

٢٤. لەپـاش ئـەو بیسـتنەوە ماسـتەر دڵخـۆش بـوو، سوپاسـگوزاریی پیشـان دا، لـە گردەکـە هاتـە خـوارەوە و کەمەکەمـە گۆرانییەکـی میکانیکییانـەی دەمڵانـد. کاتێکیـش کـە ئاپۆراکـە فشـاری نارەحەتیـان خستەسـەری و لێیدەپاڕانـەوە نـزای شـیفایان بـۆ بـکات، لەبەرئـەوەی ئـەو فێـری ئـەو نزایـە بـووە، داوایـان دەکـرد خۆراکیـان بـدات، بەبـێ وەسـتانەوە لـەو تێگەیشـتنە عەجایەبانـەی خۆیـەوە شـتێکیان پـێ بڵێـت تەسـەلایان بـدات، ئەویـش بـۆ خەڵکەکـە پێکەنـی و بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە پێیگوتـن، مـن وازم هێنـاوە.

٢٥. بۆ خولەکێک خەڵکەکەش بە جۆرێک لە حەپەسانەوە، شۆک بوون.

٢٦. ئەویش پێیگوتن ئەگەر کەسێک داوا لە خوا بکات، کە دەیەوێ یارمەتیی ئەو جیهانە موعاناتدارە بدات، ئیتر گرنگ نییە کەسەکە خۆی چ باجێک بۆئەوە دەدات، خواش وەڵامی ئەو کەسەی دایەوە، کە چی پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات ئایا ئەو کەسە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات کە پێی گوتراوە؟

٢٧. زۆری خەڵکەکە هاواریان کرد، بەڵێ بێگومان ماستەر، دەبێ مایەی خۆشحاڵی بێت بۆ ئەو کە ئەو بۆ خەڵک کڵپەی ئاگری دۆزەخیش بچێژێت، دەبێ خوا داوای ئەوەت لێبکات؟

٢٨. ئەی ئەوە گرنگ نییە ئەو ئاگرانە چین و ئەو ئەرکەش چەند سەختە؟

٢٩. ئەوانیش گوتیان ئەوە شەرەفە هەڵبواسرێت، پیرۆزییە بە بزمار دابکوترێت بە دارێکدا و بسوتێندرێت، ئەگەر خوا وای ویستبێت.

٣٠. ماستەر بە خەڵکەکەی گوت: ئەی ئێوە چی دەکەن ئەگەر خوا خۆی روبەڕوو و راستەوخۆ قسەتان لەگەڵدا بکات و بڵێت: «وا من فەرمان دەکەم، کە ئێوە چەند لە ژیاندالا بن لە دونیادا ئاسوولادەبن» ئەوکاتە چی دەکەن؟

٣١. جەماوەرەکە بێدەنگ مانەوە، دەنگێکیان لێوە نەهات، ورتەیەک لە هەموو ئەو دۆڵەوە نەهات، کە تیایدا ڕووەو گردەکە وەستابوون.

٣٢. ماستەر بەرەو بێدەنگییەکە گوتی: لە ڕێگاماندا بەرەو ئاسوودەییمان، دەکرێ ئەوە بدۆزینەوە و فێر ببین، کە داخۆ بۆچی ئێمە ئەم ژیانەمان هەڵبژاردوە. کە ئەوەتان دۆزییەوە، ئەوە وەڵامی ئەوەیە، کە من بۆچی گەیشتووم بە ئەم رۆژە و بڕیاری ئەوەش دەدەم ئێستا بەجێتان بهێڵم، بۆئەوەی بەو شێوەیەی خۆتان پێتان خۆشە ملی ڕێگای خۆتان بگرن.

٣٣. ماستەر بەناو ئەواندا ملی ڕێگای خۆیی گرت و بەجێی هێشتن و گەڕایەوە ناو ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان و ماشینەکان.

## (دوو)

لـه دەمـەو لـه ناوەڕاسـتی هاویـنـدا بـوو، کـه دۆناڵـد شـایمۆدام بینـی. لـه مـاوەی چـوار ساڵی فڕیندا مـن هیـچ فڕۆکەوانێکـی تـرم لەنـاو کایـەی کارەکەمدا نەبینـی: بەفڕیـن لەگـەڵ بـادا شـار بەشـار بـه فڕۆکەیەکـی دووچیـن بـاڵ، گەیشـتم بـه کڕیارەکانـم دەکـرد. ده خولـەک فڕیـن بـه سـێ دۆلار، بـەڵام ڕۆژێکیـان هـەر هەندێـک لـه باکـووری فێریسـەوه لـه ئێلینۆیـز، لـه کابینـەی ئاژووتنـی فڕۆکەکەمـەوه سـەیری خـوارەوەم کـرد بینیـم یـەک فڕۆکـەی تراڤـڵ ئێـر٤٠٠٠ی کـۆن وەسـتابوو، ڕەنگـی ئاڵتوونـی و سـپی بـوو بـه دڵـی تـۆ لەنـاو پاکژێکـی ڕەنـگ لیمۆیـی و مرواریـدا لەنگـەری گرتبـوو.

ژیانـی مـن ژینێکـی ئـازادە، بـەڵام هەنـدێ جـار تەنهـا دەکـەوم. ئـەو فڕۆکەیـەم بینـی لـەوێ چەنـد چرکەیـەک بیـرم لێـی کـردەوە، بڕیـارم دا، کـه خـراپ نییـه بـۆی داببـەزم. گـوڕی فڕینەکـەم خـاو کـردەوە، باڵەکانیـم کـۆک کـرد و مـن و کەشـتییه ئاسـمانییەکەم کەوتینـه سـەرلا، پێـچ کردنـەوه بـەرەو زەوی، لـه فڕینـدا بـا ڕایەڵـت بـۆ دەکات. دەنگەکـه خـۆش و ئـارام دەبێتـەوه. گوڕەگوڕەکـەی مەکینـەی فڕۆکەکـه پانکەکـەی بـه دەوری خۆیـدا دەسـووڕێنێتەوه. چاویلکـه چاوپارێزەکەشـم خـۆی بـۆ بینینـی باشـترین نیشـتنەوه سـاز کـردووه. ڕیـزه پـەلکی گەنمەشـامی دارسـتانێکی گـەڵا سـەوزیان پێکهێنـاوه و وا لـه خـوارەوه لێمـان نزیـک دەبنـەوه. بریسـکانەوەی پەرژینێـک دەبینـم، بـەڵام هێنـدەی چـاو هەتـەر بـکات وادەزانـم ئـەوه پووشـی تازەبـڕاوی مەڵـۆ کـراوه. ئیسـتێک و خزانـی بەشـی پێشـەوەی باڵەکـەی ناهێڵـم، سـووڕێکی بچـووک و خۆشـی پێدەخـۆم بەسـەر زەویەکـەدا، پووشـەکه فلْچـه لـه تایـەکان دەدات. ئەمجا قرچەقرچـی کاوەخـۆی بەریەککەوتـن لەنێـوان زەوییەکـه و ژێرەوەی تایـەکان دەبیسـتم، خاوبوونـەوه خاوبوونـەوه و ئەمجـا بـه گرمەیەکـی گـەورەی دەنـگ و وزەی نەفـەر گوێزەرەوەکـەی مـن دەگەمـه تەنیشـت فڕۆکەکـەی تـر و ڕادەوەسـتم. گێڕەکـەم دەگەڕێنمـەوه دواوه و سـویچەکەش دەخەمـه سـەر کوژاندنـەوه و پانکەکـەم دەسـت

دەکات بە ترپەترپی خاوبوونەوە و بە یەکجاری لەناو بێدەنگییەکەی مانگی تەمووزدا کپ دەبێ.

فڕۆکەوانی تراڤلێئێیەرەکە لەناو پووشەکەدا دانیشتوە، پشتی ناوە بە تایەی چەپی فڕۆکەکەیەوە سەیری منی کرد.

نیو خولەک منیش سەیری ئەوم کرد، سەیری تەلیسمی ئارامییەکەیم کرد. من هەرگیز ناتوانم وەک ئەو بە ئارامی ئاوا دابنیشم و سەیر بکەم فڕۆکەیەکی تر بێت لە کێڵگەکەدا پێنج مەترێک لە تەنیشتی منەوە بنیشێتەوە. سەرێکم بۆ راوەشاند، خۆشم ویست بەبێ ئەوەی بزانم بۆ.

هەر لە دوورەوە پێمگوت: «تەنها دیار بوویت؟»

«تۆش هەروەها»

«مەبەستم ئەوە نییە بێزارت بکەم، ئەگەر هاتنی منی تەنهات بەلاوە زۆر بێت، ئەوا ملی رێگای خۆم دەگرم و دەڕۆم.»

«نەخێر، من چاوەڕوانی هاتنتم دەکرد.»

پێکەنیم: «کەواتە داوای لێبوردن دەکەم دواکەوتم.»

«قەیناکات.»

خوودە و چاویلکە چاوپارێزەکەمم لادا، بازم دایە دەرەوەی کابینەی ئاژووتنەکە، چوومە سەر زەوی. دیارە ئەم نیشتنەوەیە هەستێکی خۆشی تێدایە، کە لە پاش دوو سەعات فڕینەوە بێیتەوە سەرزەوی.

ئەو گوتی: هیوادارم خواردنی گۆشتی بەراز و پەنیرت پێ باش بێت.. بەراز و پەنیر و رەنگە مێرووش تێیدا بێت.

ئەمەو ئیتر نە تەوقەمان کرد و نە هیچ جۆرێک یەکتر ناسین.

هەواڵنامەی کتێب

ئـەو پیاوێکـی تێکسـمڕاو نەبـوو. قـژی هاتبـووە سەرشـانی. ڕەنگـی قـژی لـە لاسـتیکی ئـەو تایەیـە ڕەشـتر بـوو، کـە پاڵـی پێـوە دابـوو. چاوەکانـی وەک چـاوی هەڵـۆ تـۆخ بـوون، لـەو جـۆرەی کـە مـن حـەز دەکـەم هاوڕێکانـم هەیانبێـت، بـەڵام ئەگـەر نەیارانـم هەیانبێـت پێـی ئاسـوودە نیـم. هێنـدەی ئەزموونـی توندوتیژیشـی هەبـوو، بۆخـۆی توانیبـووی ببێـت بـە مامۆسـتای کاراتـێ.

لەفەکـە و پەرداخـە ئاوەکەیـم وەرگـرت و لێـم پرسـی: دەی بەهەرحـاڵ، تـۆ کێیـت؟ چەنـد سـاڵە ئاواتـی مـن فڕیـن بـووە بـە ئـارەزووم و هەرگیزیـش فڕۆکەیەکـی تـری ئـاوای بارنسـتۆرمەرم نەبینیـوە لـەدەرەوە لەنـاو کێڵگەکانـدا بێـت.

بەوپـەڕی ئاسـوودەییەوە گوتـی: مـن بـە کەڵکـی زۆر شـت نایـەم، تۆزێـک فیتـەری، لەحیمچێتـی، هەنـدێ بۆریسـازی و یاریـی پشـیلە چەمێنـە. بۆماوەیەکـی زۆر لـە شـوێنێکدا دەمێنمـەوە و ئەمجـا تووشـی گیروگرفـت دەبـم. لەبەرئـەوە فڕۆکـەم دروسـت کـرد بـۆ هەڵاتـن، ئەوەتـا ئێسـتاش مـاری بارنسـتۆرمینگ (نمایشـی یاریـی فڕۆکـە بـە فڕۆکـەی تایبـەت) دەکـەم.

چ جۆرە پشیلەیەک، ئەوە من لە منداڵیمدا وەختەبوو شێت ببم بۆ تراکتەری گاز؟

جۆری دی هەشت، دی نۆ، منیش ماوەیەکی کەم کردوومە لە ئۆهایۆ.

«دی نـۆ»کان هێنـدە گـەورەن هێنـدەی یـەک مـاڵ دەبـن، جووتێـک گێـڕی نزمیـان هەیـە، ئـەوە ڕاسـتە دەڵێـن دەتوانێـت یـەک شـاخ رابکێشـێت؟

بـە بزەیەکـەوە، کـە مـاوەی دە چرکەیەکـی خایانـد، گوتـی: ڕێـگای باشـتر هـەن بـۆ جووڵاندنـی شـاخەکان.

خولەکێک خۆمـم چەماندەوە بەسـەر باڵـی خـوارەوەی فڕۆکەکەیدا، چـاوم بڕیبـووە ئـەو. پرشـنگێکی وای دەدایـەوە، ئەسـتەم بـوو لـە نزیکـەوە سـەیری ئـەم پیـاوە بکەیـت. هـەروەک ئـەوەی ڕۆشـناییەک بـە دەوری سـەریەوە بێـت. پەرشـبوونەوەیەکی نـەرم بخاتەسـەر بەشـی پشـتەوەی سـەری و ڕەنگێکـی زیویـی تەلیسـماویی بڕژێتـە سـەری.

ئەو پرسی: هیچ شتێکی نائاسایی دەبینیت؟

«چ جۆرە گیروگرفتێکت هەیە؟»

«ئـای، شـتێکی وا نییـە، هـەر هێنـدە هەیـە، کـە منیـش وەک تـۆ ئـەم ڕۆژانـە حـەزم لـە جووڵانـە»

لەفەکەمـم بەدەسـتەوە بـوو سـووڕێک بـە دەوری فڕۆکەکەیـدا خولامـەوە، مۆدێلەکـەی ١٩٢٨ یـان ١٩٢٩ دەبـوو، زۆر پـاک بـوو. کۆمپانیـاکان ئێسـتا هێنـدەی ئـەوەی ئـەو فڕۆکـە بـە نوێـی دروسـت ناکـەن. ئەوەتـا ئەمـەی ئـەو لێـرە لـەم پاکژەییـەدا لەنگـەری گرتـووە. بـۆ هـەر باڵێکـی هـەر لایەکـی بـەلای کەمـەوە بیسـت چەپـەری بەدەسـت چنـراوی بـۆ کرابـوو. وێنەیـەک بـە ڕوونیـی ئاوێنـە بـە وردی لەسـەر باڵـە تەختەییەکانـی کێشـرابوو، نوسـرابوو دان. بەشـی بەرپێـی نـاو کابینـەی شـۆفێرەکە بـە پـەڕەی ڕەنـگ ئاڵتونیـی کۆنـی ئینگلیـزی داپۆشـرابوو. تۆمـاری نـاوی شـۆفێرەکە لەسـەر جانتایەکـی دەسـتی نوسـرابوو، (د. وو. شـایمۆدا). ئـەو کەرەسـتانەی لـە دەرەوەی سـندووقەکە دانرابـوون نـوێ بـوون. کەرەسـتەی ڕەسـەنی فڕۆکەوانـی سـاڵی ١٩٢٨. جڵـەوی ئاژووتنەکـە و داشـبۆردەکەی پشـتی، لـە داری بـەڕووی وارنیشـکراو بـوون. سکلێـتەر و شـتە تێکەڵەکانـی تـر لـەلای چەپـەوە دەبریسـکانەوە. ئـەو بریسـکانەوەیە ئێسـتا لـە هیـچ شـتێکی تـردا نابینرێـت، تەنانـەت لـە باشـترین عەنتیکەسـازیی دروستکراویشـدا نییـە. هیـچ ڕووشـانێک بـە هیـچ شـوێنێکیەوەنییە. دەسـتکاریی شـێوە بنەڕەتییەکـەی دروسـتکردنەکەی نەکـراوە. هیـچ داچۆڕانێکـی ڕۆن و سـووتەمەنی بـە مەکینەکەیـەوە نییـە. یـەک تەڵـە پـووش لەنـاو کابینـەی ئاژووتنەکەیـدا نەکەوتـووە. دەڵێـی ئـەم فڕۆکەیـە هەرگیـز هەڵنەسـاوە بـۆ فڕیـن، بەڵکـوو لەبـری ئـەوە بـە

تێپەڕبوونی نیو سەدە کات لە خاڵێکدا دانراوە و وردەوردە بەرجەستە کراوە. هەستم بە کزەی بایەکی سارد کرد، خزا بەسەرو ملمدا.

لەودیوی فڕۆکەکەوە لێم پرسی: ماوەی چەندە گەشتیاران هاتوچۆ پێدەکەیت؟

«نزیکەی مانگێکە، ئێستا دەبێت بە پێنج هەفتە»

درۆی دەکرد. پێنج هەفتەیە لەناو کێڵگەکان دام. گوێیش بەوە نادەم تۆ کێیت. خۆت چڵکن، فڕۆکەکەشت هەر ڕۆنە، کابینەی ئاژووتنەکەت پڕە لە کا. هەر مەپرسە، بەڵام ئەم فڕۆکەیەیان رۆن بە جامەکەی پێشەکەیەوە نییە. پەڵە و پووشێک لە لێواری پێشەوەی باڵەکانی و کلکەکەی نەنیشتووە. مێشوولەیەک بە پەروانەکەی پێشیەوە نەفلیقاوەتەوە. ئەمانە هیچیان بۆ فڕۆکەیەک ناگونجێن، کە لە هاوینی ئێلینۆیزدا گەشتی کردبێت. پێنج خولەکی تریش بەوردی لە فڕۆکە ترەڤڵ ئێیەرەکەی ئەوم ڕوانی. ئەمجا گەڕامەوە و لە پاکژەکەدا ڕووبەڕووی فڕۆکەوانەکە دانیشتم. هیچ ترسێکم لێی نەبوو، هێشتا هەر خۆشم دەویست، بەڵام هەڵەیەک لە ئارادابوو.

«بۆچی ڕاستیەکەیم پێ ناڵێیت؟»

«ڕاستیەکەیم پێگوتوویت ریچارد» ناوەکەی منی بەوە زانی، کە لەسەر فڕۆکەکەی خۆم نوسرابوو.

«زەلام نییە یەک مانگ گەشتیاران بە فڕۆکەیەکی ترەڤڵ ئێیەر بگوێزێتەوە، بەبێ ئەوەی پەڵەیەک ڕۆن، کورە هەندێک تۆز بکەوێتە سەر فڕۆکەکەی، هاوڕێ، رووشانێک، پووشێک، تۆ خودا پێم بڵێ»

بە کاوەخۆ بزەیەکی هات «هەندێک شت هەن تۆ نایانزانیت»

لەم چرکەساتەدا، کە وایگوت ئەو کەسێکی نامۆی ناو هەسارەیەکی تر بوو، من بڕوام بەو شتە کرد، کە گوتی بەڵام هیچ تێگەیشتنێکم بۆ ئەوە لەلا دروست نەدەبوو، کە ئەو فڕۆکە وەک خشڵ سەنگینەی لە دەرەوە و لە پاکژێکی هاوینەدا ڕاگرتووە.

«ئـەوە راسـتە، بـەڵام رۆژێـک دێـت منیـش هەمـوو ئـەو شـتانە بزانـم. ئـەودەم تـۆش دەتوانیـت فڕۆکەکـەی مـن ببەیـت بـۆ خـۆت، دۆناڵـد، چونکـە ئـەو شـتانەم زانـی، ئیتـر پێویسـتم بـە فڕۆکەکـە نامێنێـت بـۆ فڕیـن»

بە سۆزێکەوە سەیری کردم، برۆ رەشەکانیی بەرزکردەوە و گوتی:

«بەڕاست؟ کەواتە پێم بڵێ»

من خۆشحاڵ بووم، ئەوەتا کەسێک دەیەوێ لە تیۆرییەکەی من تێبگات!

«سـەردەمانێکی دوور و درێـژ خەڵـک توانـای فڕینیـان نەبـووە، مـن پێـم وانییـە، کـە ئەمە لەبەرئـەوە بووبێـت کـە وایـان نەزانیبێـت فڕیـن بـۆ مرۆڤیـش دەگونجێـت، بەڵکـوو لەبەرئـەوە بـووە، کـە ئـەوان یەکەمیـن پەیـڕەوی ئایرۆداینەمیکیـان نەزانیـوە. مـن لـەو بڕوایـە دام، کـە لـە شـوێنێک پرەنسـیپێکی تـر هەبێـت، کـە پوختەکـەی ئـەوە بێـت: ئێمـە پێویسـتمان بـە فڕۆکـە نەبێـت بـۆ فڕیـن، یـان پێویسـتمان بـە هیـچ نەبێـت بـۆ ڕۆیشـتن بەنـاو دیـواردا، یـان بـۆ گەیشـتن بـە هەسـارەکانی تـر. ئێمـە ئەگـەر بمانەوێـت، ئـەوا دەتوانێـت ئـەو ئەرکانـە ئەنجام بدەیـن، بەبـێ ئـەوەی پێویسـتمان بـە ئامێـر هەبێـت.»

نیوە بزەیەکی کرد، جدی بوو، یەک جار سەری بۆ راوەشاندم:

«ئەمجـا تـۆش لـەو بڕوایـە دایـت، کـە دەتوانیـت ئـەو شـتەی دەتەوێـت، لەڕێگـەی گواسـتنەوەی گەشـتیارەکانەوە بـۆ گەشـتی سـێ دۆلاری بـۆ دەرەوەی پاکـژەکان بەدیـی بهێنیـت»

«تاکـە فێربوونێـک کـە بەکەڵکـی مـن هاتـووە، ئـەوە بـوو کـە بـە شـێوازی خـۆم فێـری بـووم، هەرچییـەک ویسـتبێتم ئەنجامـی بـدەم، ئەنجامـم داوە. پێموانییـە کەسـێک هەبێـت فێـری کردبێتـم، ئەگـەر کەسـێک لەسـەر ئـەم زەوییـە هەبێـت، کـە بتوانێـت لـەو شـتانە زیاتـرم فێـر بـکات، کـە خـۆم دەمـەوێ بیانزانـم و فڕۆکەکـەم و ئاسـمان دەتوانـن فێـرم بکـەن، ئـەوا هـەر ئێسـتا هەڵدەسـتم دەچـم بـۆلای، پیـاو بێـت یـان ژن.»

هەولێرنامەی کتێب

چاوە تۆخەکانی سەیرێکیان کردم: «تۆ لەو بڕوایەدا نیت، کە ئەگەر بەڕاستی بتەوێت ئەو شتە فێر ببیت، ئەوا ڕێنوێن بۆ خۆت دەدۆزیتەوە؟»

«بەڵێ، من ڕێنوێنم هەیە، ئەوە ڕاستە. ئەوە نییە هەموو کەسێک ڕێنوێنی منە، بەڵام من هەمیشە وا هەستم کردووە، کە شتێک هەیە جۆرێکە کە لەسەرڕووی خۆمەوە چاوەدێریم دەکات.»

«ئەمجا تۆ پێت وایە، کە بەرەو مامۆستایەک دەبرێیت، ئەو مامۆستایەی کە هاوکاریت دەکات»

«ئەگەر ئەو مامۆستایە وادەرنەچێت، کە هەر خۆم بم، بەڵێ»

ئەو گوتی: «وادەزانم کەوتوویتە سەر ئەو ڕێگایەی دەتەوێت.»

........

پیکابێک بە ڕێگەدا هات و بەرەو خوارەوە لای دایەوە بەلای ئێمەدا، بەدوای خۆیدا تەمێکی ڕەنگ قاوەیی تۆزی بەرز کردەوە، کە گەشت بە پاکژەکە وەستا، دەرگاکەی کرایەوە، پیرەمێردێکی لێ هاتەدەرەوە لەگەڵ کچێکدا، کە تەمەنی لە دەوروبەری دە ساڵ دەبوو.

پیاوەکە گوتی: ئێوە بە پارە گەشت بە خەڵک دەکەن، وانییە؟

لەبەرئەوەی ئێمە لەناو کێڵگەکەی دۆنەڵد شایمۆدا بووین، من هیچم نەگوت.

شایمۆدا بەڕوویەکی گەشەوە گوتی: «بەڵێ گەورەم، وا هەست دەکەم حەزت لە گەشتێک بێت، ئەتەوێ ئەمڕۆ بێت؟»

«ئەگەر بڵێم بەڵێ، تۆ لەوێ هیچ گەمژەییەک ناکەیت، بەو ئاسمانەوە ناملەنگێنیت».

چاوەکانی کابرا دەبریسکانەوە، دەیەویست بزانێت داخۆ ئێمە ئەومان بە شێوەزارە لادێیەکەی ئاخاوتنەکەیدا ناسیوەتەوە یان نا.

«ئەوەی تۆ بتەوێت دەیکەین، ئەوەی نەتەوێت نایکەین»

«بەڵام هێندەی من بزانم بۆ گەشتێک تۆ داوای خوێنی ئاغایەک دەکەیت.»

«سێ دۆلار بۆ دە خولەک فڕین لە ئاسماندا، واتە سی و سێ و لەسەداسیی سەنتێک بۆ هەر خولەکێک، گەشتەکەش ئەو پارەیە دەهێنێت، زۆر کەس وام پێدەڵێن.»

بە دانیشتن لێرە و سەیرکردنی ئەو شێوازە خاوەی ئەم هاوڕێیە بازرگانییەکەی پێ بەڕێوە دەبات، هەستێکی ڕەوتەنییانەی نامۆم لەلا دروست بوو. ئەوەی ئەو گوتی بە دڵم بوو، بە نەرمی قسەی کرد، من وا ڕاهاتووم کە بە شێوازی خۆم مامەڵەی گەشتەکانم بکەم، من دەڵێم (بە مسۆگەری ئاسمان دە پلە لێرە ساردترە، خەڵکینە وەرن، بچین بۆ شوێنێک، کە تەنها باڵندە و فریشتەکان دەتوانن بۆی بفڕن، هەموو ئەو گەشتە بە تەنها سێ دۆلار، بە دوانزە چارەکە دۆلاری لە کیسە و گیرفانی ئێوەوە). ئەمەم گوتووە و لە یادم چووە، کە لەوانەیە شێوازێکی تریش هەبێت بۆ گوتن.

سڵەمینەوەیەک هەیە لە فڕین و ئەنجامدانی گەشتی کرێ. دیارە من پێی ڕاهاتووم، بەڵام هەر هەیە. من ئەگەر گەشتیاران نەگوێزمەوە نان ناخۆم، بەڵام کە ئێستا بۆ دابینبوونی ژەمێک خۆراک پێویستم بەوە نییە پارە پەیدا بکەم، پشوو دەدەم و سەیر دەکەم.

کچەکە وەستابوو و ئەویش سەیری دەکرد. قژی زەرد و چاوی قاوەیی و سیمایەکی ئاغر، ئەو بە بۆنەی باپیریەوە کاری کەوتبووە ئێرە. ئەو نەیدەویست بە فڕۆکە بفڕێت.

زۆرجار پێچەوانەی ئەمە هەڵدەکەوێت، کە منداڵی تامەزرۆ و کەسانی گەورەی پارێزکار دێن، مرۆڤ بە هەستەوەریی خۆی دەرک بەم شتانە دەکات، بۆیە منیش زانیم کە ئەگەر هەموو هاوینەکە لە چاوەڕوانیدا بوەستم، ئەم کچە لەگەڵماندا سەرناکەوێت.

پیاوەکە پرسی: کام بەڕێزتان دەمبەن؟

شـايمۆدا پەرداخێـک ئـاوی بـۆ خـۆی تێکـرد و «ریچـارد دەتبـات، مـن ئێسـتا کاتـی نانخواردنمـە، ئەگـەر بشـتەوێت چاوەڕێـی مـن بکەیـت ئەوەیـان جیایـە.»

«نەخێـر گـەورەم، مـن بـۆ ئێسـتا ئامـادەم کـە بـڕۆم، دەتوانیـت بەسـەر کێڵگەکـەی خۆمـدا بمبەیـت؟»

منیـش گوتـم: «بـە دڵنیاییـەوە، هـەر پێـم بڵـێ کوێـت دەوێـت و تـەواو». کیسـە خـەو و جانتـای کەرەسـتەکان و قـۆڕی و کەرەسـتەی چاکـەم لـە کابینـەی فڕۆکەکـە لادا و یارمەتیـی کابـرام دا، کـە بچێتـە سـەر کورسـیی گەشـتیارەکە دابنیشـێت، قایشـەکەیم بـۆ بەسـت، ئەمجـا چومـەوە شـوێنی ئاژووتنەکـە و قایشـی سـەلامەتیی خۆشـمم بەسـتەوە.

«دان پاڵێکم پێوە دەنێیت؟»

«بەڵـێ « هـەر پەرداخـی ئاوەکـەی بەدەسـتەوە بـوو، هـات و لـەلای پەروانەکـەوە وەسـتا و گوتـی : «چیـت دەوێ؟»

گەرمـی و برێکەکـەی بـە خـاوی رادەکێشـرێت، لەبەرئـەوە ئەگـەر پاڵێکـی پێـوە بنێیـت راسـتەوخۆ لـە دەسـتی تـۆوە وەریدەگرێـت.

هەمیشـە وایـە، کـە کەسـانێکی تـر پەروانەکـەت بـۆ دەسـووڕێنن، دەیگـرن و زۆر بـە خێرایـی رایدەکێشـن، بـەڵام لەبـەر چەنـد هۆیەکـی ئاڵـۆز مەکینەکـەی ناکەوێتـە کارکـردن، بـەڵام ئـەم پیـاوە زۆر بـە کاوەخـۆ سـوڕاندییەوە، وەک ئـەوەی کـە ئـەوە کاری هەمیشـەیی خـۆی بێـت. پاڵەکـەی ئـەو سـپرینگی کـرد، پرپشـکی گەیانـدە مەکینەکـە و پیـرە مەکینـە سـووک و ئاسـان کەوتـە بـزوان. ئەویـش گەڕایـەوە بـۆلای فڕۆکەکـەی خـۆی، دانیشـت و لەگـەڵ کچەکـەدا کەوتـە قسـەکردن.

بە گرمەیەکی گەورەو بە وزەی زۆری مەکینەکەیەوە، فرۆکەکە وەک پەڕێک کەوتە سەربا. هەڵکشا سەد پێ بەرز بۆوە (ئەگەر ئێستا مەکینەکەمان بوەستێت راستەوخۆ دەکەوینە ناو کێڵگەی گەنمەشامییەوە) پێنج سەد پێ بەرز بووینەوە، (ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە دەچینە پاکژەکەوە، ئەوەتا کێڵگەی گاگەل لەوەڕاندنەکە لەلای رۆژئاواوەیە)، هەشت سەد پێ و ئیتر لەنگەرمان گرتووە و دەکەوینە شوێن ئاراستەی پەنجەی کابرا، کە دەستی بەرز کردۆتەوە بەناو بادا و ئاماژە بە باشووری رۆژئاوا دەدات.

ماوەی سێ خولەکە بە ئاسمانەوەین و سوڕاوینەتەوە بە دەوری ماڵی ناو کێڵگەکان و چەپەر و تەویلەکان و رەنگی بریسکەداری خەڵوزدانەکان و لە دەوری ماڵە سپییە مرواری ئاساکانی دەریای سەوزیی نەعنادا. ئەوە باخچەیەکە لە پشتەوە شتی خواردنی تێدا چێنراوە، گەنمەشامیی شیرین و کالەرم و تەماتەی هەڵکشاوی تێدایە.

کابرا، لە کابینەکەی پێشەوە دانیشتبوو کە بە دەوری ماڵی ناو کێڵگەکەدا سووڕاینەوە، لە ئاسمانەوە و لە نێوانی دوو باڵەکەی لایەکیان و رایەڵەکانی نێوانیانەوە سەیرێکی خوارەوەی کرد.

لە خوارەوە ژنێک لە بەربەڕۆچکەیەکەوە دەرکەوت دەستماڵێکی سپیی دابوو بەسەر عەزییەکی شیندا، دەستی بۆ رادەوەشاندین، کابراش دەستی بۆ راوەشاندەوە. دیارە دوایی بۆ یەکتریی باس دەکەن، کە لەو ئاسمانەوە بۆ خوارەوە بە باشی یەکترییان بینیوە.

دواجار کابرا لایەکی کردەوە بەلای مندا و بەسەر راوەشاندنێک تێیگەیاندم، کە ئیتر بەسە، سوپاس، ئێستا ئیتر دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ خوارەوە.

بۆئەوەی خەڵک بزانن، کە ئەوە فرۆکەیەک بە ئاسمانەوە دەسووڕێتەوە، جارێک بە دەوری فێریسدا خولامەوە. بەرەو خوارەوە و بە ئاراستەی پاکژەکە نەوی بوومەوە

بۆئـەوەی تێیـان بگەینـم، کـە ئـەو فڕینـە لـە کـوێ روو دەدات. کـە ئیتـر خزامـە خـوارەوە بـەرەو سـەرزەوی، کەنـاری کێڵگـەی گەنمەشـامییەکەم گـرت، گەشـتە ئاسـمانیەکەمان کۆتایی هـات و بـەرەو ئـەو کێڵگەیـە چوویـن کـە تۆزێـک پێـش ئێسـتا لێیـەوە هەسـتاین.

جارێکیـان لەگـەڵ تیمێکـی پێنـج فڕۆکەیـی سـێرکێکدا فڕینێکمـان هەبـوو، لەوەشـدا سـەرقاڵ ببوویـن فڕۆکەیـەک بـە گەشـتیارەکانیەوە هەڵدەسـتایەوە و دانەیەکـی تریـان دادەبەزییـەوە. بـە خشـاندنێکی کـەم خۆمانمـان دەدایـەوە لـە زەوی و دیسـانەوە دەفڕینـەوە بـۆ قووڵایـی ئاسـمان.

مەکینـەی فڕۆکەکـە کوژایـەوە، کابـرا پشـتوێنی سـەلامەتییەکەیی ترازاند، منیـش یارمەتیم دا بۆئـەوەی بچێتـە دەرەوە. لـە بەدلەکـەی بەریـەوە جزدانێکـی دەرهێنـا دۆلارەکانـی بـۆ ژمـاردەم و سەریشـی بـۆ راوەشـاندم:

«گەشتێکی خۆش بوو، کوڕم»

«ئێمەش پێمانوایە خۆشە، ئەو بەرهەمەی ئێمە دەیفرۆشین خاوێنە»

«ئەوە برادەرەکەتە، کە دەیفرۆشێت»

«مەبەستت چیە؟»

«دەڵێـم ئـەو هاوڕێیـەت دەتوانێت خۆڵەمێشـی بێکەڵـک بـە شـەیتان بفرۆشـێت، گـرەوی لەسـەر دەکـەم، کـە دەتوانێـت، وانییـە؟»

«چۆن دەکرێ تۆ وا بڵێیت؟»

«بـۆ کچەکـەش، یـەک گەشـتی ئاسـمانی بـە فڕۆکـە بـۆ کوڕەزاکەشـم، بـۆ سـارا». کـە وایگـوت سـەیرێکی ترەڤـڵ ئێیەرەکـەی کـرد، کـە وەک پەڵەیەکـی زیوینـی دوورە دەسـت لـە دەوری خانـووی نـاو کێڵگەکـە دەسـووڕایەوە. وەک پیاوێکـی ئـارام قسـەی دەکـرد و سـەیری ئـەو چڵـە وشـکانەی دەکـرد، کـە لـەو کاتـەدا گـوڵ و سـێوی پێگەیویـان لـێ بـەر دەبـۆوە.

«لەوکاتـەوەی لەدایک بـووە، ئـەم کچـە لـە شـوێنە بـەرزەکان دەترسـێت، زیـڕەی کـردووە لێیـان. ئــەم ســارایە ناچێتــە ســەر دار بۆئــەوەی زەردەواڵــە نەوروژێنێــت. بــە پەیــژە و پلیکانـەدا سـەرناکەوێت. ئەگـەر لافـاو بـگات بـە حەوشـەکە ئـەو لێـرە دوور ناکەوێتـەوە. ئـەم کچـە لەبـارەی مەکینەکانیشـەوە هـەر سـەیرە، بـەڵام لەگـەڵ گیانلەبەرانـدا زۆر خـراپ نییـە، بـەڵام زۆر پارێـز لـە بـەرزی دەکات، بـۆی بـاش نییـە. ئەمجـا وەرە ئەمـە سـەربکەوێت بـۆ ئـەو ئاسـمانە.»

کابـرا باسـی ئـەم گەشـتەی خـۆی و چەنـد گەشـتێکی تـری تایبەتـی کـرد، کـە چەنـد سـاڵێک پێـش ئێسـتا ئـەم جـۆرە فڕۆکەیـە تیایانـدا بـەکار هێنـراوە بـۆ گەشـتکردن لـە گالسـبرە و مۆنماوسـەوە. ئـەو فڕۆکانـەش هـەر دوو باڵـی وەک ئەمانـەی ئێمەیـان هەبـووە، بـەڵام کاری سەرسـوورهێنەرانە و شـێتانەیان پێکـراوە.

کـە مـن سـەیرم کـرد، ترەقـڵ ئێیەرەدوورەکـە گەورەتـر هاتەپێشـچاوم. بەسـەر کێڵگەکـەدا شـۆڕبۆوە بـەرەو خـوارەوە. ئـەو بـە شـێوەیەکی تیژتـر لـە مـن کەنـاری کێڵگەکـەی گـرت، ئـەو بـەو کچـەوە دەفـڕی، کـە لـە بەرزاییـەکان دەترسـا، جێگـەی خۆیـی کـردەوە لەنـاو پەرژیـن و گەنمەشـامییەکەدا و لـە سـێ خاڵـی جیاجیـادا بـە مەبەسـتەوە خۆیـی لـە زەوی خشـاند. دەبـێ ئـەم «دۆناڵـد شـایمۆدا»یە ئەزموونێکـی درێـژ و باشـی فڕینـی هەبێـت وا توانـی بـەم شـێوەیە فڕۆکەکـەی بنیشـێنێتەوە.

فڕۆکەکـەی بـە خشـکەیەکی نـەرم هـات و لـە خاڵێکـی تەنیشـتی ئێمـەوە راوەسـتا، بـۆ ئـەو وەسـتانەش هیـچ پێویسـتی بـە وزەیەکـی زیاتـر نەبـوو خەرجـی بـکات، پەروانەکەشـی بـە نەرمـی خـاو کـردەوە تـا بـە تـەواوی راوەسـتا. لـە نزیکـەوە سـەیرێکم کـرد، یـەک دانـە مێشـوولە بـە پەروانەکەیـەوە نەنوسـابوو، ئـەو پەروانـە کـە دەڵێـی گوێزانـە و هەشـت پـێ درێـژە، یـەک دانـە مێشوولەشـی نەکوشـتبوو.

گورپم دایە خۆم یارمەتییەک پێشکەش بکەم، پشتوێنی سەلامەتیی کچەکەم ترازاند، دەرگا بچووکەکەی پێشەوەی کابینەکەشم کردەوە، ئەوەشم پیشان دا، کە قاچی لە کوێدا دابنێت، بۆئەوەی پێی نەکەوێتە ناو ڕایەڵەکانی باڵەکەوە.

من گوتم: «بەدڵت بوو؟»

ئەو نەیبیست، کە من قسەم کردووە.

«باپیرە من ناترسم، بەڕاستی نەترسام. ماڵەکەمان لە ئاسمانەوە وەک یارییەکی بچووک دیار بوو، دایکیشیم دەستی بۆ ڕاوەشاندم، دانیش گوتی کە من جارێک مردووم و ئیتر ئەو ترسەم شکاوە، بۆیە ئیتر پێویست ناکات بترسم، بۆیە باپیرە من دەبم بە فڕۆکەوان. بۆیە حەزم لەوەیە، کە فڕۆکەیەکم هەبێت هیی خۆم بێت و بفڕم بۆ هەموو لایەک، خەڵکیش بگوێزمەوە، بڵێیت ئەمە بە من بکرێت؟»

شایمۆدا، بزەیەکی بۆ کابرا کرد و شانیشی بۆ هەڵتەکاند.

کابرا لە کچەکەی پرسی: «ئەو پێیگوتیت، کە دەبیت بە فڕۆکەوان، وایە سارا؟»

«نا، بەڵام من دەبم. تۆ دەزانیت من خۆم لەگەڵ مەکینە و شتی وادا باشم»

«باشە، ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، کە گەیشتینەوە ئەوە لەگەڵ دایکتدا باس بکە.»

هەردووکیان سوپاسی ئێمەیان کرد و ڕۆیشتن. بەیەکەوە ڕایان کرد بەرەو پیکابەکەیان و ئەو گەشتەی ئاسمان و سەرەوەی کێڵگەکان گۆڕانی تیادا دروست کردبوون.

دوو ئۆتۆمبێلی تر هاتن. ئەمجا دانەیەکی تریش هات. بۆیە ئێمەش ئەو نیوەڕۆیە بەو خەڵکانەوە سەرقاڵ بووین، کە دەیانەویست لە ئاسمانەوە فێریس ببینن. دوازدە یان سێزدە گەشتمان هەبوون. هەر خێرا خێرا داماندەبەزاندن بۆ سەرخستنەوەی تر. لەبەرئەوە پاش ئەوانە من بە خێرایی بەرەو وێستگەی بەنزینخانەی شارەکە چووم

بۆئـەوەی سـووتەمەنیی فڕۆکـەکان بهێنـم. ئەمجـا چەنـد گەشـتیارێکی تـر هاتـن، چەنـد گەشـتێکی تـر کـرا و ئێـوارەش داهـات. هەردووکمـان پێکـەوە شانبەشـانی یەکتـر چەنـد گەشـتێکی بەرچاومـان ئەنجـام دا.

ئاماژەیـەک لـە شـوێنێکەوە گوتـی ژمـارەی خەڵکـەکان دووسـەدە. کـە تاریـک داهـات مـن وامدەزانـی کـە ئێمـە هاتوچۆمـان بـە هەموویـان کـردووە، هەندێـک خەڵکـی دەرەوەی شارەکەشـیان تێـدا بـووە.

لـە سـەرقاڵیی فڕیـن و گەشـتەکاندا ئـەوەم لەیـاد نەبـوو، پرسـیاری لـێ بکـەم، کـە داخـۆ دان چـی بـە سـارا گوتـووە. بپرسـم کـە ئایـا ئـەو باسـی مردنـەی چیرۆکێـک بـووە بـۆی هەڵبەسـتووە یـان راسـت بـووە، چونکـە هـەر کـە سـەیری فڕۆکەکەیـم دەکـرد، هـەر گەشـتیارەکان لـە کورسـییەکانی دادەنیشـتن و هەڵدەسـتانەوە، بـەڵام هیـچ پەڵەیـەک، نیشـانەیەک، دڵۆپێـک چـەوری بـە هیـچ شـوێنێکیەوە نەبـوو. بەدڵنیاییـەوە ئـەو وا فڕیبـوو کـە خـۆی لـە هەمـوو ئـەو مێشـانە لابـدات، کـە دەبـوو زووزوو جامەکـەی پێشـەوەمیان لـێ پـاک بکەمـەوە.

ئەودەمـەی وازمـان هێنـا، هـەر تۆزێـک رۆشـنایی بـە ئاسـمانەوە مابـوو. هەندێـک گەنمەشـامیی وشـکم کـردە نـاو مەنجەڵێکـی بچووکـەوە و لەسـەر هەندێـک خەڵـووز مەنجەڵەکـەم دانـا و ئاگرێکـم پێوەنـان. بەتـەواوی تاریـک داهـات. رۆشـنایی ئاگرەکـە چەنـد رەنگێکـی جیـاوازی دەخسـتە سـەر فڕۆکەکانمـان کـە لـەو نزیکانـە رامانوەسـتاندبوون. رەنگـی پوشـە زەردەکەشـی دەخسـتە سـەر خۆشـمان.

سـەرێکم کێشـا بـەرەو قوتـووی سـەوزەکەش، گوتـم «ئەمـەش شـۆربایەک، شـلەیەک، سـپاگیتییەک شـتێکی وای هـەر تێدایـە، لەوانەیـە ئەنەنـاس یـان قۆخـی تێدابێـت. هەندێـک قۆخـی گەرمکـراو دەخۆیـت؟»

ئەویش بە کورتی گوتی:»جیاوازیی نییە. بخۆین، نەخۆین»

«کابرا، تۆ برسیت نییە؟ ئەمرۆ کارمان زۆر کرد»

«تۆ شتێکی وا باشت پێ نەداوم، کە بۆی برسی ببم، مەگەر شۆربایەکی باش»

قوتــووی شــۆرباکەم بــەو چەقۆیــەم هەڵپچڕی، کــە هــی فەرمانبەرانــی هێــزی ئاســمانیی سویسـری بـوو. قوتوویەکـی تـری سپاگیتیشـم هـەر بە ئـەو شـێوەیە هەڵپچڕی و هەردووکیانم خسـتە سـەر ئاگـر.

گیرفانەکانـم بـە پـارە ئاخندرابـوون، ئەمـەش بـۆ مـن بـە کاتێکـی خۆشـی ڕۆژەکـە هەژمـار دەکـرا. پارەکانمـم دەرهێنـا و دەسـتم کـرد بـە ژماردنیـان. ئەرکـی ئـەوەم نەگرتـە ئەسـتۆی خـۆم ڕێکیـان بخەمـەوە، پارەکـەم گەشـت بـە ١٤٧$ کەوتمـە ژمێرەکردنێـک لـە مێشـکی خۆمـدا، ژمێرەیـەک، کـە ئاسـان نەبـوو.

«باشــە ئــەوە.. ئەوە..بــا ســەیر بکەیــن... چــوار، دوو بــە دەســتەوە..چل و نــۆ فڕیــن بـۆ ئەمـڕۆ... سـەد دۆلاری لـێ دەربکـە بـۆ ڕۆژەکـە.. دان .. ئـەوە تەنهـا حسـابی خـۆم و فڕینەکانـە.. تـۆ دەبـێ بـە ئاسـانی دوو سـەدت پەیدا کردبێـت، چونکـە تـۆ زۆربـەی جارەکان لەبـری یـەک گەشـتیار دوانـت دەبـرد.»

ئەویش گوتی: «بە زۆری بەڵێ»

ئەو گوتی:» ئەوە بەدوای مامۆستاییەوەیت؟»

منیـش گوتـم: «نـا، بـۆ مامۆسـتایی ناگەڕێـم، پـارە دەژمێـرم، بـەم پارەیـە یـەک هەفتـە بـەڕێ دەکـەم. دەتوانـم یـەک هەفتـەی سـەخت بـەم پارەیـەوە بچمـە بـەر بـاران، بەرگـە دەگـرم!»

سـەیرێکی منـی کـرد، پێکەنـی و گوتـی: «کـەی لـە مەلەکردنـی نـاو پارەکانـت تـەواو بوویـت، دەتوانیـت ئـەو شـۆربایە بدەیتـە دەسـتم؟

## (سێ)

ئاپۆرا و جەماوەر و هروژمی خەڵک شەپۆلیان دەدا و هەموو لە دەوری یەک پیاو کۆ ببوونەوە، کە لە ناوەڕاستی هەموویاندا وەستابوو. پاشان ئەو خەڵکە بوون بە زەریایەکی ئاو، کە دەیتوانی پیاوەکەی ناوەڕاستیان نوقم بکات، بەڵام لەبری نوقم کردن پیاوەکە کەوتە سەرەوە و بەسەر زەریاکەدا بە فیکە لێدان ڕۆیشت و لەچاو ون بوو. زەریای ئاوەکە گۆڕا و بوو بە زەریایەکی گیا. یەک فڕۆکەی جۆری ترەڤڵ ئێیەری٤٠٠ی ڕەنگ سپی و ئاڵتوونی هاتە خوارەوە بۆ سەر گیاکە بۆ نیشتنەوە. فڕۆکەوانەکەی لە کابینەکەی هاتە دەرەوە، ئاماژەیەک لەسەر جلەکانی نوسرابوو: فڕین بە ٣ دۆلار، بفڕە.

کە لەو خەونەم بێدار بوومەوە کاتژمێر سێی بەیانی بوو. هەموو خەونەکەم لەیاد بوو، لەبەر هۆکارێکیش دڵخۆش بووم بەو خەونە. کە چاوم کردەوە، سەیرم کرد ئەو فڕۆکە ترەڤڵ ئێیەرە گەورەیە لە تەنیشتی ئەوەی منەوە وەستاوە. شایمۆداش لەسەر چرپاکەی خۆی دانیشتبوو، هەروەک ئەو دانیشتنەی، کە یەکەم جار بینیم دانیشتبوو، پاڵی دابۆوە بە تایەی لای چەپی فڕۆکەکەی خۆیەوە.خۆیم نەبینی بە شکۆکەیەوە دانیشتبێت، بەڵام دەمزانی، کە ئەو ئێستا لەوێیە.

بە ئارامی لەناو تاریکییەکەوە گوتی: «سڵاو ریچارد، ئەوەی دەیبینیت تێتدەگەیەنێت، کە چی لە ئارادایە؟»

من هێشتا هەر بیرم لەوە دەکردەوە، کە بینیم و بیرم بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو بێداربوونەکەی خۆی تووشی حەپەسانم بکات، بە گڵماندنەوە گوتم: «چی تێم بگەیەنێت؟»

بە کاوەخۆیی گوتی «خەونەکەت. ئەو کابرایە و گوورپدەمیەکە و فرۆکەکە»، «تۆهەر فزوولی بویت بەرانبەر بە من، ئەوەتا ئێستا شتەکانت زانی، باشە؟»

چیرۆکی نوێ هاتەئاراوە: دۆنالد شایمۆدا ئەو کابرایەیە، کە خەڵک ناویان لێنا مەسیحە فیتەرەکە.. وێنە رەمزییەکەی ئەمریکا، هەر ئەو بوو، کە رۆژێک لە رۆژان لە پێش چاوی بیست و پێنج هەزار کەس ون بوو.

خۆشم ئەوەم لەیادە، کاتی خۆی هەواڵەکەیم لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەی ئۆهایۆنیوز خوێندبۆوە.

«دۆنەڵد شایمۆدا؟»

ئەو گوتی: «بەڵێ لە خزمەت تدام، کەواتە ئیتر بۆ تۆ پێویست نییە منت لەلا ببێت بە تەلیسم. برۆ بنوو»

پێش ئەوەی خەو بمباتەوە، ماوەیەکی زۆر بیرم لەوە کردەوە.

................

«من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم، کە تۆ رێگە پێدراو بیت کارێکی گەورەی لە وێنەی ئەوەت پێ بسپێردرێت. تۆ ئەو کەسە گریمانکراوەیت، کە جیهان بپارێزیت، وانییە؟ ئەو نیت؟» هەرگیز بیرم بۆئەوە نەدەچوو، کە مەسیحیش ئاوا پشتوێنی لێ بکاتەوە و وازبهێنێت. چووم لەسەر بەشی پێشەوەی فرۆکەکەم دانیشتم و بیرم لەم هاوڕێ نامۆیەم دەکردەوە، گوتم: «تکایە، دان، ئیسپانەیەکی شانزە بە نۆم تێبگرە.»

ئەویش دەستێکی بەناو قوتووی کەرەستەکاندا گێڕا و ئیسپانەکەی تێگرتم، تێگرتنێکی هەروەک ئەو شتانەی تری، کە ئەم بەیانییە کردبوونی. کە ئیسپانەکەی هاویشت، خاو بۆوە، یەک پێی مابوو بگات بە من وەستا، کێشی نەمابوو، کەوتبووە سەر با، لەسەر خۆ لە هەواکەدا دەسوورایەوە. کە من گرتمەوە، لەناو دەستمدا قوورس بوو. ئیسپانەیەک لەوەی، کە کرۆمی ڤەنادیۆمە و رۆژانە بەکاری دەهێنین. نا رۆژانەی

تەواویش نا، چونکە زۆر جار حەوت بە هەشتە هەرزانەکانیان لەناو دەستمدا شکاوە، لەبەرئەوە چووم باشترین جۆریانم پەیدا کردووە، کە دەستی مرۆڤ بکەوێت. ئەمەیان لە جۆری سناپ ئۆن بوو، کە هەموو فیتەرێک دەزانێت، کە هەموو رۆژێک دەست ناکەوێت. لەوانەشە لە زێڕ دروست کرابێت. بەپێی نرخەکەیدا وادەڵێم، بەڵام لەناو دەستتدا وەک یاری وایە و گرنگ نییە چەند بەکاری دەهێنیت، ئەو هەرگیز ناشکێت.

بۆ خۆشی خۆی دەرنەفیسێکی جۆری فیلیپسی دەرهێنا و گوتی: «بەدڵنیاییەوە دەتوانیت واز بهێنیت، واز لە هەر شتێک بهێنیت، کە خۆت مەبەستت بێت، ئەگەر بیری خۆت لەبارەیەوە بگۆڕیت دەتوانیت وازی لێبهێنیت. ئەگەر مەبەستت بێت، تۆ دەتوانیت واز لە هەناسەدان بهێنیت»، «لەبەرئەوە من وازم لەوە هێناوە کە مەسیح بم، ئەگەر من وا بێمە بەرچاو، کە هەڵپەم کەمە، ئەوە لەوانەیە لەبەرئەوە بێت، کە هێشتا هەڵپەم کەمە. ئەمەیان لەوە باشترە، کە ئیشێک بگریتە ئەستۆ و رقیشت لێی بێت. مەسیحێک باش بێت رقی لە هیچ نییە، ئازادیشە لەوەی کە خۆی بیەوێت بە کام رێگەیەدا بڕوات. باشە، ئەمە بۆ هەموو رۆژگارێک هەر راستە. خۆ ئێمە هەر هەموومان کوڕ و منداڵی خواین، ئایدیای عەقڵەکەی ئەوین، تۆش بۆ خۆت چی بەمانە دەڵێیت بیڵێ.»

برغووەکانی سلیندەرەکەی ژێرەوەم توند کردەوە، کە دەکەوتنە سەر مەکینەکە. ئەمە بزوێنەرێکی باشە، جۆری بی پێنجی کۆنە، بەڵام هەر نزیکەی سەد سەعاتێک بەم فرۆکەیە بفڕیت ئەم برغوانە دەیانەوێت خۆیان ون بکەن. حەزیان لەوەیە بە بازێک خۆیان هەڵ بدەن. لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە، کە ئیسپانەکە دەخەمە ملیان دڵخۆش دەبم بەوەی کە سەلیقەی ئەوەم هەیە هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی بفڕم و گەشتیارەکانم هەڵبگرم، سەیریان بکەمەوە.

«باشە، بەڵێ، دان، پێدەچێت مەسیح بوون لە کارەکانی تر جیاواز بێت، تۆ دەزانیت وایە؟ یەسووع لەپێناوی ژیاندا چەکوش لە بزمار دەدات. رەنگە ئەمە وەک شتێکی نائاسایی شاز بێتە بەرچاو.»

ئـەو، خاڵەکـەی لەپێـش چـاو گـرت و هەوڵـی دا روانینـی منیـش بزانێت.»مـن ئـەو روانینـەی تـۆم نییـە. شـتی نامـۆ دەربـارەی ئـەو، ئەوەیـە، کـە یەکـەم جـار پێیانگـوت دەربازکـەر، ئـەو وازی نەهێنـا، بەڵکـوو لەبـری بەجێهێشـتنیان لـەو شـوێنە خراپـەی ئـەو هەڵوێسـتەدا، هەوڵـی لۆجیکییانـەی دا، گوتـی: باشـە مـن کوڕەکـەی خواوەنـدم، بـەڵام خـۆ ئێـوەش هەمووتـان هـەروان، مـن دەربازکـەرم، بـەڵام ئێـوەش هەمووتـان هـەروان، ئەوکارانـەی مـن دەیانکـەم بـە ئێـوەش دەکرێـن، هـەر مرۆڤێـک بـە عەقڵـی تەندروسـتی خـۆی لەمـە تێـدەگات.»

سـەرەوە شـوێنی دانیشـتنەکەم لەسـەر پێشـەوەی فرۆکەکـە گـەرم بـوو، بـەڵام مـن هەسـتم بـەوە نەدەکـرد، کـە کار دەکـەم. چەنـد زیاتـر هەوڵـم دابـا کارێکـی تـر بکـەم، کەمتـر بـەوەم دەزانـی کـە کار دەکـەم. خۆپەسـەندانە هەسـتم کـرد خەریکـە سـلندەرەکانم دەکەمـەوە و ئەوانیـش بـەر دەبنـەوە.

ئەو گوتی: «ئیسپانەیەکی ترت دەوێت.»

«ئیسـپانەی تـرم ناوێـت. لـەڕووی رۆخییـەوە هێنـدە بەرەوپێـش چـووم، کـە ئـەم فێڵانـەی تـۆ زیاتـر بـە گەمـەی نـاو ئاهەنگـەکان تێدەگـەم، شـایمۆدا، بـە گەشـەی رۆخێکیـان تێدەگـەم، کـە میانڕەوانـە گەشـەی کـردووە، لەوانەشـە سـەرەتای هایپنۆتیسـتییەک بێـت»

«هایپنۆتیسـت! کـوڕە، ئایـا تـۆ هەرگیزگـەرم داهاتوویـت؟ هایپنۆتیسـیت بیـت لـەوە باشـترە مەسـیح بیـت، چەنـد کارێکـی ناخۆشـە، ئـەوە بۆچـی مـن نەمزانیـوە، کـە ئـاوا کارێکـی بێزارکـەر دەبێـت؟»

منیش حەکیمانە پێمگوت: زانیوتە ئەویش پێکەنی.

«باشـە، دان، لەپـاش ئـەو هەمـوو ئەزموونـە، تـۆ هەرگیـز لـەو بڕوایـەدا بوویـت، کـە

ئاسـان نییـە واز بهێنیـت، لەبەرئـەوە نەتوانیـت بێیتـەوە سـەر ژیانـی کەسـێکی ئاسـایی؟»

ئـەو بـەم پرسـیارەیان پێنەکەنـی، پەنجەکانـی دەسـتی بەنـاو قـژە ڕەشـەکەیدا هێنـا و گوتـی «بەدڵنیاییـەوە تـۆ ڕاسـت دەکەیـت، لـە هـەر شـوێنێکدا تۆزێـک زۆر مابێتمـەوە، بـۆ زیاتـر لـە ڕۆژێـک یـان دوو ڕۆژ، خەڵـک شـتێکی نامـۆ لەبـارەی منـەوە فێـر بـوون. ئەگـەر دەسـت لـە دەستکێشـەکانم بخشـێنن، لـە نەخۆشـیی شـێرپەنجەی درێژخایـەن ڕزگاریـان دەبێـت، بـەڵام پێـش کۆتاییهاتنـی هەفتـە مـن جارێکـی تـر دەگەڕێمـەوە نـاو خەڵـک. ئـەم فڕۆکەیـە دەمهێنێـت و دەمبـات، بۆیـە کـەس نییـە بزانێـت مـن لـە کوێـوە هاتـووم و بـۆ کـوێ دەچـم. ئەمـەش زۆر بـە باشـی بـۆ مـن گونجـاوە. «

«دیارە دان تۆ دەتەوێ کاتێکی لەوە سەختترت هەبێت، کە خۆت دەیزانیت.»

«ئای؟»

«بەڵـێ. هەمـوو جووڵەکانـی ئـەم سـەردەمەمان لـە مـادەوە بـەرەو ڕۆخـن.. لەبەرئـەوە خـاون، بـەڵام هێشـتا هـەر جووڵـەی مەزنـن. لەبەرئـەوە مـن پێموانییـە جیهـان وازت لێبهێنێت بۆئـەوەی بـە تەنهـا بیـت».

«ئـەوان خۆمیـان ناوێـت، پەرجووەکانیـان دەوێـت. منیـش دەتوانـم کەسـێکی تـر فێـری ئـەو پەرجوانـە بکـەم و وای لێبکـەم ئـەو ببێـت بـە مەسـیح. پێشـی ناڵێـم، کـە ئـەوە ئیشـێکی بێزارکـەرە. پاشـان لەگـەڵ ئەوەشـدا، هیـچ گرفتێـک نییـە، کـە هێنـدە گـەورە بێـت نەتوانیـت لێـی دەربـاز ببیـت»

لەسـەر فڕۆکەکـە هاتمـە خـوارەوە بـۆ سـەر پاکژەکـە و دەسـتم کـرد بـە توندکردنـەوەی برغووەکانـی سـلیندەرەکانی سـێیەم و چـوارەم. هەموویـان ون نەبـوون، بـەڵام هەندێکیشـیان ون ببـوون. وابزانـم ئـەوە قسـەیە خوازەی سـەگەکە بوو بەکارت هێنا، سـەگەکەی سنووپی.»

«سوپاس، من راستی لە هەر کوێیەک بدۆزمەوە بەکاری دەهێنم»

«تـۆ ناتوانیـت هەڵبێیـت دان، چ دەبێـت ئەگـەر مـن هـەر ئێسـتا دەسـت بکـەم بـە پەرسـتنی تـۆ؟ چ دەبێت ئەگـەر مـن ئێسـتا لـە کارکردنـی سـەر ئـەم مەکینـەی فڕۆکەیـە مانـدوو ببـم و لـە تـۆ بپاڕێمـەوە بـۆم چـاک بکەیتـەوە؟ سـەیر بکـە ئەگـەر تەنهـا فێـری ئـەوەم بکەیت، کـە چۆن بکەومـە سـەر با، ئـەوا لـە ئیستاوە هەتـا خۆرنشـین هەرچییەکم پەیـدا کـرد دینـار بـە دینـارت دەدەمـێ! ئەگـەر ئـەوەش نەکەیـت، ئـەوا مـن تێدەگـەم، کـە دەبـێ ئیتـر لەپێنـاوی تـۆدا نوێـژ بکـەم، تـۆ ئـەو کەسـە پیرۆزەیـت، کـە بۆئـەوە نێردراویت مەینەتییەکانـم لەسەرشـان لابەریـت.»

ئـەو تەنهـا پێکەنـی و منیـش تـا ئێسـتا هـەر پێـم وانییـە، ئـەو لـەوە تێگەشـتبێت، کـە توانـای هەڵهاتنـی نییـە. مـن چـۆن بزانـم ئـەو لـە چ کاتێکدا نەیتوانیـوە؟

«ئـەی تـۆ هەمـوو نمایـش و چیرۆکەکـەت بینیـوە، وەک ئـەوەی لـە فیلمـی هیندیـدا دەیبینیـت. گـووڕدەم[1] دەڕژێنــە سەرشــەقام و بــە ملیــار دەســتت بەردەکەوێــت. گــوڵ و بخـوورت بەسـەردا دەکـەن، سـەکۆی زێڕیـن و راخـەری زیوینـت بـۆ دادەنێـن، بۆئـەوەی هەسـتیتە سـەرپێ و قسـە بکەیـت؟»

«نەخێـر، تەنانـەت پێـش ئـەوەش کـە بکەومـە شـوێنی پەیداکردنـی کارێـک، زانیومـە تاقەتـی شـتێکی لـەو جـۆرەم نییـە. لەبەرئـەوەش هاتـم وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکام هەڵبـژارد و لێـرەش هـەر گـووڕدەم لـە دەورم کۆبوونـەوە»

بەیادهێنانـەوەی ئـەم شـتانە بـۆ ئـەو بـە ئـازار بـوو، پەشـیمان بـووم لـەوەی ئـەو هەمـوو شـتەم بـۆ وورووژانـد.

---

١. گـووڕدەم، وشـەیەکی کوردییـە، بـە مانـای قەرەباڵـەغی زۆری کۆبونـەوەی خەڵـک، ئـەم تێرمـە لەلایـەن مامۆسـتا شـێرکۆ بێکەسـەوە بـەکار هێنـراوە.

ئـەو لەنـاو پاکژەکـەدا دانیشـت، سـەیری منی دەکرد و بـەردەوام بوو لە قسەکردن»ویسـتم لەبـارەی خۆشەویسـتیی خـوداوە بڵێـم، کـە ئەگـەر زۆر حـەزت لـە ئـازادی و رابواردنـە، ناتوانیـت لـە دەرەوەی خـۆت بۆیـان بگەڕێیـت. بڵـێ هەمـە، سـەیر دەکەیـت هەتـە. وا خۆیانـت پیشـان بـدەن، کـە ئەوانـە بـۆت فەراهـەم بـوون، بـۆت فەراهـەم دەبـن. سـەیر بکـە ریچـارد، ئایـا قورسـییەکی نەفرەتـی لـەوەدا هەیـە؟ بـەڵام ئـەوان تەنانـەت نـاش بیسـتن. پەرجوویـان دەوێـت. پەرجـووی وەک ئـەوەی بچـن بـۆ پێشـبڕکێی ئۆتۆمۆبێـل تەنها بۆئـەوەی پێکداکێشـانی ئۆتۆمبێلـەکان ببینـن. هەروەهـا هاتـن بۆلایشـی مـن بۆئـەوەی پەرجـووەکان ببینـن. ئەمـەش لەسـەرەتاوە پەشـێوت دەکات و پاشـانیش بێـزار، مـن نازانم ئەو مەسـیحانەی تـر چـۆن بەرگـەی ئەمەیـان گرتـووە.»

دواییـن برغـووم تونـد کـردەوە و کەرەسـتەکانمم خسـتە ئـەو لاوە»تـۆ کـە بـەو شـێوەیە دەیگێڕیتـەوە، هەندێکـی سـیحرەکەی لەدەسـت دەدات»، «ئـەی ئەمـڕۆ سـەر بـە کوێـوە دەنێیـن؟»

ئـەو بـەرەو کابینـەی فڕۆکەکـەی مـن چـوو، لەبـری تەکاندنـی مێشـوولەکان لـە جامـی پێشـەوەم، دەسـتێکی بەسـەریدا هێنـا، ئـەو مێشـانەی بـە کەمـی بەرکەوتبوون زینـدوو بونەوە و فڕیـن. جامەکـەی خـۆی هەرگیـز پێویسـتی بـە پاککردنـەوە نەبـوو. ئێسـتا تێگەشـتم، کـە هەرگیـز مەکینـەی فڕۆکەکەشـی پێویسـتی بـە دەسـت پێداهێنـان و چـاک کردنـەوە نەبـووە.

ئەو گوتی: «نازانم، نازانم سەر بە کوێوە دەنێین»

«مەبەسـتت چییـە؟ خـۆ تـۆ رابـردوو و داهاتـووی هەمـوو شـتەکان دەزانیـت. تـۆ بـە وردی دەزانیـت، کـە بـەرەو کـوێ دەچیـن!»

هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشا و گوتی: «بەڵێ، بەڵام دەمەوێ بیری لێ نەکەمەوە»

کە کاری سلیندەرەکانم دەکرد، لە چرکەساتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە: ئای: ئەگەر من لەگەڵ ئەم کابرایەدا بمێنمەوە، هیچ گرفتێک نایەتە سەر ڕێگەم، هیچ شتێکی خراپ روو نادات. هەموو شتەکان بە باشە دەگۆڕێن، بەڵام ئەو شێوازەی ئەو کە گوتی: «هەوڵ دەدەم بیری لێ نەکەمەوە» وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە، کە ئەو مەسیحانەی تر کە بۆ ئەم دونیایە نێردراون چییان بەسەر هاتووە. هەستێکی ئاسایی پێیگوتم، کە لە پاش فڕین و هەستانەوە ڕوو بکەمە باشوور، هەتا بتوانم دوور لەم کابرایە بفڕم، بەڵام وەک گوتم ئەویش تەنها دەبێت، بە فڕین بە تەنها بەرەو ئەو ئاراستەیە، بەڵام ئەو بۆ من ئاسوودەییە کە بیدۆزمەوە، بۆئەوەی کەسێکم هەبێت قسەی لەگەڵدا بکەم. کەسێک کە بتوانێت هاوشانت بە ستوونی و بە هاوسەنگی بفڕێت.

من دەبوو بەرەو باشوور بفڕم، بەڵام کە هەستام هەر لەگەڵ ئەودا مامەوە و هەردووکمان پێکەوە بەرەو باکوور و رۆژهەڵات رۆیشتین، بەرەو ئەو ئایندەیەی، کە نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە.

## (چوار)

دان، تـۆ ئـەم هەمـوو شـتانە لـە کوێـوە فێـر بوویـت؟ تـۆ زۆر زۆر شـت دەزانیـت، یـان هـەر مـن پێموایـە، کـە زۆر دەزانیـت. نەخێـر، زۆر دەزانیـت. ئایـا ئـەوە هەمـووی بەهـۆی مەشـقکردنەوەیە؟ ئایـا تـۆ بـە فەرمـی هیـچ مەشـقێکی وات پێنەکـراوە ببیـت بـە ماسـتەر؟

«کتێبێکت دەدەنێ بیخوێنیتەوە.»

دەسـتماڵێکی ئاوریشـمینی تـازە شـۆردراوم هەڵواسـی بـە وایەرێکـی فرۆکەکـەدا و چـاوم تێبـڕی: «کتێـب؟»

«ڕێبـەری دەربازکـەر.. جۆرێکـە لـە ئینجیلـی ماسـتەرەکان.. ئەگـەر حـەزت لێیەتـی لێـرە دانەیەکـی لێیـە، لـەم نـاوەدا دەسـت دەکەوێـت»

«بەڵێ..بەڵێ...تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە کتێبێکی ئاساییە و فێرت دەکات، کە...؟»

تۆزێـک لـە شـوێنی جانتاکـەی پشتسـەری شـوێنی کاپتنـی ترەڤـڵ ئێیەرەکـە گـەڕا و مەلزەمەیەکـی بچووکـی دەرهێنـا لـە پێسـتی ئاسـک دەچـوو.

کتێبی دەستیی مەسیح

بە ڕەنگی ڕەش چاپ کرابوو

چەندبیر هێنەرەوەیەک بۆ ڕۆحی پێشکەوتوو

«تـۆ بـە چ مەبەسـتێک گوتـت ڕێبـەری دەربازکـەر؟ ئەمـە نوسـراوە کتێبـی دەسـتیی مەسـیح»

«شـتێکە لـەو شـێوەیە» دەسـتی کـرد بـە کۆکردنەوەی شـتەکانی دەوروبـەری فڕۆکەکەی، وەک ئـەوەی بیـری لـەوە کردبێتـەوە، کـە ئیتـر کاتـی ئـەوە هاتـووە بکەوێتـە جووڵە.

چەنـد پەڕەیەکـی کتێبەکـەم هەڵدایـەوە، بریتـی بـوو لـە کۆمەڵێـک پەنـدی جێگیـر و بڕگـەی کـورت.

دیدگایەک

بەکاری بهێنە یان لەبیری خۆتی ببەرەوە.

ئەگـەر ئـەم لاپەڕەیـەت هەڵدایـەوە، ئـەوا لـە یـادت دەچێتـەوە، کـە ئـەو شـتانەی لـە دەوری تـۆ ڕوو دەدەن هەقیقـەت نیـن.

بیرێک لەوە بکەرەوە.

بیهێنەرەوە یادی خۆت، کە تۆ لە کوێوە هاتوویت،

بەرەو کوێ دەچیت، بۆچی ئەو شپرزەییەت دروست کرد،

کە لە یەکەمین شوێن خۆتت پێیەوە گیرۆدە کرد.

لەیادت بێت، کە تۆ مردنێکی جەفاکارانە دەمریت.

لەبەرئەوە، ئەوە مەشقێکی باش دەبێت و چێژیشی لێ دەبینیت

ئەگەر بتوانیت زیاتر ڕاستییەکان

لە مێشکی خۆتدا هەڵبگریت.

مەرگی خۆت هەندێک بە جدی وەربگرە، ئەگەرچی.

پێکەنین هاتن بەو شێوازەی تۆ ویستەکەتی پێ جێبەجێ دەکەیت

شتێکە، ئەو کەسانە لێی تێناگەن،

کە ژیانیان لە ئاستێکی پێشکەوتنی کەمتر دایە.

بۆیە ئەوان بە شێت ناوت دەبەن.

«دان، تۆ ئەمەت خوێندۆتەوە، کە لەبارەی لەدەستدانی دیدگاوەیە؟»

«نەخێر.»

«دەڵێت پێویستە مەرگێکی جەفاکارانە بمریت.»

«پێویست نییە، تۆ وا بمریت. ئەوە لەسەر چەند هەلومەرجێک رادەوەستێت و لەسەر ئەوەش، کە ئاخۆ تۆ حەز دەکەیت چۆن شتەکان رێک بخەیت.»

«ئایا تۆش هەر بە مەرگێکی جەفاکارانە دەمریت؟»

«نازانم. ئەوە زۆر سەرنجڕاکێش نییە، ئێستا تۆ لەو بڕوایە دایت، کە من واز لە ئەرکەکەم دەهێنم؟ لەوانەیە هەر تۆزێک سەرکەوتنت بەس بێت. لە چەند هەفتەیەکی کەمی تری داهاتوودا، بڕیار لەوە دەدەم، کە لە چ کاتێکدا ئەم ئەرکە کۆتایی پێبهێنم، کە بۆی هاتووم.»

من وا قسەکەیم لە قەڵەم دا، کە ئێستاش هەروەک جار بە جارەکەی خۆی گاڵتە بکات، نەمدەزانی لەبارەی ئەوەوە بەڕاستی بوو، کە دەیەویست لە چەند هەفتەیەکی

کەمـی تـری داهاتـوودا واز بهێنێـت.

گەڕامـەوە بـۆ لای کتێبەکـە، ئـەو جـۆرە زانیارییانـەی تێدابـوو، کـە ماسـتەر پێویسـتی پێیدەبێـت. بـاش.

فێربوون

ئاشکراکردنی ئەوەیە،

کە خۆت بە راستی چی دەزانیت.

کارکردن خستنەگەڕی

ئەو شتانەیە کە دەیانزانیت.

وانەگوتنەوە بریتییە لە بە بیرداهێنانەوەی فێرخوازەکانت

کە ئەوانیش و هەروەها تۆش شت دەزانن.

ئێوە هەمووتان فێرخوازن،

کارکەرن، مامۆستان.

تاکە ئەرکی زۆرەملەیی

ناو هەر کاتێکی ژیانتان

ئەوەیە، کە راست بن لەگەڵ خۆتاندا.

راستبوونی ئێوە بەرانبەر بە

هەرکەسێکی تر، یان هەر شتێکی تر، نەک تەنها نەشیاوە و ناکرێت،

بەڵکوو نیشانەشە بۆ ئەوەی کە تۆ مەسیحێکی قەڵبیت

سادەترینی

پرسیارەکان

قووڵترینیانە.

تۆ لە کوێ لەدایک بوویت؟ ماڵتان لە کوێیە؟

بەرەو کوێ دەچیت؟

چی دەکەیت؟

جارێک لە کاتێکدا

بیر لە ئەم پرسیارانە بکەرەوە و

سەیر بکە، دەبینیت

وەڵامەکانت دەگۆڕێن.

ئەو شتەی، کە خۆت زۆر مەبەستتە فێر ببیت

بەباشترین شێوە فێری خەڵکی تریشی دەکەیت.

شایمۆدا وەک ئەوەی بیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات، گوتی: «ریچارد، بە بێدەنگییەکی پڕ ئازارەوە لەوێدا دانیشتوویت».

منیش بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوە و گوتم: «بەڵێ» ئەگەر ئەم کتێبە تەنها بۆ ماستەرەکان بێت، ئەوا منیش نامەوێت وازی لێبهێنم.

وابژی

هەرگیز شەرم لەوەش نەکەیتەوە، کە تۆ هەر شتێکت کرد، یان گوت و ئەو شتە بە جیهاندا

بڵاو بۆوە، تەنانەت ئەگەر

ئەو شتەش، کە بڵاودەبێتەوە راست نەبێت.

ئەو هاوڕێیانەت

کە لە یەکەمین خولەکەوە دەتناسن

ناسینەکەی ئەوان باشترە لەو ناسینەی

کە شوێنکەوتوەکانت پاش هەزار ساڵی تر

دەتناسن.

باشترین رێگە

بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی

ئەوەیە، کە بڵێیت:

«بەرپرسیارێتیم هەیە»

لەبارەی کتێبەکەوە تێبینیی شتێکی نامۆم کرد. «دان، لاپەڕەکان ژمارەیان لەسەر نییە.»

دان گوتی: «نەخێر، تۆ هەر کتێبەکە بکەرەوە، ئیتر بە زۆری پێویستت بە چی هەبێت، تێیدایە.»

«بۆ ئەمە کتێبێکی سیحرییە!»

«نەخێر، هەر کتێبێکت بوێت دەتوانیت وای لێبکەیت. ئەگەر بە وردی و ئاگاییەوە بیخوێنیتەوە، دەتوانیت رۆژنامەیەکی کۆنیش هەروا لێبکەیت. ئایا تۆ هەرگیز ئەوەت نەکردووە، کە گرفتێکت لە مێشکتدا هەبێت و کتێبێکت کردبێتەوە، بۆ ئەوەی بزانیت ئەو چیت پێدەڵێت؟»

«نەخێر.»

«جارێک تاقیی بکەرەوە.»

باشە، تاقیی دەکەمەوە. چاوم نووقاند، بیرم لەوە کردووە، کە داخۆ چیم بەسەردا دێت، ئەگەر ماوەیەکی زۆرتر لەگەڵ ئەم کابرا نامۆیەدا مامەوە؟ خۆش بوو لەگەڵیدا بیت، بەڵام نەمدەتوانی خۆم لەو هەستەش بدزمەوە، کە دەمزانی زۆر ناخایەنێت شتێکی تر روو دەدات، کە خۆش نییە، منیش دەمویست کاتێک ئەوە روو دەدات لەوێ نەبم. بیرم لای ئەوە بوو، کە کتێبەکەم کردۆتەوە و هێشتا چاویشم هەر داخستووە، ئەمجا چاویشم کردەوە و دەستم کرد بە خوێندنەوە.

تۆ تەواوی ماوەی ژیانت

لەلایەن بوونەوەری «فێربوون»ی ناو ناختەوە

رێبەری کراویت،

واتە ئەو بوونە برۆکە رۆحییەی کە بوونی هەقیقییانەی خۆتە.

تا دڵنیا نەبیت لەوەی، کە ئەو ئایندەیەی دێت

هیچی تێدانییە فێری ببیت

لە ئایندە گریمانکراوەکانت هەڵ مەیە.

تۆ هەمیشە ئازادیت لەوەی، کە

بیری خۆت بگۆڕیت و

ئایندەیەکی جیاواز،

یان رابوردوویەکی جیاواز هەڵبژێریت.

رابردوویەکی جیاواز هەڵبژێریت؟ ئەمە ماناکەی هەر ئەوەیە، کە خۆی دەیڵێت یان مانای تری هەڵگرتووە؟ ئەمە دەبێ مەبەستی چی بێت؟ دان، وادەزانم عەقڵم وەستا، نازانم دەبێ چۆن فێری ئەم نهێنییە ببم؟

ئەو گوتی: «مەشق بکە. تۆزێک بە لایەنی تیۆری و تۆزێکیش بە مەشق کردن، حەفتە و نیوێکت پێویست دەبێت تا فێری ئەمە دەبیت»

«یەک حەفتە و نیو»

«خۆت بچۆ سەر ئەو بڕوایەی، کە وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەزانیت، ئیتر دەیزانیت. وابزانە، کە ماستەریت، ئیتر ماستەریت.»

«بەڵام من هەرگیز نەمویستووە، کە ببم بە ماستەر.»

ئەو گوتی: «ئەوە راستە، خۆت نەتویستووە.»

من کتێبەکەم هەڵگرت بۆ خۆم و ئەویش هەرگیز داوای نەکردەوە بۆی بگەڕێنمەوە.

## (پێنج)

جووتیارەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوا بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان پێویستیان بە خاکی باش هەیە. فڕۆکەوانە قەرەجەکانیش هەروەهان. پێویستیان بەوەیە لە موشتەرییەکانیانەوە نزیک بن. دەبێ کێڵگەی وەها بدۆزنەوە، کە هەر گوزەرێک لە شارەوە دوور بێت، کێڵگەی پڕ لە پووش یان گیای تازە بڕدراوی گاڵ و گەنم، مانگای لێوە نزیک نەبێت، نەوەک دروشمە هەڵواسراوەکانی سەر فڕۆکەکانیان بخوات، لە تەنیشتی ڕێگایەکی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیێلەوە بێت، پەرژینی کێڵگەکان دەروازەیەکی بۆ هاتوچۆی خەڵک تێدا بێت، کێڵگەکە لاتەریک بێت، بۆئەوەی فڕۆکەکان لە فڕینی نزمدا بەسەر ماڵ و شوێنی خەڵکدا نەفڕن، بەرین و لەبار بێت، کە بە نزمی و لە خێرایی پەنجا میل لە یەک کاتژمێردا فڕین، بەر شتی وا نەکەون مەکینەکەیان هەڵاهەڵا بکات. کێڵگەکە هێندە درێژ بێت، کە لە ڕۆژە ئارام و گەرمەکانی هاویندا هەستان و نیشتنەوە تیایدا ئاسان بێت، خاوەنەکەشی بواری ئەوەت پێبدات، کە بۆت هەبێت ڕۆژێک تیایدا بمێنیتەوە.

بەیانییەکی شەممە بوو، کە من بیرم لەمە دەکردەوە، مەسیح و من پێکەوە بەرەو باکوور دەفڕین، زەویی سەوز و ئاڵتوونی لەژێری ئێمەوە دیار بوو، یەک هەزار پێ لە خواری ئێمەوە بە کاوەخۆ دەخزان. لەلای باڵی ڕاستی فڕۆکەکەی منەوە، ترەڤڵ ئێیەرەکەی دۆنەڵد شایمۆدا بە گرمەگرمەکەیەوە پێشم کەوت، ڕەنگی ئاوێنەکانی ئەو پرشنگی هەتاویان بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە. بیرێکم لێکردەوە، کە ئەو فڕۆکەیەی ئەو بۆ کاتە سەختەکانی نمایشکردنی فڕوکە زۆر گەورەیە. ئەوە ڕاستە، کە ئەویش لە یەک کاتدا هەر دوو گەشتیار هەڵدەگرێت، بەڵام کێشەکەی هێندەی کێشی دوو فڕۆکە دەبێت، لەبەرئەوە ئەو پێویستی بە کێڵگەی گەورەتر دەبێت بۆ فڕین و نیشتنەوە. منیش سەردەمێک ترەڤڵ ئێیەرێکم هەبوو، بەڵام فرۆشتم و ئەم کەشتیۆکە بچووکەم پێکڕی، کە دەتوانێت لەناو کێڵگە بچووکەکانیشدا بنیشێتەوە، ئەو کێڵگانەی،

کـە بـە زۆری لـە دەوروبـەری شـارەکان دەسـت دەکـەون. بـە ئـەو کەشـتیۆکە بچووکـەوە دەتوانـم لـە کێڵگەیەکـی پێنـج سـەد پێیـدا کار بکـەم، بـەڵام ئـەو ترەڤـڵ ئێیـەرەی هەمبـوو کێڵگەیەکـی هـەزار تـا هـەزار و سێ سـەد پێیـی دەویسـت. بیرێکـم لێکـردەوە، ئـەم کابرایـە بـۆ خـۆی و بـۆ فڕۆکەکەشـی دەبێـت خۆتیـان بـۆ ئامـادە بکەیـت.

تـەواو دڵنیـام، کـە ئەودەمـەی بیـرم بـەم شـتانەوە خەریـک کردبـوو، پاوانێکـی مانـگا بەخێوکردنـی بچووکـم بینـی لـەلای ئـەو شـارەوە بـوو، کـە لـە خوارمانـەوە بـوو بەسـەریدا تێپەڕیـن، کێڵگەیەکـی سـتانداردی ١٣٢٠ پێـی دەبـوو، لـە ناوەڕاسـتدا کرابوو بـە دوو کەرتەوە، دەمزانـی نیوەیەکـی فرۆشـرابوو بـە شـارەکە بکرێـت بـە گۆڕەپانـی ئەڵماسـیی بەیسـبۆڵ.

دەشـمزانی، کـە فڕۆکەکـەی شـایمۆدا ناتوانێـت لەوێـدا بنیشـێتەوە. تەکانـم بـە فڕۆکـە بچووکەکـەی خـۆم دا، بەدیـوی باڵـی چەپیـدا خـوارم کـردەوە، کـە گرمـەی بـەرز بـۆوە، ئەمجـا وزەکەشـیم بـۆ کـەم کـردەوە، وەک مەلێکـی پێکـراو بـە نەرمـی بەربـۆوە بـەرەو پارکـی یاریـی بەیسـبۆڵەکە، تـا بـەر گیاکـەی کەوتیـن لـە هەندێـک ئـەولای دیـوی لای چەپـی کێڵگەکـەوە خزایـن هەتـا لـە لای ژوری کەرەسـتە یەدەگەکانـی نـاو کێڵگەکـە وەسـتاینەوە. مـن هـەر ویسـتم نمایشـێک بـۆ شـایمۆدا بکـەم، پیشـانی بـدەم، کـە ئەگـەر فلیتێکـی وەک ئەمـەی مـن بـە گونجـاوی لێـی بخوڕیـت، دەتوانێـت چـی بـکات.

تاسـەی فڕینێکـی تـر دای لـە کەللـەم، بـەڵام کـە تـاوم دایـە خـۆم دیسـان بفڕمـەوە، ترەڤـڵ ئێیەرەکـەش لـە دوابەشـی زەوییەکـە نزیـک کەوتـەوە، کلکەکـەی بـۆ خـوارەوە، باڵـی لای راسـتی بـەرز بـۆوە، دەتگـوت داڵێکـی سـەرگەڕە و بـە جووڵەیەکـی بزێوانـە دەیەوێـت بەسـەر گسـکێکی لـە پـووش دروسـتکراوەوە بنیشـێتەوە.

بـە خـاوی و نزمـی هـات، قژەسـەری دەوری ملـی منـی دایـە بـەر بـا. زۆری نەمابـوو بـە یەکداکێشـانێک ببینـم. ئەگـەر ترەڤـڵ ئێیـەرت پێبێـت و بتەوێـت پەرژینـی دەوری زەوییـەک

تێبپەڕێنیت بۆئەوەی بنیشیتەوە، دەبێت لانیکەم بە خێرایی شەست میل لە سەعاتێکدا بفڕیت، خۆ ئەگەر لەوە خاوتر بێیتە خوارەوە، ئەوا دەیکێشیت بە زەویدا و فڕۆکەکەت خڕ دەکەیتەوە وەک تۆپ. بەڵام ئەوەی کە من بینیم، فڕۆکە دووچین باڵەکە بەفر و زێڕەکە بوو، لەبری ئەو خێراییەش لە بادا وەستا، نا، با روونتر بیڵێین، مەبەستم ئەوە نییە بەتەواوی وەستاو بێت، بەڵام بە خێراییەک دەفڕی لە سی میل لە سەعاتێکدا زیاتر نەبوو، فڕۆکەیەک، کە لە خێرایی پەنجادا خاو ببێتەوە، تۆ بڕوا دەکەیت لە بادا بوەستێت و سێ گرێیشی مابێتەوە بۆ ئەوەی بگات بە گیاکە؟ ئەو نیوە یان سێ چارەکی ئەو رووبەرەی بۆ نیشتنەوە پێویست بوو، کە من بەکارم هێنا.

من بۆ خۆم لە کابینەی فڕۆکەکەدا دانیشتبووم و سەیرم دەکرد، ئەویش لە تەنیشتمەوە رایگرت و کوژاندییەوە، کە من مەکینەی ئەوەی خۆمم کوژاندەوە و چاوم بڕیبووە ئەو و ئەبڵەق ببووم. ئەو بانگی کردم: «ئەم کێڵگەیە خۆشە تۆ دۆزیوتەتەوە، زۆر لە شارەکەشەوە نزیکە، وا نییە؟»

یەکەمین دەستەی گەشتیارەکانمان دوو کوڕ بوون بە ماتۆڕسکیلێکی هۆنداوە هاتن، لایان دایەوە بەلاماندا بۆئەوەی بزانن چ دەگوزەرێت.

هێشتا دەنگ و گرمەی مەکینەکە لە گوێمدا دەزرینگانەوە، بانگم لێکردەوە: «مەبەستت چییە لەوەی، کە دەڵێیت نزیکە لە شارەکەوە؟»

«مەبەستم ئەوەیە، هەر نیو بلۆکێک لێرەوە دورە!»

«نانا، وا نییە.. ئەرێ ئەو نیشتنەوەیە چی بوو؟ چۆن ئەو ترەڤڵ ئێیەرەت لێرەدا نیشاندەوە؟»

ئەویش چاوێکی لێ داگرتم و گوتی: «ئەوە سیحرە!»

«نا.. دان بە راستیمە.. ئەو شێوازەم بینی، کە تۆ پێی نیشتیتەوە.»

ئـەو بـە ڕوونـی ئـەوەی دەبینـی، کـە من تووشـی شـۆک هاتبـووم و هەندێکیش ترسـابووم، ئەمجـا گوتـی:

«ریچـارد، تـۆ دەتەوێــت وەڵامـی ئـەوە بزانیـت، کـە چـۆن فڕۆکـە دەخەیتـە سـەر باڵـی بـا و نەخـۆش چـاک بکەیتــەوە و ئـاو بکەیـت بـە شـەراب و بەسـەر شـەپۆلدا بفڕیـت و فڕۆکەیەکـی ترەڤـڵ ئێیەریـش لەنـاو گیایەکـی رووبـەر سـەد پێییـدا بنیشـێنیتەوە، ئایـا تـۆ دەتەوێــت وەڵامـی هەمـوو ئـەم پەرجوانـە بزانیـت؟ «

وام هەسـت کـرد، کـە ئـەو لیزەرێکـی دابێـت لـە مـن: «هـەر دەمەوێـت بزانـم، کـە تـۆ چـۆن لێـرەدا نیشـتیتەوە..»

«لەودیـوی ئـەو کەنـداوی بۆشـاییەوە، کەلـە نێوانمانـدا دروسـت ببـوو، گوتـی: گـوێ بگـرە، ریچـارد، ئـەم جیهانـە و هەمـوو ئـەو شـتانەی، کـە تێیـدان، وەهمـن، ریچـارد، تەنانـەت شـتە هـەرە وردەکانیشـی وەهمـن. ئایـا تـۆ لەمـە تێدەگەیـت؟» نـە جوولـەی چـاو، نـە بزەیـەک، هیـچ، وەک ئـەوەی لەپـڕدا لـەوە تـوورە بووبێـت، کـە مـن ماوەیەکـی زۆرە ئـەوەم نەزانیـوە.

ماتۆڕسـکلێتەکە هـات و لـەلای کلکـی فڕۆکەکـەی ئـەوەوە راوەسـتا. کـوڕەکان لـەوە دەچـوون حەزیـان لـە فڕیـن بێـت.

هەرچەنـد بیـرم لـە وەڵام کـردەوە، توانیـم بڵێـم: «بەڵـێ.... رۆجـەری وەهمـەکان». ئەمجـا کـوڕەکان لەسـەر فڕۆکەکـەی ئـەو بـۆ گەشـتێک سـەرکەوتن، ئـەوەش بـوو بـە ئەرکـی مـن بـە خێرایـی خاوەنـی پاوەنـی مانـگاکان بدۆزمـەوە و مۆڵەتـی لـێ بخـوازم لـە کێڵگەکـەی ئـەوەوە بفڕیـن.

تاکـە ڕێگایـەک بـۆ باسـکردنی فڕیـن و نیشـتنەوەکانی ئـەو رۆژەی ئـەو ترەڤـڵ ئێیـەرە، کـە بـۆت بـاس بکـەم چـۆن بـووە، ئەوەیـە، لـەوە دەچـوو، کـە ئـەو ترەڤـڵ ئێیـەرە بەرگێکـی

هەڵخەڵەتێنــەر بووبێــت و لەراستیشــدا فرۆکەکــە خــۆی، دانەیەکــی کاب ئــی دوو، یــان هێلیکۆپتەرێــک بووبێــت و بەرگــی ترەڤــڵ ئێیەریــان لەبــەر کردبێــت. بەهەرحــاڵ، بــۆ مــن ئــەوە زۆر ئاسانتر بــوو، کــە ببینــم و پەسەندیشــی بکــەم، کــە فڕۆکەیەکــی مۆدێلــی نۆســەد و شــانزەکانی دواکــورت و بێکێــش بکەوێتــە ســەر بــا، نــەوەک ئــەو فڕۆکەیــە ببینــم بــەو قورســییەوە و بــە گەشتیاریشــەوە، بــە خێرایــی ســی میــل لــە کاتژمێرێکــدا هەســتێت و بفڕێــت. ئــەم شــتە تــۆ ببینیــت لــەوە بەرزتــرە بتوانیــت بــڕوای پێبکەیــت. ئەوەیــان شــتێکە زۆر لــەوە جیایــە تــۆ بــڕوات بــە پەرجــوو هەبێــت.

بیــرم هــەر لــەلای ئــەو شــتە بــوو، کــە زۆر بــە تووڕەییــەوە گوتــی: وەهمــەکان. پێــش ئــەم کەســێکی تریــش ئەمــەی بــە مــن گوتبــوو... ئــەو رۆژگارەی کــە منــداڵ بــووم، فێــری ســیحر دەبــووم، ســیحربازەکان ئــەو وشــەیەیان گــوت. ئــەوان وریایانــە پێمــان دەڵێــن: «ســەیر کــە، ئەمــەی کــە ئێســتا دەیبینیــت پەرجــوو نییــە.. بەڕاســتی ســیحریش نییــە. ئــەوەی هەیــە و نییــە، ئەوەیــە، کــە ئەمــە کایگەرییەکــە.. ئەمــە وەهمــی ســیحرە» ئەمجــا دەستەســڕێکیان بەنــاو توێکڵــە گوێزێکــدا رادەکێشــا و فیلێکیــان دەکــرد بــە رەکتەیەکــی تێنــس کــردن.

لــە چــاو تروکاندنێکــدا کتێبــە دەســتییەکەی مەســیحم هێنایــە دەرەوە و کردمــەوە، لــە لاپەڕەیەکــدا تەنهــا دوو رســتە هەبــوون و هیچــی تــر:

گرفتێکی وا لە ئارادا نییە

کە یەخەت پێبگرێت و

لەناو دەستەکانیدا

دیارییەکی تێدا نەبێت بۆ تۆ.

تۆ بەدوای گیروگرفتدا دەگەڕێیت

لەبەرئەوەی

پێویستت بە دیارییەکانیەتی.

بەباشی نەمدەزانی کە بۆچی من وەهام، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە ڕێگە خۆشکردنێک بوو بۆ ئاڵۆزانی من. هێندە خوێندمنەوە، کە ئیتر گەر چاویشم بنووقاندبایە دەمتوانی بیانڵێم.

ئەو شارە ناوی ترۆی بوو. ئەو کێڵگەیەی ئەوێش چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا، کە هێندەی پاکژەکەی فێریس بۆ ئێمە باش بێت، بەڵام خۆم لە فێریس هەستم بە جۆرێک لە دڵنیایی دەکرد، کەچی لێرە ئەو بایە هێندە نیگەرانیم بۆ دەهێنێت، کە هەرگیز حەزم لێی نییە.

ئەم فڕینە بۆ گەشتیارەکانمان سەرکێشییەکی تەنها بوو، کەلە هەموو ژیاندا یەک جار روو دەدات، بەڵام بۆ من بریتی بوو لە رۆتینێک، کە سێبەری ناڕەحەتییەکی نامۆ و نائاسایی کەوتبووە سەری. ئەوەی سەرکێشی بو لەلای من کەسێتیەکەی ئەو زەلامە بوو، کە لەگەڵیدا دەفڕیم ئەو ڕێگە سەروو ئاساییە بوو، کە فڕۆکەکەی پێی دەفڕی، ئەو شتە نامۆیانە بوو، کە خۆی بۆ روونکردنەوەی شێوازی فڕینەکەی گوتنی.

ئەوەندەی، کە من بە فڕینی ترەڤڵ ئێیەرەکە حەپەسا بووم، خەڵکی ترۆی هێندە نەحەپەسابوون. من چوومە شارێک، لەوێ بەیانییەکەی زەنگێک لێیدا، کە شەست ساڵ دەبوو ئەو زەنگە دەنگی نەبیستـرابوو. ئەو خەڵکە نەیاندەزانی کە ئەو شتەی لەوێ روو دەدات، مەحاڵ بوو لە شوێنێکی تر روو بدات.

ئەوان دەیانگوت «سوپاس بۆ ئێوە لەسەر گەشتەکە» یان «ئایا ئێوە هەر ئەم کارە دەکەن بۆ دابینکردنی ژیانتان، ئەی لە شوێنی تر کار ناکەن؟» هەروەها دەیانگوت «ئەوە بۆ ئێوە شوێنێکی بچووکی وەک ترۆیتان هەڵبـژاردوە» یان بە کەسێکی خۆیانیان دەگوت «جێری ئەم مەزرایەی تۆ هەتە لە مقەبای جووتە پێڵاوێک گەورەتر نییە.»

ئـەو پاشـنیوەڕۆیە کارمـان زۆر هەبـوو. خەڵکێکـی زۆر دەهاتنـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی بفـڕن و ئێمـەش پـارەی باشـمان پەیـدا دەکـرد. کەچـی هێشـتا بەشـێک لـە خـۆم لەنـاو ناخمـەوە پێـی دەگوتـم بـڕۆ درەوە ... لـەم شـوێنە بـڕۆ دەرەوە.. ئێـرە بەجـێ بهێڵـە.. مـن پێشـتر چەنـد جـار ئـەم بانگـەوازەم فەرامـۆش کـردووە، کەچـی دوایـی بـۆی پەشـیمان بوومەتـەوە.

دەوروبـەری سـەعات سـێ بـوو، مەکینـەی فڕۆکەکـەی خۆمـم کوژانـدەوە، ئـەوە بـۆ دووەم جـار و دواتریـش بـۆ چـوارەم جـار چـووم بـۆ بەنزیخانـەی سـکیڵی ستەیشـن و هـەر جـارە و دوو تەنەکـەی پێنـج گاڵۆنـی گازی ئۆتۆمۆبێلـم دەهێنـا بـۆ فڕۆکەکـەم، کەچـی بـەوە تووشـی حەپەسـان هاتـم، کـە پێـش چوونـە فێریسـیش بـوو تەنهـا یـەک جـار بینیـم بـەو مەکینـە گەورەیـەی خـۆی فـڕی و چـوو بـۆ گاز تێکـردن، ئـەو ئێسـتا حـەوت سـەعاتە و بـەرەو هەشـتیش دەچێـت و تەنهـا یـەک دڵۆپـەش گازی تـر یـان ڕۆنـی تـێ نەکـردووە.

سـەرباری ئـەوەش کـە دەمزانـی ئـەو پیاوێکـی باشـە و زیـان و ئـازار بـە مـن ناگەیەنێت، کەچـی دیسـان لێـی ترسـامەوە. ئەگـەر بەڕاسـتی تـۆ بیشـیرەتێنیت و بتـەوێ فریـای شۆڕشـەکان و مـردووی نـاو گەشـتە دەریاییەکانیشـی بخەیـت، هـەر دەتوانیـت ئـەو ترەڤـڵ ئێیـەرە بـۆ مـاوەی پێنـج سـەعات بفڕێنیـت، نـەوەک هەشـت سـەعات بـەو هەمـوو فڕیـن و نیشتنەوەشـەوە.

ئـەو بـە بەردەوامـی گەشـت لـە پـاش گەشـت پێیدەفـڕی، منیـش هـەر جاربەجـار دەچوومـەوە بـۆلای تەنکـەری سـووتەمەنیی فڕۆکەکـەم، کەلـە ناوەڕاسـتییەوە بـوو و ئەمجـا چارەکێـک ڕۆنـم دەکـردە مەکینەکەشـەوە. ریزێـک خەڵـک وەسـتابوون بفـڕن لەگەڵمانـدا، پێدەچـوو ئەویـش نەیەوێـت نائومێدیـان بـکات.

کـە سـەیرم کـرد ئـەو یارمەتیـی ژن و مێردێکـی دەدا بچنـە نـاو کابینـەی فڕۆکەکەیـەوە، هەوڵـم دا هەرچەنـد پێـم بکرێـت خـۆم بـە ئـارام و بـە ئاسـایی پیشـان بـدەم.

لـەلای لووتـی باڵـی فڕۆکەکەیـەوە وەسـتام و تەنەکەیەکـی پێنـج گاڵۆنیـی خاڵیـم بەدەسـتەوە گرتبـوو، پرسـیم: «دان، لەگـەڵ گازدا چۆنیـت؟»

ئەویش ڕێک چاوی بڕییە چاوم، نێوچەوانی دا بەیەکدا و حەپەسا، وەک ئـەوەی لێم پرسیبێت، کـە داخـۆ پێویسـتی بـە هـەوا هەیـە بـۆ هەناسـەدان.

ئەویـش گوتـی: «نەخێـر»، کـە وایگـوت مـن خۆمـم وا هاتـە پێشـچاو، کـە خوێندکارێکـی تەمەڵـی پۆلـی یەکـەم بـم و لـە دوای دواوە دانیشـتبم، دان گوتـی: «نەخێـر ریچـارد، هیـچ پێویسـتم بـە گاز نییـە.»

ئەمـە بێـزاری کـردم.. خـۆ دەبێـت مـن تۆزێـک شـت لەبـارەی مەکینـەی فڕۆکـە و سـوتەمەنییەکەیەوە بزانـم. بـە ئـەو وەڵامـەی ئاگـرم گـرت، گوتـم : «ئـەی باشـە، هەندێـک یۆرانیۆمـت بـۆ نەهێنـم؟»

پێکەنینێکـی بـۆ کـردم بـە یەکجـار تواندمیـەوە، گوتـی: «نەخێـر سـوپاس، پـار پـڕم کـردووە.» چـووە نـاو کابینەکـەی، بـە جووڵەیەکـی سـەروو ئاسـایی لەسـەرخۆ فڕۆکەکـەی هەسـتاند و بـە گەشـتیارەکانییەوە فـڕی.

سـەرەتا حـەزم کـرد، کـە ئـەو خەڵکـە هەمـوو بڕۆنـەوە بـۆ ماڵەوەیـان، ئێمـەش بـە خێرایـی ئێـرە بەجـێ بهێڵیـن و... خەڵـک لێـرە بـن یـان نـا، مـن ئـەو هەسـتەم هەیـە، کـە هـەر ئێسـتا ڕاسـتەوخۆ بـە تەنهـا ئێـرە بەجـێ بهێڵـم. ئـەوەی کـە مـن دەمویسـت ئـەوە بـوو بفـڕم و کێڵگەیەکـی چـۆڵ لـە شـوێنێکی دوور لـە شـارەکانەوە بدۆزمـەوە. دابنیشـم و بیـر بکەمـەوە و بنووسـم. نووسـین دەربـارەی هـەر شـتێک کـو هەسـتی پێدەکـەم.

لـە دەرەوەی فڕۆکەکەمـەوە مامـەوە. بـۆ پشـوودان دانیشـتم تـا ئەوکاتـەی جارێکـی تـر شـایمۆدا نیشـتەوە.

بەناو دەنگی گرمەی پانکەی مەکینە گەورەکەیدا بەرەو کابینەکەی ئەو ڕۆیشتم.

پێمگوت: «دان، من ئەو ئەوەندە فڕینەم بەسە. دەمەوێ ملی ڕێگەی خۆم بگرم و بڕۆم و واز لە شارەکان بهێنم و بۆ ماوەیەک، خۆم کەمتر لە ئێستا سەرقاڵ بکەم، ئەو ماوەی فڕینانە لەگەڵ تۆدا خۆش بوون، جارێکی تر دەتبینمەوە، باشە؟»

بەبێ وەستان گوتی: «یەک جاری تر دەفڕم و منیش دێم لەگەڵتدا، ئەو پیاوە چاوەڕوان دەکات».

«باشە.»

ئەو پیاوەی، کە چاوەڕوانی دەکرد، لەسەر کورسیی چەرخەدار دانیشتبوو، بەرەوخوار هات بۆ کێڵگەکە، بە شێوەیەک نوقمی ناو کورسییەکەی ببوو کە پێدەچوو بەهۆی هێزێکی کێشکردنی گەورەوە بەرەو خوار کێشکرابێت، ئەویش هاتبوو بۆ ئێرە و نیازی فڕین بە فڕۆکەی هەبوو. خەڵکی تریش لەوناوە هەبوون، چل تا پەنجا کەسێک دەبوون، هەندێکیان هاتبوونە ناوەوە بۆ لای ئێمە و هەندێکی تریان بەدەم پیساسە کردنەوە چاوەڕوانیان دەکرد، بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەوەیان دەکرد بزانن داخۆ دان چۆن ئەم کابرایە لە کورسییەکەی دەهێنێتە دەرەوە و سەری دەخات بۆ فڕۆکەکە.

دان هەرگیز بیری لەو شتانەی ئەوان نەکردەوە، بەڵکوو بە کابرای گوت: «دەتەوێت سەر بکەویت بۆ فڕین؟» کابرای دانیشتووی ناو کورسییەکەش بزەیەکی ماناداری بۆ کرد و وەک وەڵامی بەڵێ سەری بۆ راوەشاند.

دان وەک ئەوەی قسە لەگەڵ کەسێکدا بکات، کە ماوەیەکی زۆر بێت لە سەرەدا چاوەڕوانی کردبێت، ئەمجا کاتی سەرەی هاتبێتەوە و بیەوێت بچێتەوە ناو یاریکردن، بە ئارامی پێیگوت: «دە کەواتە با بڕۆین، با ئەنجامی بدەین!». ئێستا کە سەیری ئەو هەڵوێستە دەکەم، ئەو شتەی، کە نامۆ بوو و تیایدا دەمبینی ئەوە بوو، کە ئەو زۆر بە زمانێکی جەربەزانە قسەی دەکرد، قسەکردنەکەی ئاسایی بوو، بەڵێ، بەڵام

بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان فەرمانکردنیـش بـوو، فەرمانەکـەی وابـوو، کـە بـە ئـەو فەرمانـە کابـرا چاوەڕوانـی ئـەوەی لێدەکـرا، کـە خـۆی بەبـێ بەهانـە هێنانـەوە هەسـتێتە سـەر پـێ و سـەربکەوێت بـۆ فڕۆکەکـە. ئـەوەی، کـە ڕووی دا ئـەوە بـوو، کـە ئـەو کابرایـە وەک ئـەوەی دواییـن دیمەنـی نمایشـێکی نواندنـی تـەواو کردبێـت و پاشـان لـەو بەشـەی نواندنەکـەی ڕزگاری بووبێـت، کـە بەلایـەوە شـیاو نەبـووە. وەک ئـەوەی لەسـەر تەختـەی نمایشـەکەی بێـت. توانـای کێشـکردنە توندەکـەی کورسـییەکەیی وا تێکشـکاند، وەک ئـەوەی هەرگیـز بوونـی نەبووبێـت. بـە نیـوە ڕاکردنێـک لـە کورسـییەکەی هەسـتایە سـەرپێ، خۆیشـی پێـی سـەیر بـوو، بـەرەو ترڤـڵ ئێیەرەکـە رایکـرد.

مـن لـە نزیکـی کابراکـەوە وەسـتابووم، گوێـم لێبـوو گوتـی: «ئـەوە تـۆ چیـت کـرد؟» «چیـت لـە مـن کـرد؟»

دان گوتـی: «دەتەوێـت بفڕیـت، یـان ناتەوێـت بفڕیـت؟ نرخەکـەی سـێ دۆلارە، تکایـە پێـش ئـەوەی بفڕیـن پارەکەیـم بـدەرێ.»

کابـرا گوتـی: «مـن ئێسـتا دەفـڕم» بـۆ چوونـە نـاو کابینەکـەی پێشـەوە، شـایمۆدا هیچی لـەو یارمەتییانـەی پێشـکەش نەکـرد، کـە پێشـتر یارمەتیـی گەشـتیارەکانی تریی دەدا.

خەڵکـی نـاو گەڕێنەکانیـش هاتبوونـە دەرەوەی گەڕێنەکانـی خۆیـان. لەپـڕدا وره ورێـک لەنـاو خەڵکەکـەدا دروسـت بـوو، پاشـان بێدەنگییـەک، شـۆک ئاسـا هاتـە ئـاراوە. لـە یـازدە سـاڵی پێـش ئێسـتاوە، کـە ئـەو کابرایـە بـە لۆرییەکەیـەوە لـە پردێـک بەربۆتـە خـوارەوە تـا ئێسـتا نەیتوانیـوە لەسـەر پێـی خـۆی بـڕوات.

وەک منداڵێـک، کـە بـە بەتانـی باڵـی بـۆ خـۆی دروسـت کردبێـت بـازی دایـە نـاو کابینەکـەوە و شـۆڕ بـۆوە نـاو کورسـیی دانیشـتنەکە و وەک ئـەوەی کـە تـازە ئـەو باڵانـەی پـێ بەخشـرابێت بـۆ یـاری پێکـردن، یاریـی بـە باڵەکانـی خـۆی دەکـرد.

پێش ئـەوەی هیـچ کەسـێک بتوانێـت قسـە بـکات، دان فشـاری خستەسـەر ئامێـری وزەپێدانەکـە و ترەڤـڵ ئێیەرەکـەش کەوتـە سـەر باڵـی بـا، گـوڕی نـەرم بـەدەوری دارەکانـدا دەسـووڕایەوە و وەک چنگـە خوریـیـەک لەبـادا بـەرز دەبـۆوە.

ئایا دەکرێ چرکەساتێک لە هەمانکاتدا ئاسوودە و ترسناکیش بێت؟

لـەوێ، زۆر هەڵوێسـت و چرکەسـاتی تـری وەک ئەمـە هاتـن و تێپەڕیـن. ئـەوە شـتێکی سەرسـووڕهێنەر بـوو، کـە چـۆن ئـەو کابرایـە بـە چاکبوونەوەیەکی پەرجووئاسـا وا چاک بۆوە، کـە لـەوە دەچـوو هـەر خـۆی شـایانی ئـەو چاکبوونەوەیـە بووبێـت. بـەڵام لـە هەمانکاتـدا و لـە کاتـی پێکـەوە هاتنەخـوارەوەی ئـەو دوانـەدا خەریـک بـوو شـتێکی ناخۆشـیش روو بـدات. گوورپەمیەکـە لـە چاوەڕوانـی کردنـدا گـرد ببوونـەوە و تۆپەڵیـان بەسـتبوو. تۆپـەڵ بەسـتنیش شـتێکە کـە هەرگیـز بـاش نییـە. خولەکـەکان تـەواو بـوون و چـاوەکان هەمـوو بـە ئەبڵەقـی دەیانڕوانییـە ئـەو فڕۆکـە بچووکـە دوو چیـن باڵـەی، کـە لەبـەر تیشـکی خۆرەکـە بـە زەقـی دەدرەوشـایەوە. لێـرەدا خەریـک بـوو فڕۆکەکـە وەک شـتێکی رەق بتەقێتـەوە.

ترەڤـڵ ئێیەرەکـە هەندێـک خـاو بـۆوە، سـووڕێکی بچووکـی خـوارد بـە دەوری خۆیـدا و ئەمجـا وەک دەفرێکـی فڕیـوی خـاوڕەو بـە ئاراسـتەی پەرژینەکـە بـەرەو زەوی رووی لـە نیشـتنەوە کـرد. ئەگـەر ئـەو یـەک تـۆز هۆشـی بـە خـۆی هەبوایـە وای دەکـرد گەشـتیارەکەی لەوسـەری کێڵگەکـە بنیشـێتەوە. خێـرا دەنیشـتەوە و لـە پێشـچاو ون دەبـوو.

خەڵکـی زۆرتـر بـەرەو ئێمـە دەهاتـن. کورسـییەکی چەرخـداری تریـش پەیـدا بـوو، کچێـک بـە راکـردن پاڵـی پێیـەوە دەنـا. دان فڕۆکەکـەی بـەرەو گوورپەمیەکـە هێنـا. بـەدەوری ئەوانـدا فڕۆکەکـەی سـووڕاندەوە، بـۆ ئـەوەی پەروانەکـەی دوور بخاتـەوە. مەکینەکەیـی کوژانـدەوە. خەڵکەکـە بـەرەو کابینەکـەی رایـان کـرد. تـا خولەکێکیـش هـەر چاوەڕوانیـی ئـەوەم دەکـرد، کـە ئێسـتا ئـارم و نیشـانە بـە بۆدیـی فڕۆکەکـەوە نەهێڵـن تـا بگـەن بـەوەی هـەردوو کەسـەکەی نـاوی دابگـرن.

باشـه ئـەوە گـوورِدەم بـوو؟ نازانـم. مـن بـەرەو فرِۆکەکـەی خـۆم رۆیشـتم. سـکلێتەری وزەکـەم شـێلا، سـوورِێکیش پەروانەکەیـم سـوورِاندەوە بـۆ ئـەوەی مەکینەکـە بخەمـە گـەرِ. ئەمجا چوومـە نـاو کابینەکـەی خۆمـەوە، ڕووی فرِۆکەکەمـم بـە ئاراسـتەی بـادا وەرچەرخانـد و فرِیـم. دواچرکـەش، کـە چـاوم بـە دۆنەڵـد شـایمۆدا کـەوت بەسـەر کەنارێکـی فرِۆکەکەیـەوە دانیشـتبوو. ئاپـۆرای گـوورِدەم لێـی گـرد ببوونـەوە.

رووم بـەرەو رۆژهـەڵات وەرسـوورِاند، ئەمجـا بـەرەو باشـووری رۆژهـەڵات. پـاش ماوەیەکـی کـەم، کـە یەکەمیـن کێڵگـەم دۆزییـەوە دار و سـێبەر و کانییەکیشـی لێبـوو بـۆ ئاوخواردنـەوە، لام دا بـۆ ئـەوەی شـەو لـەوێ بمێنمـەوە. ئـەو شـوێنە زۆر لـە ئاوەدانییـەوە دوور بـوو.

(شەش)

هەتـا ئەمـرِۆش ناتوانـم بڵێـم، کـە ئـەوە چـی بـوو بەسـەر منـدا هـات. ئـەوەی هەبـوو تەنهـا ئـەو هەسـت بـە عـەزاب کردنـە بـوو، کـە منـی هەڵگـرت و دووری خسـتمەوە، دوور خسـتنەوەیەک، کـە تەنانـەت لـە دۆنەڵـد شـایمۆدای هـاورِێ نامـۆ و عەجایەبەکەشـم دووری خسـتمەوە. ئەگـەر پێویسـت بێـت لەگـەڵ عەزابـدا رابێـم، ئـەوا لـەو بروایـە دام تەنانـەت مەسـیح خۆشـی ئـەو توانایـەی نییـە، کـە وام لێبکاتـەوە بکەومـەوە گـەرِان.

ئـەو کێڵگەیـەی، کـە هـەوارم تێـدا خسـت، مەزرایەکـی کـراوەی بێدەنـگ بـوو بـەرەو ئاسـمان کـراوە بـوو. تاکـە دەنگێـک کـە دەمبیسـت، چۆرِەچـۆرِی کانیلەیـەک بـوو، کـە بـە ئاسـتەم دەگەیشـتە گـوێ. دیسـانەوە تەنهایـی. مـرۆڤ لەگـەڵ تەنهاییـدا رادێـت، بـەڵام وەرە بـۆ مـاوەی یـەک رۆژ تەنهاییەکـەت بشـکێنە، دوایـی دەبینـی، کـە دیسـانەوە دەبێـت لەگەڵیـدا ڕابێیتـەوە. هەمـوو جارێـک لـە سـەرەتاوە تەنهایـی دەسـت پێبکەیتـەوە.

بـە دەنگێکـی بـەرز بـە مەزراکـەم گـوت: « ئـەوەش بـۆ ماوەیـەک خـۆش بـوو». «هـەم خـۆش بـوو، هـەم منیـش دەبـوو لـەو کابرایـەوە شـتێک فێـر ببـم. بـەڵام برِێکـی زۆری

گوورِدەمـی خەڵکیشـم بینـی.. خەڵکـی ئاسـوودە.. خەڵکـی ترسـاو.. لەوانـەی کـە دەچـوون بـۆ لـە خاچـدان یـان بـۆ سـوژدەبردن بـۆ کەسـێک.. ئـای.. داوای لێبـوردن دەکـەم، ئـەوەی مـن بینیـم زۆر بـوو زۆر.»

ئـەو شـتانەی، کـە خـۆم گوتـم، لـە کورتـی قسـەکەیان پـێ بڕیمـەوە. بەڕاسـتی ئـەو شتانەی مـن گوتـم لـەوە دەچـوون قسـەی شـایمۆدا بـن. بۆچـی شـایمۆدا لـەوێ مایـەوە؟ ئـەو هەسـتەم هەبـوو، کـە بـڕۆم، هەروەهـا هەرگیـز مـن مەسـیحیش نەبـووم.

وەهمـەکان، ئـەو مەبەسـتی لـە وەهمـەکان چـی بـوو؟ ئـەو گوتنـەی ئـەو لـە هەمـوو گوتـن و کردەوەیەکـی ئـەو مانـای زیاتـری هەبـوو، ئـەو کـە گوتـی «هەمـووی هـەر وەهمـە» زۆر دڕنـدە بـوو، وەک ئـەوە وابـوو، کـە بیەوێـت بـە هێزێکـی ڕەهـا بیرۆکـەی وەهـم بوونەکـە لەنـاو مێشـکی منـدا بتەقێنێتـەوە. ئەمـە گرفتێـک بـوو.. باشـە، بـەڵام مـن دیارییەکـەی نـاو ئـەو گرفتـەم دەویسـت. ئەگەرچـی تـا ئێسـتاش لـەوە تێنەگەیشـتووم، کـە ئـەو مەبەسـتی چـی بـوو.

پـاش ماوەیـەک ئاگرێکـم کـردەوە، ژەمێـک خواردنـم لێنـا، هەندێـک گۆشـتەو ردەم لامابـۆوە، لەگـەڵ هێنـدەی چنگێـک سـۆیا و شـەعریەی وشـک و دوو لەفـەی هەمبەرگـری هـۆت دەوگـی سـێ ڕۆژی پێشـوو بـوو، کـە دەبـوو بـە باشـی بیانکوڵێنـم بۆئـەوەی بـە کەڵکـی خـواردن بێـن. سـەبەتەی هەڵگرتنـی کەرەسـتە خۆراکییەکانـم لـەلای قوتـوی سـەوزە هەڵگرتنەکـەوە شـکابوو. بەبـێ هـۆ لـە خۆمـەوە چـووم مەنجەڵێکـی نـۆ بـە شـازدەم هێنـا، سـەیرێکم کـرد، شـۆردم، پاکـم کـردەوە و گۆشـتەکەم تێیـدا لێنـا.

خـۆم بـە تەنهـا بـووم، دوور لـە ڕووتـان، کەسـی لـێ نەبـوو چاودێریـم بـکات، هـەر بـۆ ڕابـواردن ویسـتم مەنجەڵەکـەم هەڵبـدەم بـە ئاسـماندا، بزانـم داخـۆ وەک ئـەوەی شـایمۆدا بەسـەر بـاوە دەوەسـتێت! کـە ڕاسـت و ڕێـک بـەرەو سـەرەوە هەڵـم دا و چـاوم نووقانـد، بـۆ مـاوەی نیـو چرکـە وام هەسـت کـرد، کـە مەنجەڵەکـەم بەسـەر بـاوە وەسـتابێت، بـەڵام

دوای ئـەوە یەکسـەر قلّـپ بۆوە بەسـەر گیاکـە و بەسـەر ئەژنۆمـدا و خەونـی وەسـتانەکەیم نەهاتـەدی، باشـە خـۆ ئەویـش هـەروا هەڵـی دا، ئـەی ئـەوەی ئـەو چۆن وەسـتا؟

باشـە، کاک شـایمۆدا ئەگـەر ئەمانـە هـەر هەموویـان وەهـم بـن، ئـەی کەواتـە راسـتی چییـە؟ ئـەی ئەگـەر ئـەم ژیانـەی ئێمـە وەهـم بێـت، ئیتـر بۆچـی پێویسـتە بیگۆزەرێنیـن. دواجـار مـن وازم هێنـا، دووجـاری تـر مەنجەڵەکەمـم هەڵـدا بـە ئاسـماندا و وازم هێنـا. وازهێنانەکـەش لەپڕێکـدا خـۆش بـوو بـۆ مـن، لەپڕێکـدا خۆشـحاڵ بـووم بـەوەی کـە خـۆم لـە چ هەلومەرجێکدا بـووم، بـەوەی کـە ئـەو شـتانەم دەزانـی کـە دەمزانیـن، ئەگەرچـی ئـەو زانیارییانـەی مـن وەڵامێـک نەبـوون بـۆ پرسـیاری «بـوون» یـان هیـچ نەبێـت بـۆ پرسـیاری وەهمـەکان.

هەندێـک جار کـە بـە تەنهـا دەبـم گۆرانـی دەڵێـم. گۆرانیـی (ئـۆە مـی ئەنـد ئـۆڵ پەینـت) ئەمجارەش ئـەو گۆرانییـەم گوتـەوە، بـە باڵـی فڕۆکەکـەم تەپڵـم لێـدەدا. خۆشەویسـتییەکی راسـتەقینەم بـۆ شـتەکان هەبـوو (لەیـادت بێـت، کـە کـەس نییـە گوێـی لێگرتبێـت):

«ئێمە دەڕوانینە ئاسمان

...بە هیواوە بەدوای کێڵگە و پاکژەکاندا دەگەڕێین

تا ئەودەمەی یەکێکمان دەستی دەکەوێت»

ئـاواز و هۆنـراوەی ئـەم گۆرانییـە خـۆم دامنـاون، بـەردەوام دەبـم «ئـەوەی کـە کێڵگەکـە دەدۆزێتـەوە مـن نیـم..

لەناو ئەو رەنگانەدا.. تۆ راگرێکی فڕۆکەکەت دەشکێنیت...

منیش بە وایەرێکی کێشکراو،

فڕۆکەکەت دەبەستمەوە بەوەی خۆمەوە و پێکەوە دەفڕین،

بەردەوام دەبین لە فڕین»

کاتێـک ئاسـووده بـم و بـەردەوام بـم لـە گوتـن، هۆنراوەکانـم کۆتاییـان نایـەت، لەبەرئـەوەی کێشـی هۆنراوەکانـم ئەوەنـدە قـورس و سـەخت نەبـوون. وازم لـەوەش هێنـا بیـر لـە گرفتەکانـی مەسـیحیش بکەمـەوە. ڕێگایەکـم نەدۆزییـەوە ئـەوەی پـێ گەڵاڵـە بکـەم، کـە داخـۆ ئـەو کـێ بـووە و مەبەسـتەکانی چـی بـوون. وازم هێنـا و وا دەزانـم هـۆکاری ئاسودەییەکەشـم ئـەو وازهێنانەمـە.

دەوروبـەری سـەعات دە بـوو ئاگرەکـەم کوژایـەوە و منیـش گۆرانییەکەمـم تـەواو کـرد. کـە بەتانییەکەمـم لەژێـر باڵـی فڕۆکەکـەم دەردەهێنـا، گوتـم: «تـۆ لـە هـەر کوێیـەک هەیـت شـایمۆدا، هیـوای فڕینـی ئاسـوودە و هیـوای ئەوەشـت بـۆ دەخـوازم گووڕدەمـت نەبێـت ئەگـەر ئـەم دوو شـتە خـۆت حـەزت لێیـان هەبێـت.. نـا نا..ئـەو وتانـەم دەگەڕێنمـەوە و دەڵێـم، ئـەی مەسـیحی تەنهـا و خۆشەویسـت، هیـوای ئـەوەت بـۆ دەخـوازم، کـە حـەزت لـە هـەر چییـەک هەیـە بێتـە سـەر ڕێگـەت.»

کـە کراسـەکەمم داکەنـد، کتێبـە دەسـتییەکەی ئـەو لـە گیرفانەکـەم کەوتـە خـوارەوە، خـۆی چـۆن کرابـۆوە منیـش ئـاوا دەسـتم کـرد بـە خوێندنـەوەی:

ئەو گرێبەستەی، کە
خێزانە راستەقینەکەی تۆ پێکەوە گرێ دەدات
پەیوەندیی خوێن نییە،
بەڵکوو ئەو ڕێزەیە، کە بەرانبەر بە یەکتر هەتانە
ئەو خۆشییەیە، کە لە ژیانی یەکتری دەیبینن.
کەم جار هەڵدەکەوێت
ئەندامانی یەک خێزان
هەموویان پێکەوە لەژێر یەک سەقفدا
گەورە ببن.

من ئەوەم نەزانی، کە ئەو شتە نوسراوانە چۆن بەسەر خۆمدا پیادە دەبوون. ئەوەشم هێنایەوە بیری خۆم، کە هەرگیز بوار نەدەم هیچ کتێبێک جێگەی بیرکردنەوەی خۆم بگرێتەوە. دزەم کردە ژێر بەتانییەکەوە. وەک چرایەکی کوژاوەم لێهات، گەرم و بێ خەون لەژێر ئاسمانێک و چەند هەزار ئەستێرەی جواندا، ئەو ئەستێرانەی کە هەموویان وەهم بوون، ئەگەر هەمووشیان وەهم نەبن، ئەوا دڵنیام جوانەکانیان وان.

کە خەبەرم بۆوە دەمی خۆرهەڵاتن بوو، تیشک و سێبەرە زێڕینەکان هەڵکشابوون. ئەوەی کە منی خەبەر کردەوە تیشکی رۆشناییەکە نەبوو، بەڵکوو ئەوە بوو، کە زۆر بە نیانی لەسەرمی دەدا. یەکەم جار گوتم لەوانەیە پووشێک بێت با یاریی پێبکات، کە بۆ جاری دووەم دایەوە لەسەرم گوتم لەوانەیە قالۆنچەیەک بێت بە جووڵەیەکی دڕندانە پەلەپڕووزەی کردبێت و هێندەی نەمابێت سەرم بشکێنێت. کە سەیرم کرد ئیسپانەیەکی سەر ڕینگی نۆ بە شانزە بوو، کە لە ئاسنێکی زۆر رەق دروست کراوە، زۆر بە خێرایی خۆی هەڵدا. لەپڕا راپەڕیم و سەیرم کرد ئیسپانەکە باڵی فڕۆکەکەمی لێکردبۆوە، بۆ خولەکێک ئیسپانەکە خۆی لەناو گیاکەدا شاردەوە، کەچی جارێکی تر بەکاوەخۆ هەستایەوە و لەناو هەوادا سووڕێکی خوارد. من هەر سەیرم دەکرد، بە تەواوییش بێدار ببوومەوە، بینیم بە نەرمی بەربۆوە بۆ سەرزەوی و بەبێ جووڵە لێیکەوت. لەم کاتەدا بیرم بۆئەوە چوو دەستی بۆ ببەم هەڵیبگرمەوە، هەر هەمان ئەو ئیسپانە کۆنە نۆ بە شازدەیەی خۆم بوو، کە خۆشم دەویست، هەمان قورسییەکەی خۆیی هەبوو، ئەو ئیسپانە بەکارەبوو، کە هەموو برغو و بۆڵتە ژەنگگرتوەکانی دەکردەوە.

«ئەی بە دۆزەخ بچیت»

من هەرگیز وشەی دۆزەخ و نەفرەت و ئەو شتانە بەکار ناهێنم، وەک منداڵ ورکیان پێوە ناگرم. بەڵام ئەمجارە بەراستی حەپەساو بووم و هیچ شتێکی ترم دەست نەکەوت بیڵێم. ئەرێ ئەو ئیسپانەیەی من چیی لێ قەوماوە؟ خۆ دۆنەڵد شایمۆدا هەر لە

ئاسمانیشـەوە لـە شـوێنی خۆیـەوە بـۆ ئێـرە بـەلای کەمـەوە شەسـت میـل دوورە. دەسـتم دایـە ئیسـپانەکە و هەڵمگرتـەوە، کێشـم کـرد، خۆمـم وەک مەیموونێکـی پێـش مێژوویـی هاتـە پێشچاو، کـە ناتوانێـت لـەوە تێبـگات بۆچـی چەرخەیـەک لـە پێشـچاوی ئـەو دەسووڕێتەوە. ئـەم سـووڕانەوەیە دەبـێ هۆکارێکـی زۆر سـادەی هەبێـت.

دواجـار وازم هێنـا، بێـزار بـووم، ئیسپانەکەشـم خسـتە نـاو سـندووقی کەرەسـتەکانمەوە و ئاگرێکـم بـۆ گـەرم کردنـەوەی تـاوەی نانەکـەم کـردەوە. بەرنامـەی سەرکێشـانم بـۆ هیـچ شـوێنێک نەبـوو، بەزۆریـش لـەوە دەچـوو کـە ئەگـەر پێـم بـاش بێـت تـەواوی ڕۆژەکـە لێـرەدا بمێنمـەوە.

نانەکـەم لەنـاو تاوەکەیـدا بـاش هەڵهاتبـوو. وەختـی ئـەوەی هاتبـوو هەڵیبگێڕمـەوە سـەر دیوەکـەی تـری، ئـاگام لێبـوو لـە ئاراسـتەی بـەرەو ڕۆژئـاواوە دەنگێـک هـات.

گومانێـک لـەوەدا نەبـوو، کـە ئـەو دەنگـە دەبێـت هیـی فڕۆکەکـەی شـایمۆدابێت، ئەگـەری ئـەوە نەبـوو، کـە جگـە لـە ئـەو کەسـێکی تـر هەبێـت بتوانێـت شـوێن پێـی مـن هەڵبگرێتـەوە و لەنـاو ئـەو ملیۆنـان کێڵگەیـەی ناوچـەی ناوەڕاسـتی ڕۆژئـاوادا بـگات بـە ئێـرە. بۆیـە دەمزانـی ئـەوە هـەر ئـەوە. دەسـتم کـرد بـە فیکەلێـدان، سـەیری نانەکـەم و ئاسـمانم دەکـرد و هەوڵـم دەدا قسـەیەکی زۆر ئـارام و لەسـەرەخۆ بدۆزمـەوە، بۆئـەوەی کـە ئـەو نیشـتەوە پێیبڵێـم.

بەڵـێ، ترەڤـڵ ئێیەرەکـەی ئـەو بـوو، زۆر باشـە، بـە نزمـی بەسـەر فڕۆکەکـەی منـدا فـڕی، بـە پێچکردنەوەیـەک وەک کۆتاییهێنـان بـە نمایشـەکەی، بەنـاو بـادا خـاوی کـردەوە و لـە خێرایـی شەسـت میـل بـۆ یـەک سـەعات واتـە لـە ئـەو خێراییـەدا، کە دەبێـت ترەڤـڵ ئێیەرێک پێـی بنیشـێتەوە، بـەرەو زەوی هـات، بـەرەو تەنیشـتم کشـا و مەکینەکەیـی کوژانـدەوە. مـن هیـچ شـتێکم نەگـوت، دەسـتێکم بـۆ ڕاوەشـاند، بـەڵام ئیتـر فیکەشـم لـێ نـەدا.

ئەو، لە کابینەکەی هاتە دەرەوە و بەرەو ئاگرەکە ڕۆیشت: «سڵاو ریچارد»

منیش گوتم: «درەنگ هاتیت، نانی ناو تاوەکەم خەریکە دەسوتێت.»

«ببورە.»

مـن کوپێـک ئـاوی گەرمـی بـە هەڵـم و پارچەیـەک نانـم لەسـەر سـەرە تەنەکەیـەک دایەدەسـتی و یـەک چنـگ ڕۆنـی ڕووەکیـی مارگەرینیشـم دایـە دەسـتی.

لێم پرسی : «چۆنت گوزەراند؟»

ئەویـش بـە نیـوە بزەیەکـەوە گوتی:»بـاش بـوو، تێپـەڕی، قووچانـدم و سـەری خۆمـم دەربازکـرد.»

«هەندێک گومانم لەلا دروست ببوو، کە نەتوانیت»

ماوەیـەک بـە بێدەنگیـی مایـەوە و نانەکـەی خـوارد، دواجـار، کـە کەوتـەوە قسـە بیـری لـەلای خواردنەکـەی بـوو، گوتـی: «بەڕاسـتی ئەمـەی خـواردم شـتێکی زۆر خـراپ و بێکەڵـک بـوو.»

منیـش بـە گاڵتەجاڕییەکـەوە پێـم گـوت: «کـەس پێـی نەگوتبوویت، کـە تـۆ دەبێ نانـە تاوەکـەی مـن بخۆیـت.»

«ئـەوە بۆچـی هەمـوو کـەس ڕقـی لـە نانەتاوەکـەی مـن دەبێتـەوە؟» «کـەس نییـە حـەز لـە نانەتاوەکـەی مـن بـکات، ئـەرێ ماسـتەری هەڵکشـاو دەبێـت هـۆکاری ئەمـە چـی بێـت؟»

«باشـە» قاقایەکـی گـەورەی تێکـرد و گوتـی مـن ئێسـتا وەک نێردراوێکـی خواوەنـد قسـە دەکـەم «ئـەوە لەبـەر ئەوەیـە، کـە تـۆ خـۆت پێتوایـە، کـە باشـە، لەبەرئـەوە تامەکەشـی بـۆ

خۆت باش دەبێت. وەرە خۆت بیخۆ و ئەو بڕوا قووڵ و بەهێزەت پێی نەبێت، هەست دەکەیت، کە ئەمەی دەیخۆیت ئاگرێکە، بەرهەمێکی ئاشێکی ئاردە کە لافاو لێیدابێت، ئەی وانییە؟ وابزانم بەنیازبوویت تۆزێک گیاشی تێبکەیت؟»

دیاربوو کەوتمە تەڵەوە» ببورە، پێدەچێت وابێت، بەڵام تۆ پێت وانییە، کە مەسەلەکە لە خوودی نانەکەدا بێت، نانە رووتەکەی ناو تاوەکە، پێت وانییە وابێت؟»

هەموو ئەو شتانەی دایەوە بە دەستمەوە کە من دابووم پێی، گوتی «برسیبوونەکەم پێ باشترە. قۆخەکانت پێ ماوە؟»

«لە قوتووەکە دان»

باشە ئەو چۆن منی لەناو ئەم کێڵگەیەدا دۆزییەوە؟ لە دووریی دە هەزار میلی فڕینەوە ئەم پێدەشتە بیست و هەشت پێییەی لای منی چۆن دۆزییەوە، خۆ ئەمە دۆزینەوەی ئامانجێکی ئاسان نییە! بەتایبەتیش ئەگەر رووە و هەتاو بفڕیت، بەڵام بڕیاری خۆمم یەکلایی کردەوە، کە لێی نەپرسم، ئەگەر ئەو خۆی مەبەستی بێت پێم بڵێت، ئەوا پێم دەڵێت.

خۆمم پێ نەگیرا، پرسیم «تۆ چۆن منت دۆزییەوە؟ خۆ شوێن نەما من لێی لانەدەم تا ئێرە؟»

ئەویش قوتووی قۆخەکەیی هەڵپچڕی و بە چەقۆیەک لێی هەڵدەگرت و دەیخوارد. ئەوەش فێڵێکی ئاسان نەبوو.

پارچەیەک قۆخی لێ بەربۆوە و گوتی: «وەک کێشکردن»

«سەیرە؟»

«بۆچی سەیرە، ئەوە یاسایەکی گەردوونە.»

«وایە.»

نانەکـەی خۆمـم تـەواو کـرد و ئەمجـا بنـی تاوەکەمـم بـە لـم سـڕییەوە. بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە نانێکـی بـاش بـوو.

«دەکرێ ئەوەم بۆ روون بکەیتەوە، کە چۆن من وەک خودێکی باڵا وام لەلای تۆ؟»

یـان کـە دەڵێیت «وەک» مەبەسـتت لـە چییـە؟ مەبەسـتت ئەوەیـە، کـە فڕۆکـەکان وەک یەکن، یـەک جـۆرن؟

ئـەو گوتـی: «ئێمـەی پـەرجـوو خولقێنـەرەکان بـە یەکتـرەوە دەلکێیـن؟» ئـەم رسـتەیەی، کـە گوتـی هـەم بەسـۆز بـوو، هـەر ترسـێنەریش بـوو؟

«ئـای دان؟ لەوانەیـە مەبەسـتت لـەو دوایـیـن گوتەیـەت ئـەوە بێـت، کـە چیـت لـە دڵ دایـە پێـم بڵێیـت.. بەڕاسـت ئێمـە کارپێکـەری پەرجوویـن؟»

هــەر لــەلای شــوێنی ئیســپانە نــۆ بــە شــازدەکەی ســەر ســندووقی کەرەســتەکانمەوە، ویسـتم پێـی بڵێـم، کـە ئـەوە تـۆ بوویـت ئـەم بەیانییـە ئیسـپانە کۆنـە سـەر ڕینگەکـەی منـت دەجووڵانـدەوە. ئەگـەر هەڵـەم، پێـم بڵـێ»

گوتـم: «مـن هیچـم شـتێکم نەدەجووڵانـد، لـە خـەو راپەڕیـم، ئـەو شـتە بـوو خەبـەری کردمـەوە، خـودی ئـەو شـتە بـوو.»

«ئای.. ئەوە؟ لە خۆیەوە؟» بە من پێکەنی.

«بەڵێ، لە خۆیەوە.»

«ریچارد، ئەو تێگەیشتنەی تۆ لەبارەی کار بە پەرجوو کردنەوە هەر وەکوو ئەو تێگەیشتنەت وایە، کە لەبارەی کولێرە سازکردنەوە هەتە.»

هیچ وەڵامی ئەوەم نەدایەوە، بەڵکوو خۆمم لسەر جێگەی راکشانەکەم درێژ کرد، هەرچەند توانیم خۆمم بێدەنگ راگرت، بۆئەوەی ئەگەر ئەو شتێکی پێبێت بۆ گوتن، با بە ئیسراحەتی خۆی بیڵێت و کاتێکی باشی هەبێت بۆ گوتن.

«هەندێک لە ئێمە بە نیمچە ئاگایانە دەست دەدینە فێربوونی ئەم شتانە، بەڵام هۆشی ئاگایانەی ئێمە ئەو شتانەی پێ پەسەند ناکرێت، لەبەرئەوە ئێمەش پەرجووەکانی خۆمان لە کاتی خەوتنماندا ئەنجام دەدەین. «

ئەو سەیرێکی ئاسمانی کرد و یەکەمین پەڵە هەورە وردەکانی بەیانیی بینی «بێ ئارام مەبە ریچارد، ئێمە هەموومان لەسەر رەوتی فێربوونی زیاترین. ئێستا فێربوون خۆی زۆر بە خێرایی دێت بۆ لات، پێش ئەوەی خۆت پێ یبزانیت  تۆ بوویت بە پیرە مایسترۆیەکی رۆحی.»

«مەبەستت لەوە چییە، کە دەڵێیت پێش ئەوەی خۆم پێبزانم؟ من خۆم نامەوێت بیزانم! من نامەوێت هیچ شتێک بزانم.»

«تۆ ناتەوێت هیچ شتێک بزانیت.»

«باشە من دەمەوێت ئەوە بزانم، کە بۆچی جیهان بوونی هەیە، ئەی جیهان چییە! بۆچی من لێرە دەژیم، ئەی پاش ئەمە بۆ کوێ دەچم؟ دەمەوێت ئەوە بزانم، یان ئەمەوێت ئەوە بزانم، کە ئەگەر خۆم بمەوێت، چۆن دەتوانم بەبێ فڕۆکە بفڕم.»

«داوای لێبوردن دەکەم»

«داوای لێبوردن لەبارەی چییەوە دەکەیت؟»

«شتەکان وا ئیش ناکەن. ئەگەر تۆ فێری ئەوە ببیت، کە ئەم جیهانە چییە، چۆن کار دەکات، ئەوا ئۆتۆماتیکییانەش دەست دەکەیت بە پەرجوو نواندن، ئیتر چ شتێک پاش ئەوە دەمێنێتەوە، کە ناوی پەرجوو بێت بۆ تۆ؟ بێگومان هیچ شتێک پڕپەرجوو نییە. تۆ فێری ئەو شتانە ببە، کە سیحربازەکان دەیزانن، ئیتر شتەکان وەک سیحر نامێننەوە لەلات.» سەیرێکی قووڵایی ئاسمانی کرد و گوتی «تۆ خۆت ئێستا ئەم شتانە دەزانیت، هەر هێندە هەیە، کە لەوە بێئاگایت، کە دەیانزانیت، هێشتا پێت نەزانیوە.»

کە گوتم: «پێدەچێت من عەقڵم لەدەست دابێت، ئەوەم لە یادنییە دەیڵێیت، لە یادم نییە کە تۆ لەمنت پرسی بێت داخۆ دەمەوێت ئەو شتە فێر ببم یان نا. ئەی ئەو شتە چییە، کە ئەو هەموو گووڕدەم و شپرزەییەی لە دەوری ژیانی تۆ کۆ کردۆتەوە؟»

من کە وام گوت، وای بۆ دەچووم، کە ئەو پێم بڵێت، کە دواتر یادم دەکەوێتەوە و راستبوونەکەی ئەویش دەردەکەوێت.

ئەویش لەناو گیاکەدا راکشا، ئەو هێندە ئاردەی، کە لەناو توورەکەکەدا مابۆوە کردی بە سەرین بۆ خۆی. گوتی: «سەیر کە.. تۆ لەبارەی گووڕدەمیەکەوە نیگەران مەبە، هەتا تۆ خۆت نەتەوێت، ئەوان ناتوانن دەستت لێ بدەن.. لە یادت بێت تۆ سیحریت.. نابیندرێیت..ڤڤڤڤ بەناو دەرگاکاندا دەڕۆیت»

«بەڵام گووڕدەمیەکەی ناو ترۆی تۆیان برد، وا نەبوو؟»

«ئەی ئایا من گوتومە نەمویستووە بمبەن؟ خۆم بوارم بە ئەوە دا، حەزم لێی

بـوو. هەمیشـە لەنـاو هەریەکـە لـە ئێمـەدا بەرازێکـی بچکۆلـە هەیـە، ئـەوە خۆمانیـن وەک ماسـتەر سـەرکوتی دەکەیـن»

«ئەی مەگەر تۆ وازت نەهێنا، ئەوە نەبوو کە من خوێندمەوە، کە تۆ....؟»

«ئـەوە شـێواز و ڕێگـەی ڕوودانـی شـتەکان بـو وابـوو، لـە ڕۆژگارێکـدا دەبـوو مـن ببـم بـە تاکـە مەسـیحی فوولتایـم. لـەو ئیشـەی خـۆم سـارد ببوومـەوە کـە دەمکـرد، بـەڵام شـتێک، کـە چەنـد کاتێکـی ژیانـم لەگەڵیـدا بەسـەر بردبێـت، ناکرێـت هیچـی لـێ فێـر نەبـم، ئایـا دەکرێـت و دەتوانـم؟»

چاوەکانمـم نووقانـد، قرچەقـرچ پووشـەکەی ژێرمـم پڵیشـاندەوە. گوتـم: «سـەیرکە دۆنەڵـد، هـەوڵ دەدەیـت چیـم پـێ بڵێیـت، بـۆ ڕاسـت و ڕەوان نایەیتـە پێشـەوە و پێـم بڵێیـت، کـە چـی لـە ئـارا دایـە؟»

مـن ماوەیەکـی زۆر بەبێدەنگـی مامـەوە، ئەمجـا ئـەو گوتـی: «لەوانەیـە وا پێویسـت بـکات، کـە تـۆ پێـم بڵێیـت، تـۆ پێـم بڵـێ داخـۆ مـن هـەوڵ دەدەم چیـت پـێ بڵێـم، ئەگـەر هەڵـە بوویـت بـۆت ڕاسـت دەکەمـەوە.»

خولەکێـک بیـرم لـەو قسـەیەی کـردەوە، ئەمجـا بڕیـارم دا تووشـی حەپەسـانی بکـەم، گوتـم: «باشـە، مـن پێـت دەڵێـم» ئـەوەم گـوت و مشـتومالی شـتەکەم کـرد، کـە دەیڵێـم و وەسـتام، بـۆ ئـەوەی بزانـم داخـۆ ئـەو تـا چەنـد دەتوانێـت چاوەڕوانـی گوتنەکـەی مـن بـکات، ئەگـەر ئـەو شـتەی کـە دەیڵێـم زۆر ڕەوان نەبێـت. تـا ئـەو دەمـە هەتاویـش هێنـدە بـەرز بوبـۆوە، کـە کەشـەکە گـەرم بـکات. لـە دوورەوە و لەنـاو کێڵگەیەکـی نەبینـدراوەوە جووتیارێـک تراکتەرێکـی دیزڵـی خسـتەکار، بـەو ڕۆژی یەکشـەممەیە گەنمـە شـامیی دەچانـد.

«باشـە، پێـت دەڵێـم. یەکـەم و پێـش هەمـوو شـتێک، ئـەوە کاری ڕێکـەوت نەبـوو، کـە

یەکەم جار لە فێریس تۆم بینی نیشتبوویتەوە، راستە؟»

ئەو بە بێدەنگی مایەوە و گیاکەش هەندێک هەڵکشا.

«پاشان دووەم، من و تۆ جۆرێک لە رێککەوتنی تەلیسماویمان هەیە، کە وادیارە من لە یادم چۆتەوە چییە، بەڵام تۆ لە یادتە.»

کزەبایەکی توند هەڵیکرد و دەنگی تراکتەرە دوورەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بردی.

بەشێک لە خۆم هەر گوێی دەگرت، ئەو بەشە پێی وانەبوو، کە ئەو شتانەی دەمگوتن هەڵبەستراوبن، وایدەزانی من چیرۆکێکی راستەقینە گەڵاڵە دەکەم.

«دەمەوێ بڵێم ئێمە سێ یان چوار هەزار ساڵی پێش ئێستا یەکترمان بینیوە. رۆژێک کەمتر یان زیاتر. ئێمە لە چەشنی کەسە سەرکێشەکانین. لەوانەیە ئێمە هەردووکمان رقمان لە هەمان چەشنی تێکدەرەکانیش بێت، لەگەڵ خۆشییەکاندا و بەخێرایی بە یەکتری ئاشنا بووین. تۆ زەینێک و یادەوەرییەکی باشترت هەبوو. بۆیە کە گوتت «وەک یەکتر کێشکردن» ئەوە مەبەستت لەوە بوو، کەوا ئێمە جارێکی تر یەکتریمان بینییەوە. ئەوەی گوتت وابوو.»

چڵە پووشێکم هەڵگرت و گوتم: «چۆنم؟»

ئەویش گوتی: «وامدەزانی، ئەوەی دەستت پێکردووە زۆر دەخایەنێت. «

«زۆر دەخایەنێت، بەڵام وادەزانم ئالێرەدا شانسی گوتنی شتێکی تری بچووک و باریک هەیە، کە دەبێت تۆ بیڵێیت، کەواتە تۆ قسە بکە.»

«ئەوە بۆ شتێکی تر، پێویست ناکات، کە من درێژە بە قسەکان بدەم. لەبەرئەوە

تـۆ بەڕاسـت و ڕەوان دەزانیـت، کـە خەڵـک چـی دەزانـن، بـەڵام ئەگـەر مـن ئـەم شـتانەم نەگوتبـا تـۆش نەتدەزانـی کـە مـن بیـر لـە هـەر شـتێک دەکەمـەوە لـە بـواری ئـەو شـتانە دایـە، کـە دەیانزانـم، بەبـێ ئـەو شـتانەش نەمدەتوانـی هیـچ شـتێک لەوانـە فێـر ببـم، کـە دەمەوێـت فێریـان ببم.»پووشـەکەم دادەنێمـەوە « ئـەو شـتە بـەلای تـۆوە چییـە، دان؟ تـۆ بۆچـی بەدەسـت خەڵکانـی وەک منـەوە خـۆت بێـزار دەکەیـت؟ هەرکاتێـک کەسـێک وەک تـۆ پێشـکەوتوو بـوو هەمـوو ئـەو توانـا پەرجـوو خولقێنانـەی وەک بەرهەمێکـی ئاسـایی دێتـە بەردەسـت. تـۆ نـە پێویسـتت بـە مـن هەیـە و نـە هیـچ شتێکیشـت لـەم جیهانـە دەوێـت.»

رووم وەرچەرخاند و سەیرێکیم کرد. چاوەکانی ئەبڵەق ببوون.

گوتی: «وەک گازی ناو ترەڤڵ ئێیەرەکە؟»

منیـش گوتـم: «بەڵـێ راسـتە. هەمـوو ئـەو شـتانەی لەنـاو ئـەم جیهانـەدا بەجێمـاوە بریتییـە لـە بێـزاری. تـۆ کـە بزانیـت کـە هیـچ شـتێک لـەم سـەرزەوییە نییە بتوانێـت کێشـەت بـۆ دروسـت بـکات، ئیتـر پێویسـتت بـە کاری سەرکێشـییانەش نابێـت، تاکـە کێشـەت دەبێـت بـەوەی کـە کێشـەت نییـە!»

پێم وابوو، ئەوەی کە دەیڵێم بەشێکی ترسناکی ناو قسەکانم بێت.

ئەویش گوتی: «ئالەوێدا شتێکت لە بیرکرد. ئەوەم.... «

«لەبـەر گووڕدەمییەکانـی دەورت. خـۆت وات گـوت. هەمـوان ئەوەیـان لـە تـۆ دەویسـت، کـە تـۆ شـتە پەرجووەکانـی خۆیانیـان بـۆ ئەنجام بدەیت.»

«راسـتە، بـەڵام ئـەوەی یەکـەم جاریـان نـا، بەڵکـوو دووەمیـان. ترسـان لـە گووڕدەمـی کراودۆفۆبیـا ئاماژەیـە بـۆ تـۆ نـەک بـۆ مـن. ئـەو گووڕدەمیـەی دەیڵێیـت ئەوانـە ناگرێتـەوە،

کە لە من تێدەگەن، بەڵکوو ئەو جۆرەیانە، کە هەرگیز گوێ لەو شتانە ناگرن، کە من بۆ ئەوە هاتووم پێیان بڵێم. تۆ دەتوانیت نیۆیۆرک بەسەر زەریادا ببەیت بۆ لەندەن، دەتوانیت لەگەڵ هەموو دەست دەرهێنانێکدا پارەی ئاڵتوونی دەربهێنیت و وابکەیت ئەوانیش بە خۆیان نەزانن، دەزانیت وایە؟»

ئەو دەمەی کە وایگوت، من ئەوم وەک تاقانەترین پیاوی دونیا دەهاتە پێشچاو، کە بە زیندوویەتی بینیبێتم. ئەو کەسێکە پێویستی بە خۆراک، پەناگە، پارە و ناوبانگ نییە. ئەو ئامادە بوو لەپێناوی گوتنی ئەو شتانەدا بمرێت، کە بۆ گوتنیان هاتبوو، کەچی کەس نەبوو بە ئاغرییەوە گوێی لێبگرێت.

من رووم گرژ کرد بەرانبەری، گوتم نەوەک بگری، گوتم:»باشە، خۆ خۆت داوات لێکردم ئەم شتانە بڵێم. ئەگەر ئاسوودەیی تۆ بوەستێتە سەر ئەوەی، کە ئاخۆ کەسێکی تر چی دەکات، ئەوا وادەزانم گرفتێکت هەبێت.»

وەک ئەوەی ئیسپانەیەکم کێشابێت بەسەریدا، سەری بەرز کردەوە و چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری. من بۆ خۆم هەمیشە وا بیرم کردۆتەوە، کە ئەوە کارێکی حەکیمانە نابێت، ئەم کابرایە لە خۆم شێت بکەم. کابرا وەک هەورەتریشقە لەپڕا کڵپە بستێنێ.

کەچی ئەو نیمچە بزەیەکی کرد و گوتی: «دەزانی چی ریچارد؟... تۆ..... راست... دەکەیت!»

دیسانەوە بێدەنگ بۆوە، نیمچە حەپەسابوو بەو شتانەی من گوتمن... بەبێ گوێ پێدان، چەند سەعات بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی قسەم بۆ دەکرد، باسی ئەوەم بۆ کرد، کە چۆن یەکترمان بینی، چی هەبوو فێری ببین، هەموو ئەو بیرۆکانە لە زەینمدا بڵێسەیان دەدایەوە، دەتگوت گزنگی بەیان و ئەستێرەی کشاون دەهاتن.

ئەویش زۆر بەبێ جووڵـە لەنـاو گیاکـەدا راکشـا، نەدەجووڵایـەوە. یـەک وشەشـی نەدەگـوت. دەمەونیـوەڕۆ مـن دونیابینییەکانـی خـۆم و هەمـوو وردەکارییەکانیـم بـۆ تـەواو کـرد:» دان... وادەزانـم ئێسـتا دەسـتم بـە گوتـن کـردووە، زۆر شـت ماونەتـەوە بیانڵێـم.. باشـە مـن چـۆن ئـەو هەمـوو شـتانە دەزانـم؟ ئـەم شـتانەم چـۆن بـۆ دێـت؟»

ئەو وەڵامی نەدامەوە.

«ئەگـەر تـۆ چاوەڕوانـی ئـەوەم لێدەکەیـت، کـە خـۆم وەڵامـی پرسـیارەکەی خـۆم بدەمـەوە، ئـەوا ددانـی پێـدا دەنێـم، کـە نایزانـم. ئـەی بۆچـی مـن ئێسـتا دەتوانـم هەمـوو ئـەو شـتانە بڵێـم، لـە کاتێکدا کـە پێشـتر هەرگیـز هەوڵـم بـۆ گوتنـی ئـەو شـتانە نـەداوە؟ ئـەوە چییـە لەمـن روو دەدات؟ «

وەڵامی نەبوو.

«دان، ئیتر وەختی تۆ هاتووە قسە بکەیت، تکایە.»

یـەک وشـەی لـە دەم نەهاتـە دەرەوە. کەچـی مـن کـۆی پانۆرامـای ژیانـم بـۆ گێڕایـەوە، کەچـی مەسیحەکەشـم وەک ئـەوەی هەرچییەکـی پێویسـت بووبێـت، لەنـاو ئـەو وشـەیەدا بیسـتبێتی، کـە لەبـارەی ئاسـوودەییەوە بـوو، بـە زوویـی خـەوی لێکـەوت.

## (حەوت)

بەیانیی چوارشەممەیە و کاتژمێر شەشی بەیانییە و من لە خەو هەڵنەستاوم. گرم و هۆڕ، لە پڕێکدا دەنگێکی زۆر بەرز و گەورە، وەک سەمفیۆنیایەکی لەپڕدا تەقێندراوە، کۆرسێکی هەزار دەنگی چاوەڕوان نەکراوی ناکاو، وشەی لاتینی، دەنگی کەمانچە و تەپڵ وەک وردوخاشکردنی شووشەی گەورە زەوییەکەی خستە لەرزین، فڕۆکەکەم لەسەر تایەکانی کەوتە جووڵان. منیش لەژێر باڵەکانی فڕۆکەکەوە رام کردە دەرەوە، وەک ئەوەی شۆرتێکی٤٠٠ ڤۆڵتی لێیدابم، ببووم بە یەک نیشانەی سەرسووڕمانی گەورە.

ئاسمان تینێکی کەمی خۆر هەڵاتنی هەبوو، گەواڵە هەورەکان بە رەنگێکی خەستەوە ئاوس بوون، بەڵام هەموو ئەمانە بەو دەنگە داینەمیت ئاسایە تەڵخ ببوون.

شایمۆدا بە دەنگێکی بەرز و تووڕەوە هاواری کرد، «رایگرە، رایگرە کاکە، ئەو مۆسیقایە بکوژێنەرەوە، دەی بیکوژێنەوە» کە لەسەر ئەو هەموو دەنگە بەرزانەوە گوێم لە دەنگی بوو. دەنگەکە بڕایەوە و دەنگدانەوەکانیش بەرەو مەودای دوور کشان. پاش ئەوە دەنگی گۆرانییەکی نەرم و پیرۆز هات، خاو و ئارام وەک شنەی بەیان، وەک خەونێکی بێتهۆڤن.

ئەو هەر هیچ باکی بە گۆرانییەکە نەبوو: «سەیر کە، من پێم گوتیت بیکوژێنەرەوە!»

مۆسیقاکە وەستا.

ئەویش گوتی: «ئۆف.»

من هەر سەیرێکیم کرد.

ئەو گوتی: «هەموو شتێک کات و شوێنی خۆی هەیە»

«باشە، کات و شوێن، باشە.»

«تۆزێک مۆسیقای ئاسمانی خۆشە، لە کاتێکی تەنهاییدا و بۆ مێشکی خۆت، یان بۆ بۆنەیەکی تایبەت، بەڵام ئەوە بکەیت بە یەکەم شتی بەیانی و بەو دەنگە بەرزەشەوە بیکەیتەوە؟ تۆ خەریکی چیت؟»

«من خەریکی چی بم دان؟ من خەوتبوم، مەبەستت چییە، کە دەڵێیت چی دەکەیت»

سەرێکی راوەشاند، بێ خواست و ویستی خۆی شانەکانی شل بوونەوە، مشەیەکی کرد و گەڕایەوە ناو کیسە خەوەکەی خۆی، کە لەژێر باڵی فڕۆکەکەدا بوو. کتێبە دەستییەکە بە هەڵگەڕاوەیی لەسەر گیاکە کرابۆوە، خۆی بەربوبۆوە ئەوێ، بە ئاگاییانە هەڵمگرتەوە و خوێندمەوە:

مشتومڕ بکە

لەسەر لەمپەرەکان و سنووردار بوونەکانی خۆت

قسە بکە،

دڵنیابە،

ئەو سنوورداریيانەش هەر هیی خۆتن.

شتی زۆر لەبارەی مەسیحەکانەوە هەبوون و من تێیان نەدەگەشتم.

## (هەشت)

ئـەو رۆژەمـان لـە هایمەنـدی ویسکنسـن بەسـەر بـرد، چەنـد گەشـتیارێکی کەمـی دوشـەممانەمان هەبـوون، گەشـتمان پێکـردن، پاشـان بەپـێ چووین بـۆ شـارێک نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد و ئەمجـا گەڕاینـەوە.

«دان، مـن گەرەنتیـت دەدەمـێ، کـە دەکرێ ئـەم ژیانـە بەپێـی روانینـی ئێمـە دڵگیـر، یـان درێـو بێـت، بـەڵام لـە سـەردەمی زیرەکـی و کارامەییەکەشـمدا هەرگیـز نەمتوانیـوە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی خـۆم بدۆزمـەوە، کـە ئاخـۆ بۆچـی ئێمـە لێرەیـن. شـتێکم لـەم بارەیـەوە پـێ بڵـێ.»

بـە بەردەمـی کۆگای فرۆشـتنی کەرەسـتە دەسـتییەکاندا تێپـەڕ بووین، داخرابـوو. بـەلای شـانۆی فیلـم پێشکەشـکردنەکەدا تێپـەڕ بووین، ئـەو کـراوە بـوو و فیلمـی (بـەچ کاسـیدی ئەنـد زە سـەندەینس کیـدس) کاری دەکـرد، لەبـری ئـەوەی وەڵامـی مـن بداتـەوە، راوەسـتا، لەسـەر شۆسـتەکەوە لای کـردەوە:

«پارەت پێیە، وا نییە؟»

«زۆرم پێیە، بۆ چیتە؟ «

ئەو گوتی: «وەرە با ئەو نمایشە ببینین، تۆ پارە دەدەیت؟»

«نازانـم، دان، تـۆ بـڕۆ، منیـش دەگەڕێمـەوە بـۆلای فرۆکـەکان، حـەز ناکـەم بـۆ مـاوەی زۆر بەجێیـان بهێڵـم.»

ئەو شتە گرنگە چیی بوو لەپڕدا لەبارەی فیلمەوە هاتە ئاراوە؟

«فرۆکەکان عەیبیان نییە، وەرە بابچین بۆ بینینی نمایشەکە»

«ئاخر ئێستا دەستی پێکردووە.»

«ئێ، ئێمەش درەنگ دێینە دەرەوە.»

ئـەو راسـتەوخۆ تیکتـی بـۆ خـۆی کـڕی. منیـش بەدوایـدا ڕۆیشـتم و چووینـە نـاو تاریکییەکـەوە، لـە نزیکـی بەشـی دواوەی شـانۆکەوە دانیشـتین. لـە دەوروبـەری ئێمـەش نزیکـەی پەنجـا کـەس دەبـوون هەموویـان بـە ماتـی دانیشـتبوون.

مـن ئـەوەم لـە یـاد چـوو، کـە ئێمـە بۆچـی هاتبوویـن، بـەڵام پـاش ماوەیەکـی کـەم وەڵامەکەمـم لەنـاو چیرۆکـی فیلمەکـەدا دەسـت کـەوت، ئەگەرچـی مـن هەمیشـە وا سـەیری ئـەم فیلمـەم کـردووە، کـە شـتێکی کلاسـیکییانە بێـت، بەهەرحـاڵ ئەمـە سـێیەمین جـارم دەبێـت، کـە ئـەم فیلمـەی (سـەندەینس) ببینـم، بـەڵام ئـەم جارەیـان لەسـەر شـانۆ گەورەتـر و فراوانتـر و وەک فیلمێکـی بـاش هاتـە پێـش چـاوم. لەبـەر چەنـد هۆیەکـی تەکنیکـی منیـش بـۆ ماوەیـەک سـەیرم کـرد، بـۆ ئـەوەی بزانـم چـۆن هـەر یەکـە لـە دیمەنـەکان نەخشـەیان بـۆ دانـراوە و لەگـەڵ ئـەوەی پـاش خۆیـدا گونجێنـراوە. بۆچـی ئـەم دیمەنـە ئێسـتا پیشـان دەدرێـت و دواتـر پیشـان نادرێـت. هەوڵـم دا ئـەم جارەیـان وا سـەیری بکـەم، بـەڵام نوقمـی نـاو چیرۆکەکـە بـووم و لـە یـادم چـۆوە.

فیلمەکـە لـەوەدا بـوو بـگات بـەو بەشـەی، کـە بـاچ و سـەندەینس لەلایـەن هەمـوو سـوپای بۆلیڤیـاوە گەمـارۆ دراون، واتـە فیلمەکـە لـە کۆتاییەکـەی نزیـک بوبـۆوە، کـە شـایمۆدا دەسـتێکی دا لـە شـانم. لام کـردەوە بەلایـدا، ئـەو سـەیری فیلمەکـەی دەکـرد، حـەزم دەکـرد ئـەو شـتانەی کـە دەیەویسـت بیانڵێـت، دوایـان بخـات بـۆ دوای فیلمەکـە، گوتـی:

«ریچارد»

«بەڵێ»

«تۆ بۆچی لێرەیت؟»

«دان... لەبەرئـەوەی ئـەوە فیلمێکـی باشـە... ووسـس» بـاچ و سـەندەینس، لـە هەمـوو لایەکـەوە خوێـن دەورەی دابـوون، کەچـی ئـەوان باسـی ئەوەیـان دەکـرد، کـە ئاخـۆ بۆچـی

پێویستە بچن بۆ ئوستراليا.

ئەو گوتی: «بۆچی فیلمێکی باشە؟»

«خۆشە... ووسس.. دوایی پێت دەڵێم.»

«لەژێر کاریگەرییەکەی وەرە دەرەوە، ئەمە هەمووی وەهمە، وەهم»

تووڕە ببووم، گوتم: «دۆنەڵد، هەموو چەند خولەکێکی کەمی ماوە، دوای ئەوە تۆ چۆنت بوێت ئاوا قسە دەکەین، با ئێستا سەیری فیلمەکە بکەم، باشە؟»

ئەو بە سوور بوونی لەسەر وەرگرتنی وەڵام و دراماتیکییانە گوتی: «ریچارد، تۆ بۆچی لێرەیت؟»

لام کردەوە بەلایدا و هەوڵیشم دەدا کۆتایی فیلمەکە ببینم، گوتم:»سەیرکە، بۆ ئەوە لێرەم، کە تۆ داوات لێکردم بێم بۆ ئێرە»

«پێویست نەبوو تۆ بێیت، دەتتوانی بتگوتبا نایەم سوپاس»

من گوتم: «حەزم لە فیلمەکەیە» کابرایەک، کە لە پێشمەوە دانیشتبوو، بۆ چرکەیەک لای کردەوە بەلای مندا، من گوتم: «حەزم لە فیلمەکەیە، دان، ئایا ئەوە شتێکی خراپی تێدا هەیە؟»

«نەخێر، هەرگیز.»

ئەو وایگوت و ئیتر یەک وشەی تر لە دەمی نەهاتە دەرەوە، تا فیلمەکە تەواو بو و کەوتینەوە جووڵە و هەستاین و دیمەنی تراکتەرە کۆنەکەمان بینی و لە تاریکییەکەش چووینە دەرەوە بەرەو ناو کێڵگەکە و فڕۆکەکانمان، تۆزێکی مابوو باران بباریێ.

من بیرم لە هەڵسوکەوتە نائاساییەکەی ناو شانۆکەی ئەو دەکردەوە، گوتم: «دان،

تۆ هـەر شـتێک بکەیـت، بەهانەیەکـت بـۆی هەیـە؟»

«هەندێ جار.»

«ئەی بۆ ویستت ئەو فیلمە ببینیت، بۆچی لەپڕێکدا ویستت سەندەینس ببینیت؟»

«تۆ پرسیارێکت کرد.»

«بەڵێ. ئەی تۆ وەڵامێکت هەیە؟»

«ئـەوە وەڵامەکەیـە، ئێمـە لەبـەر ئـەوە چووین بـۆ ئـەو فیلمـە، تـۆ پرسـیارێکت کردبـوو. ئـەو فیلمـەش وەڵام بـوو بـۆ پرسـیارەکەی تـۆ.»

دڵنیا بووم لەوەی کە ئەوکاتەی وای دەگوت پێدەکەنی.

«ئەی پرسیارەکەی من چی بوو؟»

ماوەیـەک بێدەنگییەکـی درێژخایەنـی بـە ئـازار هەبـوو، ئـەو گوتـی :»ریچارد پرسـیارەکەی تـۆ ئـەوە بـوو، کـە تەنانـەت لـە سـەردەمی زیرەکـی و کارامەییەکەشـتدا هەرگیـز نەتتوانیـوە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی خـۆت بدۆزیتـەوە، کـە ئاخـۆ بۆچـی ئێمـە لێرەیـن.»

منیش یادم کەوتەوە و گوتم: «فیلمەکە وەڵام بوو بۆ پرسیارەکەی من؟»

«بەڵێ»

«چۆن؟»

ئەو گوتی: «تێناگەیت؟»

«نەخێر»

ئـەو گوتـی: «ئـەوە فیلمێکـی بـاش بـوو، بـەڵام هێشـتا باشـترین فیلمـی دونیـا بریتییـە لـە وەهمێـک، وایـە یـان نـا؟ ئـەو وێنانـە خۆیـان ناجووڵێنـەوە، بـەڵام وادەردەکـەون، کـە بجووڵێنــەوە، گۆڕانــی ڕووناکییەکــە وا دەکات وا دەربکــەون، کــە بەســەر ئــەو ســکرینە

تەختــەوە بجووڵێنــەوە، کەلــە تاریکییەکــەدا دانــراوە، وایــە؟»

منیش خەریک بوو تێدەگەشتم، گوتم : «بەڵێ باشە.»

«ئــەی ئــەو خەڵکانــەی تــر، خەڵکــی هــەر شــوێنێک، کــە دەچــن نمایشــی هــەر فیلمێــک ببینــن، بۆچــی دەچــن، لەکاتێکــدا، کــە فیلمەکــە تەنهــا وەهمێکــە؟»

منیش گوتم: «بۆ سەرگەرمی»

«رابواردنیش، ئەوە راستە، ئەوە یەک»

«دەشکرێت فیلمەکە پەروەردەیی و فێرکارییانە بێت.»

«باشە. هەمیشە هەر وایە، بۆ فێربوونە، ئەمە دوو.»

«فەنتازیا، هەڵاتن لە شتێک.»

«ئەوەش هەر رابورادنەکەیە، کەواتە یەک.»

«هــۆکاری تەکنیکــی، بــۆ نموونــە بــۆ ئــەوەی بزانیــت، کــە فیلمەکــە چــۆن دروســت کــراوە.»

«ئەوەش فێربوونەکەیە، کەواتە دوو.»

«هەڵاتن لە بێزاری»

«دیسانەوە هەڵاتن، ئەوەشت گوتووە»

منیش گوتم: «هۆکاری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانتدا بیت.»

«ئەمــە هــۆکارە بــۆ رۆیشــتنەکە، نــەک بــۆ بینینــی فیلمەکــە، بەهەرحــاڵ ئەمــەش هــەر رابواردنەکەیــە، یــەک.»

هەرچییەکــی تــرم بگوتبــا، ئــەو بــە دوو پەنجەکــەی هــەر لەگــەڵ ئــەو دوو هــۆکارەدا جێگــەی دەکــردەوە. کەواتــە لەبــەر دوو هــۆ خەڵــک فیلــم دەبینێــت، یەکــەم رابــواردن، دووەم فێربــوون، یــان هەردووکیــان پێکــەوە.

«ئێ فیلمێکیش وەک گوزەراندنی ژیانێک وایە، دان، ئایا ئەمە راستە؟»

«بەڵێ.»

«ئـەی کەواتــە ئیتــر بۆچــی هەنــدێ کــەس بینینــی فیلمێکــی خــراپ یــان فیلمێکــی ترســناک هەڵدەبژێــرن؟»

ئـەو گوتـی: «ئـەوان تەنهـا لەبـەر رابـواردن نایـەن بـۆ بینینـی فیلمـی ترسـناک، ئـەوان کـە دەچـن، خۆیـان دەزانـن فیلمێکـی ترسـناک دەبینـن»

«بەڵام بۆچی؟»

«ئەی تۆ حەز لە فیلمی ترسناک دەکەیت؟»

«نەخێر.»

«هەرگیز بینیوتە؟»

«نەخێر.»

«بـەڵام هەندێـک خەڵـک برێکـی زۆر لـە پـارە و کاتـی خۆیـان لـە بینینـی فیلمـی ترسـناک و گیروگرفتــی زنحیــرە دراماییــە فــرە ئەکتــەری وادا خــەرج دەکــەن، کــە بــەلای خەڵکانــی تــرەوە بێمانــا و بێزارکــەرن، ئەمــە وایــە؟» ئــەم پرســیارەی بــۆ مــن بەجێهێشــت وەڵامــی بدەمــەوە:

منیش گوتم: «بەڵێ»

«تـۆ ناچـار نیـت سـەیری فیلمەکانـی ئـەوان بکەیـت، هەروەهـا ئەوانیـش ناچـار نیـن سـەیری ئەوانـەی تـۆ بکـەن، ئـەم شـتە پێیدەگوترێـت: ئـازادی:»

«بـەڵام هـۆکاری ئـەوە چییـە، کـە هەندێـک لـە خەڵـک حـەز دەکـەن بترسـێندرێن، یـان بێـزار بکرێـن؟»

«لەبەرئـەوەی ئـەوان بۆیـان هەیـە بیبینـن، بـۆ ئـەوەی فێـر ببـن کەسـانی تـر بترسـێنن، یـان لەوانەیـە چێـژ لـە ترسـانەکەی ببینـن، یـان پێیـان وایـە، کـە کاری فیلـم ئەوەیە، دەبێـت بێزارکـەر بێـت. تـۆ بـڕوا دەکەیـت، کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک لەبـەر چەنـد هۆیـەک زۆر بەلایانـەوە خۆشـە وا تێبگـەن، کـە لـە فیلمەکانیانـدا هیـچ یارمەتییـەک پێشـکەش بـە خەڵـک ناکـەن؟ پێـم وانییـە بتوانیـت بـڕوا بکەیـت»

منیش گوتم: «نەخێر، ناتوانم بڕوا بکەم»

«تـا ئەودەمـەی، کـە لێـی تێدەگەیـت بەلاتـەوە سـەیر دەبێـت، کـە بۆچـی هەندێـک خەڵـک نائاسـوودەن. نائاسـوودەن لەبـەر ئـەوەی بـۆ ئـەوە هەڵبژێـردراون، کـە نائاسـوودە بـن. ریچـارد.. ئەمـە زۆر باشـە»

«ئێ»

«ئێمـە بوونەوەرانـی یاریچیـن، بـەدوای بەختەوەرییەوەیـن، ڕێوییەکانـی گەردوونیـن. ناتوانیـن بمریـن. ناتوانیـن زیاتـر لـەوەی کـە وەهمەکانـی سـەر شاشـەکان بـە ئازاربەخـش دەبینیـن، ئـازاری خۆمـان بدەیـن، بـەڵام ئەگـەر خۆمـان بمانەوێـت ئـەوا دەتوانیـن لەنـاو هەربـاس و وردەکارییەکـی باسـی ئازاربەخشـیدا ئـازاری خۆمـان بدەیـن. ئێمـە دەتوانیـن بـڕوا بـەوە بکەیـن، کـە ئێمـە خۆمـان قوربانییـن، کوژراویـن و دەشـکوژین، بـە بەختـی بـاش و بەختـی خراپیـش دەورە دراویـن.»

من پرسیم: »بەدرێژایی چەند وەچە«

«تۆ خۆت چەند فیلمت بینیوە؟»

«ئۆوو»

ئەویش گوتـی: «ئـەو فیلمانـەی، کـە باسـی ژیانـی سـەر ئـەم هەسارەیە دەکـەن، یـان

باسـی ژیانـی نـاو هەسـارەکانی تـر، هـەر شـتێک کـە کاتێـک و شـوێنێک داگیـر بـکات، هەمـووی هـەر فیلمـە و هەمووشـی هـەر لەبـارەی وەهمەوەیـە، بـەڵام لـە کاتێکـدا ئێمـە دەتوانیـن بڕێکـی زۆر شـت فێـر ببیـن و لەگـەڵ وەهمەکانـی خۆشـماندا خۆشـحاڵ ببیـن، وانییـە؟ ناتوانیـن»

«تا چ ئاستێک تۆ ئەم فیلمە بە هەند وەردەگریت..دان؟ «

«تـۆ تـا چەنـدت دەوێـت؟ تـۆ ئەمشـەو فیلمەکـەت بـە پچڕپچڕ بینـی، لەبەرئـەوەی مـن دەمەویسـت بیبینـم. زۆربـەی خەڵـک ئـەو ژیانەیـان لەبـەر ئـەوە پـێ خۆشـە، کـە دەیانەوێـت کاری پێکـەوە هاوبـەش بکـەن. ئەکتەرەکانـی فیلمەکـەی ئەمشـەو پێکـەوە لـە فیلمـی تریشـدا ڕۆڵیـان بینیـوە، یـان لەوانەیـە بتوانیـت لەسـەر شاشـەی جیاجیـاش بیانبینیـت. ئێمـەش بلیت بـۆ ئـەوە دەکڕیـن، کـە ئـەو فیلمانـە ببینیـن، بـۆ ئـەوە لێیـان دەچینـە پێشـەوە، کـە خۆمـان قایلیـن بـڕوا بـە هەقیقەتـی شـوێن و هەقیقەتـی کات بکەیـن. هیـچ کەسـیش لەمـەدا راسـت نییـە، بـەڵام هـەر کەسـێک، کـە نەیەوێـت ئـەو پارەیـە و ئـەو باجـە بـدات، ناتوانێـت لەسـەر ئـەم هەسـارەیە، یـان هـەر سیسـتمێکی تـری کات و شـوێن دەربکەوێـت»

«بۆچی، ئایا هیچ خەڵکێکی وا هەیە لەناو شوێن و کاتدا تەمەنێکی نەبێت؟»

«ئەی ئایا خەڵکێکی وا هەیە، کە هەرگیز نەچووبێت بۆ بینینی هیچ فیلمێک؟»

«مـن پێـم وایـە هەبێـت، ئـەوان بەهـۆی چەنـد ڕێگـەی تـری جیـاوازەوە فێـر دەبـن، وایـە؟»

ئـەو بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە گوتـی: «ڕاسـت دەکەیـت.. مەسـەلەی شـوێن ـ کات قوتابخانەیەکـی زۆر بەراییـە بـۆ فێربـوون، بـەڵام ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک هـەن هـەر لەنـاو وەهمـە کۆنەکانیانـدا دەمێننـەوە، ئەگەرچـی وەهمەکانیـان بێزارکەریـش بـن، ئەوانـە نایانەوێـت بـە زوویـی ڕۆشـناییەکان دابگیرسـێنرێن.»

«دان!.. کێ ئەم فیلمانە دەنووسێت؟»

«ئـەوە شـتێکی نامـۆ نییـە، ئێمـە چەنـد فێـر دەبیـن، کـە ئەگـەر لەبـری پرسـیارکردن لـە خەڵکانـی تـر، تەنهـا لـە خۆمـان بپرسـین. ئـەوە کێیـە ئـەم فیلمانـە دەنووسـێت..... ریچـارد؟»

منیش گوتم: «ئەوە ئێمەین دەینووسین»

«کێ نواندن دەکات؟»

«ئێمە.»

«کامێـراوان کێیـە؟ خـاوەن پرۆژەکـەی کێیـە؟ بەڕێوەبـەری شـانۆ، بلیـت وەرگـر، دابەشـکار، یـان ئـەو کەسـە کێیـە، کـە لـە کاتـی بەڕێوەچوونیـدا سـەیر دەکات؟ کـێ ئـەو ئازادییـەی هەیـە لـە ناوەڕاسـتی فیلمەکـەدا، لـە هـەر کاتێکـدا، هەسـتێت و بچێتـە دەرەوە، یـان کرۆکـی بابەتەکـەی بگۆڕێـت؟ ئـەوە کێیـە، کـە ئـەو ئازادییـەی هەیـە، دواتریـش چەنـد جـاری تـر هەمـان فیلـم ببینێتـەوە؟»

منیش گوتم: «با بیری لێ بکەمەوە و بیخەملێنم.. هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت؟»

ئەویش گوتی: «ئایا ئەوە ئازادییەکی تەواوە بۆ تۆ؟»

«ئـەی بـە هـۆی ئەوەوەیـە، کـە فیلمـەکان زۆر ئاسـتی جەماوەرییـان باشـە؟» ئەوەندەی، کـە ئێمـە بەڕاسـتی وادەزانیـن، کـە فیلمـەکان تەریبـی و هاوڕێـی تەمەنـی ئێمـەن؟

«لەوانەیـە وابێـت و لەوانەیـە واش نەبێـت، ئـەوە زۆر گرنـگ نییـە. ئایـا گرنگـە؟ باشـە، پرۆجێکتـەر چییـە؟»

منیـش گوتم:»هۆشـە، نەخێـر، خەیاڵـە، خەیاڵـی ئێمەیـە، ئیتـر ئـەوەش گرنـگ نییـە، کـە تـۆ چـی دەڵێیـت.»

ئەو پرسی: «ئەی فیلم چییە؟»

«ئەوە بوو بەسەر مندا هات.»

«ئایا فیلم هەر شتێکە، کە ئێمە خۆمان قایل بین بەوەی، کە بیخەینە ناو خەیاڵدانی خۆمانەوە؟»

«لەوانەیە وابێت، دان»

ئەو گوتی: «تۆ دەتوانیت رایەڵی فیلمێک بگریت بەدەستەوە، فیلمێکی تەواوکراو تا کۆتایی، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەشی لە هەمان چرکەدا بگریت بەدەستەوە، بە هەموو ملیۆنان چرکەی رووداوەکانی فیلمەکەوە. بوونی فیلم لە دەرەوەی ئەو کاتە دایە، کە تیایدا تۆمار دەکرێت، بۆیە ئەگەر تۆ خۆت بزانیت فیلمەکە چییە، ئەوا تەنانەت پێش ئەوەی بچیت بۆ شانۆکە بۆ بینینی، دەزانیت لە فیلمەکەدا چی روو دەدات، دەزانیت، کە شەڕ و خۆشیشی تێدا دەبێت براوە، دۆڕاو، رۆمانسیەت، کارەساتی تێدایە. تۆ خۆت دەزانیت، کە ئەو شتانە لەوێدا روو دەدەن، بەڵام بۆئەوەی بابەتەکەی رات بکێشێت و تیایدا قووڵ بیتەوە و لەگەڵیدا رۆ بچیت، بۆ ئەوەی کە بتوانیت ئەوپەڕی چێژی لێ ببینیت پێویستت بەوەیە بیخەیتە سەر پرۆجێکتەر و بواری ئەوەی بۆ برەخسێنیت، کە لەماوەی خولەکێکدا ئامادە بێت و بەناو هاوێنەکاندا گوزەر بکات. هەر وەهمێک پێویستی بە شوێن و بە کات هەیە بۆ ئەوەی بگوزەرێندرێت. کەواتە تۆش لە گیرفانی خۆت یەک نیکلی پێنج سەنتی دەدەیت و بلیتێک وەردەگریت و دادەنیشیت و ئیتر ئەوەت لە یاد دەچێتەوە، کە لە دەرەوەی شانۆکەوە چی دەگوزەرێت و فیلمەکەش بۆ تۆ دەست پێدەکات.»

«کەسیش لە فیلمەکەدا ئازار نادرێت و ئەو خوێنەش کە دەیبینیت، تەنها دۆشاوی تەماتەیە؟»

«نەخێـر، ئـەوە خوێنـە. باشـە، بـەڵام بـە هەمـان شـێوە دەکرێـت دۆشـاوی تەماتـەش بێـت، لەبـەر ئـەو کاریگەرییـەی کـە ئـەو دۆشـاوە لەسـەر ژیانی راسـتەقینەی ئێمـە هەیەتی.»

«ئەی لە هەقیقەتدا؟»

«ریچـارد.. هەقیقـەت شـتێکە لـە ئەزەلـەوە گوێـی پێنـەدراوە. سـەیر کـە بـەلای دایکـەوە هیـچ گرنـگ نییـە، کـە منداڵەکـەی لـە یارییەکانیـدا چ رۆڵێـک دەبینێـت، رۆژێـک پیاوێکـی خراپـە، سبەی پیاوێکی باشـە. منـەکان هەرگیـز ئاگایـان لـە وەهمـەکان و یارییەکانـی ئێمـە نییـە. مـن، هـەر خـۆی دەناسـێتەوە، ئێمـەش لـەو دەمەیـدا، کـە لـە خـۆی، واتـە لـە مـن دەچیـن، تـەواو و بـێ کەموکـوورِی.»

«مـن لـەوە دڵنیـا نیـم، کـە بمەوێـت تـەواو و بـێ کەموکـوورِی بـم، لەبـارەی جێـگای نوسـتنەوە قسـە بکـە.»

ئەو گوتی: «سەیری ئاسمان بکە»

ئـەم قسـەیەی ئـەو بابـەت گۆڕینێکـی خێـرا و لەپـڕ بـوو، سـەیری ئاسـمانم کـرد. چەنـد پەڵـە و گەواڵـە هەورێـک، بـەرەو سـەرەوە دەکشـان و یـەک تـۆز لـە یەکەمیـن تریفـەی کەنـاری زەرکەفتـی مانـگ دەرکـەوت.

من گوتم:» ئاسمانێکی نازدارە.»

«ئایا ئەوە ئاسمانێکی بێ کەموکوورِییە؟»

«باشە دان، ئەو هەمیشە ئاسمانێکی بێ کەموکوورِییە»

«دەتەوێـت پێـم بڵێیـت، ئـەو ئاسـمانە سـەرباری ئـەوەی، کەلـە هەمـوو چرکەیەکـدا دەگۆڕێـت، ئایـا ئاسـمان هەمیشـە هـەر ئاسـمانێکی بـێ کەموکوورِییـە؟»

«ئای..من پیاوێکی جدیم، بەڵێ!»

«دەریاش هەمیشە هەر دەریایەکی بێ کەموکووڕییە، هەمیشەش هەر دەگۆڕێت» هەروەها گوتی: «ئەگەر بێ کەموکووڕی بوون بریتی بێت لە سستی، کەواتە ئاسمان دەبێت بە گۆماوێک و دۆزینەوەی گۆماوی بێ شیرینیش کارێکی ئەستەمی نییە.»

من دەربڕینەکەیم بۆ راست کردەوە: «ئەستەم نابێت» گوتم: «تەواوە، هەمیشە گۆڕان بەردەوامە، ئەو قسەیە من دەیکرم.»

«ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا کڕیت، ئەگەر تۆ مەسەلەی کات بە هەند وەربگریت.»

هەر بە دەم رۆیشتنەوە لام کردەوە بەلایدا و پێم گوت: «دان.. ئەوە بێزارت ناکات، ئەگەر هەر لەسەر ئەم مەودایە بڕۆین.»

ئەو گوتی:»ئای..ئایا من هەر لەسەر هەمان ئەم مەودایە دەمێنمەوە»، «ئایا تۆ وایت؟»

«ئەوە بۆچی هەموو ئەو شتانەی من دەیانڵێم هەڵەن؟»

ئەو گوتی: «ئایا هەموو ئەو شتانەی تۆ دەیانڵێیت هەڵەن؟»

«وادەزانم ئەم کارەی دەیکەم بۆ من گونجاو نییە»

ئەو گوتی: «لەوانەیە بیر لە کاری کڕین و فرۆشتنی خانوبەرە بکەیتەوە»

«یان خانوبەرە، یان بواری دابین و دڵنیایی.»

«ئەگەر تۆ بتەوێت، کاری خانوبەرەکە باشە، داهاتووی هەیە.»

من گوتم:»باشە، داوای لێبووردن دەکەم. من داهاتوو یان رابردووم ناوێت. هێندە هەیە کە بە زووترین کات دەبم بە ماستەرێکی جیهانی وەهمەکان، پێدەچێت ئەمە لە حەفتەیەکی تردا روو بدات؟»

«باشە ریچارد، هیوادارم کە ئەوەندەش نەخایەنێت.»

«بە وردی سەیریم کرد ،بەڵام ئەو پێنەدەکەنی.

## (نۆ)

ڕۆژەکان هەر یەکەیان بەهۆی ئەویتریانەوە ڕوونتر دەبوونەوە. ئێمەش وەک هەمیشە هەر دەفڕیین، بەڵام من وازم لەوە هێنا ڕۆژگاری هاوین بەهۆی ناوی شارەکەنەوە یان بەهۆی ئەو پارانە بژمێرم، کە لە گەشتیارەکانەوە بە دەستمان دەهێنان، بەڵکوو کەوتمە بیری ئەوەی هاوینم بە ژمارەی ئەو شتانە دەپێوا، کە فێریان دەبووم، بەهۆی ئەو قسانەوە دەمژمارد، کە لەپاش هەموو فڕینێکەوە دەمانکردن، بەهۆی ئەو پەرجوانەوە دەمژمارد، کە جاربەجار روویان دەدا تا ئەو دەمەی، کە توانیم تێبگەم لەوەی، کە ئەوانە هەرگیز پەرجوو نین.

وا بیر بکەرەوە،

کە گەردوون جوانە

دادپەروەر

و کامڵ و بێ کەموکوڕییە،

جارێکیان کتێبە دەستییەکە وای پێگوتم.

پاشان لە یەک شت دڵنیابە

منەکان

زۆر باشتر لە تۆ

بیریان لە گەردوون کردەوە.

## (دە)

پـاش نیوەڕۆیەکـی هێمـن بـوو.. ناوەنـاوە گەشـتیاران دەهاتـن.. لـە نێـوان ئـەو کاتانـەدا مـن دەسـتم کـرد بـە هەڵماندنـی هـەورەکان.

مـن ماوەیـەک ڕاهێنـەری فڕۆکەوانـی بـووم و ئـەوەش دەزانـم، کـە هەمیشـە خوێنـدکاران شـتی ئاسـان قـورس دەکـەن، مـن ئـەوە بـاش دەزانـم، ڕۆژگارێـک هەبـوو، کـە خۆشـم خوێنـدکار بـووم و بـە تونـدی دەسـتم بـە خۆڵەمێشـی خەونەکانمـەوە گرتبـوو. لـە بۆنەیەکدا زیاتـر لـەوەی پێویسـتم بـە مەشـقکردن هەبێـت، پێویسـتم بـە وانـە گوتنـەوە هەبوو. شـایمۆدا لەژێـر باڵـی فڕۆکەکـەدا لێـی ڕاکشـابوو، وا خـۆی دەنوانـد کـە نوسـتبێت، منیـش بـە نەرمـی لـە باسـکیم دا و ئەویـش چـاوی کـردەوە.

«ناتوانم دان، پێم ناکرێت.»

ئەویش چاوەکانی نووقاندەوە و گوتی: «بەڵێ دەتوانیت.»

«دان، مـن هەوڵـم داو هـەر کـە بیـر لـەوە دەکەمـەوە، کـە شـتێک ڕوو بـدات، هـەورەکان دەکشـێنە دواوە، بـەرەو سـەرەوە هەڵدەکشـێن و لـە جـاران گەورەتـر دەبنـەوە.»

ئـەو باوێشـکێکی دا و هەسـتایەوە: «هەورێکـم بـدەرێ، بـەڵام تکایـە بـا دانەیەکـی ئاسـان بێت»

منیـش گەورەتریـن و ڕژدتریـن هـەوری ئاسـمانم بـۆ هەڵبـژارد، درێژییەکـەی سـێ هـەزار پـێ دەبـوو. هـەر دووکەڵێکـی سـپی بـوو و بـە خێرایـی لـە دۆزەخـەوە هاتبـوو. ئـەو گوتـی:» ئـەوەی ئاسـتی سـایلۆکەم بـدەرێ» منیـش گوتـم: «ئـەوە ئێسـتا ڕەش هەڵدەگەڕێـت»

ئـەو بـە بێدەنگـی سـەیرێکی منـی کـرد و گوتـی: « ئـەوە بۆچـی؟ لەبـەر ئەوەیـە، کـە تـۆ ڕقـت لـە مـن دەبێتـەوە؟»

«ئـەوە لەبـەر ئەوەیـە، کـە مـن تـۆم خۆشـدەوێت دان! لەبـەر ئەوەیـە ئـەو جـۆرە پرسـیارانەت لێدەکـەم» بزەیەکـم بـۆ کـرد.

«تـۆ پێویسـتت بـە رکەبـەری کـردن هەیـە. ئەگـەر وابێـت ئـەوا مـن دانەیەکـی بچووکتـرت بـۆ هەڵدەبژێرم.»

باوێشـکێکی تـری دایـەوە و رووی وەرگێڕایـەوە بـۆ ئاسمان»باشـە هـەوڵ دەدەم... کامەیـان بکـەم؟»

مـن سـەیرم کـرد، هەورێـک هێنـدەی دێوێـک دەبـوو بـە یـەک ملیـۆن تـۆن بارانـەوە بـوو و تێپـەڕی، ئاسـمانێکی شـینی بەریـن لـە دوایـەوە دەرکـەوت.

بەبێدەنگ گوتم : «تەح.»

«هێنـدە کارێکـی گـەورە نەبـوو، کـە مـن پێـم بـاش بێـت ستایشـکردنی تـۆ لەبارەیـەوە پەسـەند بکـەم، لەبـەر ئـەوە زۆر بـە جـدی پێتدەڵێـم: ئـەوە کارێکـی ئاسـانە.»

ئـەو دەسـتی بۆ پەڵـە هەورێکـی بچووکـەوە درێـژ کـرد، کـە لەسـەر سـەری خۆیـەوە بـوو: «هـا، ئەوە، سـەرەی تۆیـە، ئامادەیـت؟ دەی.»

سـەیرێکی گەواڵـەی ئـەو شـتەم کـرد و ئەویـش سـەیرێکی منـی کـردەوە. مـن پێـم وابـوو ئـەو رۆیشـتووە، وای بۆچـووم، کـە شـوێنەکەی بـە چۆڵـی بەجێمابێـت دیمەنەکانـی خـۆی بەسـەر تیشـکە گەرمەکانـی سـەرووی خۆیـدا پـەرش کردبـۆوە، داوام لێکـرد، کـە لـە شـوێنێکی تـرەوە دەربکەوێتـەوە، وردەوردە، بـە خولەکێـک، پێنـج خولـەک، حـەوت خولـەک هەورەکـەی مـن رۆیشـت، هەورەکانـی تـر گـەورە ببوونـەوە، بـەڵام ئـەوەی مـن دوور کەوتـەوە.

برادەرەکەم گوتی: «تۆ زۆر خێرا نیت، خێرایت؟»

ئەمـە یەکەمیـن جارمـە، مـن ئێسـتا دەسـتم کـردووە بـەم ئیشـە.. هاتوومەتـە سـەر و بەرانبـەر بـە مەحـاڵ وەسـتاوم. ئەمـە مەحاڵـە.. تـۆش هەرهێنـدە دەتوانیـت بیـر بکەیتـەوە،

کە پێم دەڵێیت زۆر خێرا نیم. ئەوە کارێکی گەورە و گرنگە و خۆشت دەیزانیت»

«سەیرە، تۆ زۆر باش نووسابوویت پێیەوە، کەچی لێت ون بوو.»

«پێیەوە نووسابووم! من بە هەموو شتێک ئەو هەورەم دەوەراند، بە تۆپی ئاگرین، رایەڵی لیزەری، بە گسکی کارەبایی بەرز.»

«ئەوانە هەموو پێوەنووساندنی نێگەتیڤانە بوون ریچارد. ئەگەر تۆ بەڕاستی بتەوێت هەورێک لە ژیانی خۆت لاببەیت، ئەوە ناتوانیت بەرهەمێکی گەورەی لێ بەرهەم بهێنیت، ئەوەی دەیکەیت هەر ئەوەیە، کە پشوو دەدەیت، پاشان هەورەکە لە خەیاڵی خۆت لا دەبەیت، ئەوەی کە بەرانبەری دەکرێت هەر ئەوەیە.»

هەور نازانێت،
کە بۆچی خۆی بە ئەو ئاراستەیە
و بە ئەو خێراییە
دەڕوات.
ئایا ئەمە ئەو شتەبوو، کە دەبوو کتێبە دەستییەکە بیلێت!
ئەو هەست بە پاڵنەرێک دەکات
ئەو دەزانێت، کە ئەمە ئەو شوێنەیە،
کە دەبێت ئێستا بۆی بچێت،
بەڵام ئەوە ئاسمانە کە دەزانێت
تۆمار و شێوە و شێوازی
پشتی هەموو هەورەکان چییە،
هەروەها تۆش دەتوانیت بیزانیت
ئەو دەمەی، کە هێندە خۆت بەرز دەکەیتەوە
کە بتوانیت پشتەوەی ئاسۆ
ببینیت.

## (یانزە)

تۆ هەرگیز خەون و خواستێکت پێ نەدراوە،

ئەگەر هێزی هێنانەدییەکەیت لەگەڵیدا

پێ نەدرابێت.

ئەگەرچی تۆ

دەبێت کاری بۆ بکەیت.

ئێمە لەناو شوێنێکی شوانکارەیی گەورەدا لامان دا. رووبەرێکی سێ ئاکریی و گۆمێکی ئەسپ ئاودان (لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمە وشەیەکە بۆ ناساندنی گۆمی بچووک بەکار دەهێنرێت) و دوور لە شار، شوێنێک بە درێژایی ئەو هێڵەی، کە ئێلینۆیز و ئیندیانا لە یەکتری جیا دەکاتەوە. هیچ گەشتیارمان نەبوو، لەبەر ئەوە من بە رۆژی پشووی خۆمانم لە قەڵەم دا.

ئەو گوتی «گوێ بگرە». «نا گوێ مەگرە، تەنها لەوێدا بمێنەرەوە و بە بێدەنگی سەیر بکە. ئەوەی کە ئێستا دەیبینیت پەرجوو نییە. برۆ کتێبی فیزیای ئەتۆمییەکەی خۆت بخوێنەرەوە. منداڵ دەتوانێت بەسەر ئاودا بڕوات.»

ئەو، کە وای پێدەگوتم، لەوە نەدەچوو تێبینیی ئەوەی کردبێت، کە ئاوەکە لە دەوروبەرمان هەیە، بۆیە لای کردەوە و چەند مەترێک لە کەناری گۆماوەکەوە رۆیشتە ئەولاوە بەرەو قووڵایی ئاوەکە و بەسەر رووی ئاوەکەوە وەستا. باشە ئەوە چییە و لەچی دەچێت، تۆ بڵێیت ئەوە سەرابێکی گەرمی هاوین نەبێت بەسەر کۆمەڵێک بەردی گەورەوە. ئەو راست و رێک بەسەر رووبەری ئاوەکەوە وەستا نە شڵپەیەک و نە شەپۆلێک لە دەوری پێڵاوەکانیشی نەبوون.

ئەو گوتی: «دەی تۆش وەرە وابکە.»

بەم چاوانەی خۆم بینیم. بە ڕوونی دەگونجا، لەبەرئەوەی خۆی بەوێوە وەستاوبوو. منیش هەستام بچم بۆلای، کە ڕۆیشتم وا هەستم دەکرد، کە بەسەر مشەمایەکی شین و ڕووندا بڕوم، بۆیە پێکەنیم.

«دۆنەڵد چیم پێدەکەیت؟»

«من تەنیا هەر ئەو شتانەت پیشان دەدەم، کە هەر کەسێک تۆزێک زووتر، یان درەنگتر فێریان دەبێت، ئەوەتا تۆ دەستت پێکردووە.»

«بەڵام من...»

«سەیرکە، ئاو دەتوانێت ڕەق بێت» پێیەکی کوتا بە ڕووبەری ئاوەکەدا، دەنگەکە وەک ئەوە وابوو چەرمێک بکێشیت بە بەردێکدا، «دەتوانێت واش نەبێت» کە ئەمجارە پێی کێشایەوە بە ئاوەکەدا پرشەی ئاوەکە بە دەوری هەدووکماندا بەرز بۆوە «هەستت بەوە کرد؟ تاقیی بکەرەوە.»

ئێمە چەند بە زوویی لەگەڵ پەرجووەکاندا ڕاهاتین، من بە کەمتر لە یەک خولەک هاتمە سەر ئەوەی بڕوا بکەم کە ڕۆیشتن بەسەر ئاودا شیاوە، سروشتییە.. باشە، ئەی پاش ئەوە چیتر؟

«باشە، ئەی ئەگەر ئاوەکە ئێستا ڕەقە، ئیتر ئێمە چۆن دەتوانین بیخۆینەوە؟»

«هەر بە هەمان شێوە کە بەسەریدا دەڕۆین.. ریچارد، ئاو ڕەق نییە، هەروەها شلیش نییە، ئەوە من و تۆین، کە بڕیار لەوە دەدەین ئەو ئاوە بۆ ئێمە چۆن بێت. تۆ ئەگەر ویستت ئاو شل بێت، ئەوا وا بیر بکەرەوە، کە شلە، وا بنوێنە، کە شلە

و بیخـۆرەوە، ئەگـەر ویسـتت ببێـت بـە هـەوا و وەک هەناسـە هەڵـی بمژیـت ئـەوا تاقیـی بکـەرەوە. هـەوڵ بـدە. «

مـن وام بیـر کـردەوە، کـە ئەمـە شـتێک بێـت لە حـزوور و ئامادەیی روخێکی پێشکەوتوودا روو بـدات. لەوانەیـە هـەر وابێـت. ئـەم شـتانە بواریـان پێدرابێـت لەنـاو نیـوە تیرەیەکـی نزیکـەی پەنجـا پێیەکدا لـە دەوری ئـەو روو بـدەن.

سـەرم دانەوانـد بەسـەر رووی ئاوەکـەدا و دەسـتم بـۆ نـاو گۆمەکـە بـەرەو قووڵـی بـردە خـوارەوە. شـل بـوو. ئەمجـا بـە متمانـەوە راکشـام و دەموچاومـم خسـتە نـاو شـینیی ئاوەکـە و هەناسـەم دا. ئەویـش وەک ئۆکسـجینێکی شـل و گـەرم هەناسـەی پێدامـەوە، نـە خنـکام، نـە هەناسەشـم تونـد بـوو. هەسـتامەوە رووم کـردەوە ئـەو، پرسـیارێک لـە مێشـکمدا بـوو، وای بـۆ دەچـووم، کـە ئـەو بزانێـت چ پرسـیارێک لـە مێشـکم دایـە.

ئەویش گوتی: «بیڵێ.»

«دەبێ بڵێم چی؟»

«لەبـارەی ئـەو شـتەوە، کـە دەڵێیـت دەبـێ بڵێیـت چـی، ئـەوە گونجاوتـرە خـۆت بـە وشـە بیڵێیـت، قسـە بکـە.»

«ئەگـەر ئێمـە بتوانیـن بەسـەر ئـاودا برۆیـن، وەک هەناسـە هەڵـی بمژیـن، بیخۆینـەوە، ئـەی بۆچـی ناتوانیـن هەمـان ئـەم شـتانە بـە خاکیـش بکەیـن؟»

«بەڵێ، باشە، خۆت ئەوەش دەبینیت...»

بـە ئاسـانی بـەرەو کەنارەکـە رۆیشـت، هـەروەک ئـەوەی بەسـەر گۆماوێکـی رەنـگ کـراودا بـڕوات، بـەڵام کـە قاچـی بـەر زەوییەکـە و لـم و گیـای لێـواری گۆماوەکـە کـەوت، خەریـک

بـوو نوقـم ببێـت، هەرچەنـد هەنگاوێکـی کـەم و لەسـەرخۆی هەڵهێنـا، کەچـی هەتا سـەرەوەی شـانەکانی لەنـاو زەوی و گیاکـەدا نوقـم بـوو. دەتگـوت گوایـە ئـەو گۆمـاوەی ئێسـتا بـووە بـە دوورگەیـەک و زەوییەکـەی دەوریشـی بـوون بـە ئـاو. مـاوەی یـەک خولـەک لەنـاو ئـەو لەوەڕگایـەدا مەلـەی کـرد، شـڵپەی دەهـات و پـرژ و دڵۆپـی رەشـی قـوڕ بـە دەوریـدا بـڵاو دەبوونـەوە. ئەمجـا وەک کەوتنـە سـەرئاو، بەسـەر زەوییەکـەوە راوەسـتا. بـەرز بـۆوە و کەوتـە رۆیشـتن لەسـەری، ئەمـەش وەک پەرجـوو خولقاندنێکـی لەپـڕ وابـوو پیاوەکـەم بینـی بەسـەر زەویـدا دەڕۆیشـت!

مـن هـەر بەسـەر گۆماوەکـەوە وەسـتا بووم، چەپڵـەم بۆ نمایشـەکەی ئـەو لێدا، ئەویـش بۆم چەمایـەوە و چەپڵـەی بۆ مـن لێدایـەوە.

هـەر بەسـەر گۆماوەکـەوە بـەرەو لێوارەکـەی رۆیشـتم، بیـرم لـەلای ئـەوە بـوو، کـە زەوی بـووە بـە شـلە، پەنجـەی پێـم لـە زەوییەکـەوە دا، کەچـی چەنـد شـەپۆلێکی بازنەیـی لەنـاو گیاکـەدا دروسـت بـوون. خەریـک بـوو بـە دەنگـی بـەرز هـاوار بکـەم و بپرسـم، ئـەرێ زەوی چەنـد قووڵـە؟ لـە بیـر و خەیاڵـی منـدا چەنـد قـووڵ بێـت، خۆشـی هـەر ئەوەنـدە قووڵـە. بیـرم کـردووە، دوو پـێ قووڵـە، کەواتـە دوو پـێ قووڵـە و وا خۆشـم هەڵـدەدەم.

بـە بـڕوا بەخـۆ بوونـەوە هەنـگاوم نـا بـەرەو کەنـار و هەتـا سـەرمم تیایـدا نوقـم کـرد، یـەک سـەرەقووتەی خێـرا بـوو. ژێـرزەوی رەش بـوو، ترسـناک بـوو، خۆمـم هەڵکێشـایەوە بـەرەو سـەرەوە، هەناسـەمم راگرتبـوو، بۆ هەندێـک ئـاوی رەق دەگـەڕام، دەمویسـت لێـواری گۆماوەکـە بدۆزمـەوە خۆمـی پـێ بگرمـەوە.

ئەویش بەسەر گیاکەوە دانیشتبوو، پێدەکەنی.

«دەزانیت، تۆ فێرخوازێکی ئاغر و زیرەکیت؟»

«کوره من هەرگیز فێرخوازیش نیم، وەره لێره بمهێنه دەرەوه.»

«خۆت وەره دەرەوه.»

وازم لـه هەڵپەکـردن هێنـا. سـەیر دەکـەم زەوی رەقـه و منیـش دەتوانـم راسـت و رەوان بـاز بدەمـه سـەرەوه. دەبینـم رەقـه. سـەرکەوتمه سـەرەوه. قـوڕ و پیسـییه رەشەکەشـم لـه خـۆم داتەکانـد.

«پیاو.. بەڕاستی بەو کارەی کردت پیس بوویت!»

کراسـه شـین و کاوبۆیەکـەی خـۆی یـەک پەڵـه و تەنانـەت یـەک گەردیش پیسـییان پێـوه نەبوو.

«ئـاااا» پیسـییەکەم لەسـەرم تەکانـد، گوێکانمـم خاوێـن کردنەوه. دواجار جزدانەکەشـمم دەرهێنـا و فڕێـم دایـه سـەر گیاکـە، چوومـەوه بـۆلای ئـاوه شـلەکە، بـه شـێوه نەریتییەکـەی جـاران خۆمـم بـه ئـاوه شـلەکه پـاک کـردەوه.

«دەزانم ڕێگەی لەمه باشتریش هەیه بۆ خۆ خاوێن کردنەوه.»

«بەڵێ، ڕێگایەکی لەوه خێراتر هەیه»

«باشــه، پێــم مەڵــێ، هــەر لەوێــدا دابنیشــه و پــێ بکەنــه، ڕێگــەم بــده خــۆم بتوانــم بیدۆزمــەوه.»

«باشه.»

ئیتـر دەبـوو تـاو بدەمـەوه بـه خـۆم و بگەڕێمـەوه بـۆ لای فڕۆکەکـەم جلەکانـم بگـۆڕم، شـته تەڕەکانـم بەسـەر وایەرەکانـی فڕینـی فڕۆکەکـەوه هەڵبواسـم بـۆ وشـک بوونـەوه.

«ریچارد..ئـەوەی ئەمـڕۆ کـردت لـە یـادت نەچێتـەوە. ئـەوە ئاسـانە کاتەکانـی شـت زانینـی خۆمـان لـە یـاد بکەیـت، لـەوە ئاسـانترە وابزانیـت کـە ئەمانـە خـەون یـان پەرجـووی دێریـن بـوون، چونکـە هیـچ شـتێکی بـاش پەرجـوو نییـە، هیـچ شـتێکی خۆشەویسـتیش خـەون نییـە.»

«جیهـان خەونێکـە، خـۆت وا دەڵێیـت. هەروەهـا هەنـدێ جـار خۆشەویستیشـە. سـەیری خۆرنشـین، هـەورەکان و ئاسـمان بکـە.»

«نەحێـر.. وێنـە خەونێکە..بـەڵام جوانـی هەقیقەتـە.. دەتوانیـت جیاوازییەکەیـان بدۆزیتـەوە؟»

سـەرێکم بـۆ راوەشـاند، بـە مانـای ئـەوەی کـە تێدەگـەم. دوایـی بـە دزییـەوە سـەیرێکی کتێبـە دەسـتییەکەم کـرد:

ئەم جیهانە
پەڕاوی مەشق تێداکردنی تۆیە
ئەو لاپەڕانەی، کە تۆ
کۆی مەشقەکانتی تێدا دەنووسیت
هەقیقی نین
ئەگەرچی ئەگەر بتەوێت
ئەوەش دەتوانیت
لەناو ئەو لاپەڕانەدا هەقیقەت بنووسیت.
هەروەها لەوەشدا ئازادیت
شتی بێمانا
یان درۆیان تێدا بنووسیت، تەنانەت دەتوانیت
لاپەڕەکان بدڕێنیت.

## (دوانزە)

گوناهی ڕەسەن

ئەوەیە سنوور بۆ منەکان دابنێیت

ئەوە نەکەیت.

نیوەڕۆیەکی ئارام و گەرم بوو، بەهۆی چەند ڕێژنە بارانێکەوە، لاڕێگاکانی ڕۆیشتنمان بەرەو دەرەوەی شار تەڕ ببوون.

«دان، تۆ دەتوانیت بەناو دیواردا بڕۆیت، وانییە؟»

«نەخێر.»

«کاتێک کە تۆ بۆ وەڵامی شتێک دەڵێیت نەخێر، ئەوە من دەزانم مەبەستتە بڵێیت بەڵێ، مانای نەخێرەکەی تۆ ئەوەیە، کە حەزت لە شێوازی پرسیارکردنەکەی من نەبووە.»

ئەو گوتی: «ئێمە بەدڵنیاییەوە بە ئاگاین، هۆشمان لای خۆمانە، وا نییە؟»

«ئایا گرفتەکە لەگەڵ ڕۆیشتنەکە دایە، یان لەناو دیوارەکەدا؟»

«بەڵێ، خراپتریش، پرسیارەکەی تۆ گریمانی ئەوە دادەنێت، کە من لەناو یەک شوێن و کاتی سنورداردا بوونم هەیە و بجووڵێم بەرەو یەک شوێن و کاتی تر. ئەمڕۆ من میزاجی ئەوەم نییە گریمانکارییەکانی تۆ لەبارەی خۆمەوە پەسەند بکەم. «

نێوچەوانم لێ گرژ کرد. ئەو دەیزانی من پرسیاری چیی لێدەکەم. باشە بۆچی ڕاست و ڕەوان وەڵامی نەدامەوە بۆئەوەی منیش بەردەوام بم و تێبگەم لەوەی، کە ئەو چۆن ئەم شتانە دەکات؟

بە کورتی و پوختی گوتی: «ئەمە شێواز و ڕێگا بچووکەکەی منە بۆ یارمەتیدانت لەسەر ئەوەی، کە فێر ببیت چۆن وردەکاری لەبیر کردنەوەکانتدا بکەیت.»

«باشە. تۆ دەتوانیت وا دەربخەیت، کە دەتوانیت بەناو دیواردا بڕۆیت، ئەگەر خۆت مەبەستت بێت، ئایا ئەم پرسیارەیان باشتر بوو؟»

«بەڵێ باشتر بوو، بەڵام ئەگەر بتەوێت ورد بیت...»

«ئەوەم پێ مەڵێ. من دەزانم چۆن مەبەستەکانی خۆم دەرببڕم. فەرموو ئێستا ئەمە پرسیارەکەمە. ئایا ئەوە چۆنە، کە تۆ دەتوانیت وەهمی ئەو هەستە سنووردارەی ناسنامە، کە لەناو ئەم کایەی فەزا ـ کاتەدا وەک لەشی تۆ گوزارەی لێکراوە، تێبپەڕێنیت بەناو ئەو وەهمەی ڕێگریکردنەی ماددەدا کە پێیدەگوترێت دیوار؟ «

ئەویش گوتی: «جوانت گوت ـ کاتێک بە شێوەی گونجاو پرسیار بکەیت، پرسیارەکەت خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە، وانییە؟»

«نەخێر، پرسیارەکە وەڵامی خۆیی نەداوەتەوە، تۆ چۆن بەناو دیواردا دەڕۆیت؟»

«ڕیچارد. تۆ نزیک بوویتەوە لەوەی بەڕاستی پرسیارەکەت گەڵاڵە بکەیت، کەچی پەرش و بڵاوت کردەوە. من ناتوانم بەناو دیواردا بڕۆم. کاتێک، کە تۆ وا دەڵێیت، ئەوا تۆ گریمانی کۆمەڵە شتێک دادەنێیت، کە لای من هەرگیز گریمان نەبوون. ئەگەر لەلای منیش گریمان بووبن، ئەوا وەڵامەکەم ئەوەیە، کە نەخێر ناتوانم.»

«بەڵام ئەوە زۆر قورسە، کە هەموو شتەکان زۆر کورت بکەیتەوە. دان، ئایا تۆ نازانیت من مەبەستم لە چییە؟»

«کەواتە تەنها لەبەرئەوەی شتێک قورسە، تۆش هەوڵی بۆ نادەیت؟ بۆ نموونە

رۆیشتن لە سەرەتاوە قورسە، بەڵام تۆ مەشقت لەسەر کردووە و ئێستا وا دێتە پێشچاوت، کە ئاسان بێت.»

منیش باوێشکمم بۆ دا و گوتم: «باشە، ئەو پرسیارە لە بیری خۆت ببەرەوە.»

ئەو بە شێوەیەک لای لە من کردەوە، وەک ئەوەی، کە هیچ باکێکی بەم دونیایە نەبێت، گوتی:»باشە. من لە بیری خۆمی دەبەمەوە، بەڵام پرسیارەکەی منیش ئەوەیە، کە ئایا تۆ دەتوانیت؟»

«کەواتە تۆ دەڵێیت، کە لەش وەهمە، هەروەها دیواریش وەهمە، بەڵام ناسنامە هەقیقەتێکە، کە ناتوانرێت بە وەهم گەمارۆ بدرێت.»

«ئەوە من نیم وادەڵێم، ئەوە تۆیت وادەڵێیت»

«بەڵام من راست دەکەم.»

ئەو گوتی: «بە سروشتی وایە، راست دەکەیت.»

«ریچارد. تۆ هیچ شتێک ناکەیت. تۆ هەر سەیر دەکەیت و شتەکان خۆیان کراون. تەواو.»

«وای.. ئەوە چەند ئاسانە.»

«هەر وەک رۆیشتن وایە. تۆ ئێستا پێت سەیرە، کە چۆن قورس بووە بەلاتەوە فێری ببیت.»

«دان، ئێستا رۆیشتن بەناو دیواردا بۆ من قورس نییە، بەڵکوو مەحاڵە.»

«ئـەی تـۆ ئـەوە دەزانیـت، کـە ئەگـەر جـار لـەدوای جـار، یـەک هـەزار جـار بڵێیـت (مەحاڵـە) کۆتایـی هاتـووە و نەمـاوە، لەپڕێکـدا شـتە قورسـەکان بـە ئاسـانی دێـن بـە دەسـتەوە.»

«داوای لێبـوردن دەکـەم، دەکرێـت وابێـت، کـەی ئـەو شـتە بـەلای منـەوە راسـت بـوو بیکـەم، دەیکـەم.»

«ئـەو بەسـەر ئـاودا دەڕوات، ئەمـە لەبـارە، بـەڵام لەسـەر ئـەوە سەرزەنشـت دەکرێـت، کـە ناتوانێـت بەنـاو دیـواردا بـڕوات.»

«ئەوەیان ئاسان بوو، بەڵام ئەمەیان..»

بـە ئـاوازی گۆرانییـەوە گوتی:»ئەگـەر بەهانـە بـۆ لاوازییەکانـی خـۆت بهێنیتـەوە، دەبێـت دەسـتیان لـێ بـەر نەدەیـت». «ئـەی ئـەوە هـەر تـۆ نەبوویـت یـەک حەفتـە پێـش ئێسـتا لەنـاو زەویـدا مەلـەت کـرد؟»

«بەڵێ من بووم ئەوەم کرد.»

«ئـەی باشـە دیواریـش هـەر زەوییەکـی سـتوونی نییـە؟ ئایا ئـەوە بەلای تـۆوە زۆر گرنگە، کـە وەهمـەکان بـە چ ئاڕاسـتەیەکدا دەڕۆن؟ ئایـا ئەمـە مانـای وایـە وەهمـە ئاسـۆییەکان دەسـتیان بەسـەردا دەگیردرێـت، بـەڵام وەهمـە سـتونییەکان وانییـن؟»

«دان، وادەزانم، کە دەتوانیت بە باشی بە شتەکانەوە بێیتە ناو ناخمەوە.»

سـەیرێکی کـردم و پێکەنـی: «ئەوکاتـەی کـە مـن بێمـە نـاو ناخـی تـۆوە، ئەوکاتەیـە کـە بـۆ دەمێـک بەجێـت دەهێڵـم.»

دواییـن تـەلاری شـار، کـە بەجێمانهێشـت، کۆگایەکـی خـۆراک و سـەوزە بـوو. شـوێنێکی گـەورە بـوو لـە خشـتی رەنـگ پرتەقاڵـی دروسـت کرابـوو. لـەوە دەچـوو هاوڕێکـەم بڕیـاری دابێـت بـۆ گەڕانـەوە بـۆلای فڕۆکـەکان رێگایەکـی جیـاواز هەڵبژێرێـت، بەچەنـد ڕێگایەکـی کورتـی قەدبـڕدا چـووە خـوارەوە. رێـگا قەدبڕەکـەی بەنـاو دیـوارە خشـتەکەدا بـوو. لەپـڕدا و بـەلای راسـتدا رووی وەرچەرخانـد، رووی لـە دیوارەکـە کـرد و رۆیشـت، نەمـا. ئێسـتا بیـری لـێ دەکەمـەوە، کـە ئەگـەر هـەر ئەوکاتـە منیـش راسـتەوخۆ لەگـەڵ ئـەودا پێچـم بکردبایەتـەوە، ئـەوا منیـش بەنـاو دیوارەکـەدا رۆیشـتبووم. بـەڵام مـن هـەر بەسـەر ڕێگەکـەوە وەسـتام و سـەیری ئـەو شـوێنەم دەکـرد، کـە ئـەو پێیـدا رۆیشـت. کـە دەسـتم دەرهێنـا و خشـاندم بـە خشـتەکەدا، خشـتێکی رەق بـوو.

گوتـم: «ئەمـە رۆژێکـە دۆنەڵـد، کـە دەبـێ مـن بـە تەنهـا ڕێگایەکـی دوور ببـڕم تـا گەیشـتنەوە بـە فڕۆکـەکان.»

کە گەیشـتمەوە نـاو کێڵگەکـە: گوتـم: «دۆنەڵـد. مـن گەیشـتووم بـەو دەرەنجامـەی، کـە تـۆ لەنـاو ئـەم جیهانـەی ئێمـەدا ناژیـت.»

ئەویـش بەسـەر باڵـی فڕۆکەکەیـەوە بـە ترسـێکەوە سـەیری کـردم، هـەر لـەو شـوێنەوە، کـە هەمـوو جارێـک بـۆ گازتێکـردن لێـی رادەوەسـتا، گوتـی: «بەدڵنیاییـەوە وا نییـە، دەتوانیـت یـەک کەسـم پـێ بڵێیـت، کـە وابێـت؟»

«مەبەسـتت چییـە؟ مـن دەتوانـم کەسـێکت پـێ بڵێـم، کـە ئـاوا بێـت؟ مـن!. مـن لـەم جیهانـەدا دەژیـم!»

وەک ئـەوەی، کـە بـە لێکۆڵینەوەیەکـی سـەربەخۆ تەلیسـمی نهێنییەکـی شـاردراوەم بـۆ ئاشـکرا کردبێـت، گوتـی: «نایـاب بـوو. ئەمـڕۆ یـادم بخـەرەوە، کـە مـن شـێوی ئێوارەت بـۆ بکـرم.. مـن سەرسـام بـووم بـەو شـێوازەت، کـە تـۆ هەرگیـز واز لـە فێربـوون ناهێنیـت.»

وەڵامەکەی حەپەساندمی. ئەو نە گاڵتەی دەکرد و نە گاڵتەجاڕی، ئەو هەر چییەکی گوت بە مەبەستەوە گوتی.

«مەبەستت چییە؟ بەدڵنیاییەوە من لەم جیهانەدا دەژیم. من و چوار ملیار خەڵکی تریش بە هەمان شێوە.. ئەوە تۆیت، کە...»

«ئای خودایە... ریچارد! تۆ بە جدیتە! کەواتە داوەتی شیو و خواردنەکە هەڵوەشێنەرەوە، نە هەمبەرگر و نە بیرە و نە هیچ! خۆ من وام دەزانی کە تۆ گەیشتوویت بە زانینی زانیارییەکی سەرەکی.»

قسەکەی بڕی و هەندێک بە تووڕەییەوە سەیری کردم. «تۆ دڵنیایت لەوە. تۆ لە هەمان ئەم جیهانەدا دەژیت.. وایە، هەر وەکوو دەڵاڵێکی بازاڕی دۆلار فرۆشتنەکە.. دەتوانین وا بڵێین؟ ژیانت پاشەکشەی کردووە و گۆڕاوە، من پێم وایە، کە بەپێی سیاسەتی نوێی ئێس ئی سی، دەستەی هاوبەشی وەبەرهێنەران، بڕێکی زیاتر لە سەدا پەنجا لەدەست دەدەن، لەگەڵم هاودەنگی؟ ئایا تۆ لەم جیهانەدا وەک پاڵەوانێکی یاریی شەترەنج دەژیت؟ لەگەڵ کرانەوەی بازاڕی نیۆیۆرکدا دەبیت و وەک پەترۆسیان و فیشەر و بروان لە مانهاتن بە جزدانی نیو ملیۆن دۆلارییەوە دێیتەوە؟ ئەگەر وابیت ئێستا لەناو پاکژێکی پڕ لە پووشی مایتلەندی ئۆهایۆدا چی دەکەیت؟ ئەوە تۆیت بە فڕۆکەیەکی دووچین باڵی مۆدێلی ١٩٢٩وە لەناو کێڵگەی جوتیارێکدا نیشتوویتەتەوە و مۆڵەتێکت وەرگرتووە چاوەڕوانی هاتنی ئەو کەسانە بکەیت، کە فڕینی دە خوولەکیی فڕۆکەیان دەوێت. تۆش لە ترسی مردنێک بە هەورەتریشقە و باهۆز دەبێت دەستێک بە فڕۆکەکەتدا بهێنیت. تۆ پێت وایە چەند کەس لەناو ئەم جیهانەی تۆدا دەژین؟ تۆ دەڵێیت چوار ملیار؟ تۆ بۆ خۆت لەوێدا لەسەر ڕێگایەک رادەوەستیت و دێیت بە من دەڵێیت، کە ئەو چوار ملیار خەڵکە لەناو چوار ملیار جیهانی جیاوازدا ناژین، دەتەوێت ئەوە بەسەر مندا تێبپەڕێنیت؟» هێندە بە خێرایی ئەم شتانەی گوت، هەناسەی توند بوو.

منیش گوتم: «من هەمیشە هەر حەزم لە هەمبەرگر و بیرەی پەنیر بووە.»

«داوای لێبـووردن دەکـەم، زۆر حــەزم دەکـرد بیکـڕم، بـەڵام ئەوەتـا ئــەوە تــەواو، وا باشتریشــە، کـە لــە بیـری خۆتــی ببەیتــەوە.»

ئەگەرچــی ئــەوە دواییـن جـارم بـوو، کـە ئـەوەی بـۆ هەڵببەسـتم، کـە ئـەو لـەم جیهانـەدا ناژیـت، بـەڵام کاتێکـی درێژیشـم پێویسـت بـوو لـەوە تێبگـەم، کـە کتێبـە دەسـتییەکەش کراوەتــەوە:

ئەگەر کاتێک

ویستت مەشقی ئەوە بە خۆت بکەیت

کە بۆ ماوەیەک

کەسێکی خەیاڵی بیت، ئەوە لەوەش تێدەگەیت،

کە سیفەتەکانی خەیاڵی بوون

هەندێ جار واقعییانەترە

لە لەشی خەڵک و

ترپەی دڵیشیان.

## (سیانزە)

ویژدانت

پێوانەی جدیبوونی ئاستی

خۆپەرستیی تۆیە،

بە باشی

گوێی لێبگرە.

ئـەو شـەوە ئـەو گوتـی: «هەمـوو ئازادیـن لـەوەی چیمـان ویسـت ئەنجامـی بدەیـن، ئەنجامی بدەین. ئایا ئـەم شـتە سـادە و پـاک و روون نییـە؟ ئەمـە رێگایەکـی مـەزن نییـە بـۆ سـەرۆکاری کردنـی ئـەم گەردوونـە؟»

منیش گوتم: «ئای..شتێکی زۆر گرنگت لە یاد کرد.»

«چی؟»

«ئێمـە هەمـوو ئازادیـن لـەوەی، کـە چیمـان ویسـت ئەنجامـی بدەیـن، تـا ئەوەنـدەی، کـە ئـەوەی ئەنجامـی دەدەیـن زیـان بـە کەسـێکی تـر نەگەیەنێـت.» سەرزەنشـتیم کرد»مـن دەزانـم تـۆش مەبەسـتت هـەر لـەوە بـوو، تۆزێکـت مابـوو، کـە بڵێیـت مەبەستەکەشـت چییـە.»

لەپـڕدا دەنگێکـی گـەورە لـە تاریکییەکـەوە هـات، بـە خێرایـی سـەیرێکی برادەرەکەمـ کرد.»گوێـت لێـی بـوو؟»

«بەڵـێ. پێدەچێـت کەسـێک لـەم نزیکانـە بێـت» هەسـتا و بـەرەو تاریکییەکـە رۆیشـت. لـەوێ نـاوی کەسـێکی هێنـا، بـە باشـی گوێـم لـێ نەبـوو، کـە نـاوی کـێ بـوو. ئـەو گوتـی: «نـا عەیبـی نییـە. ئێمـەش خۆشـحاڵ دەبیـن تۆشـمان لەگەڵـدا بیـت، پێویسـت نـاکات لـەو دوورەوە رابوەسـتیت.. وەرە بەخێـر بێیـت، بەڕاسـتی.»

ئـەو دەنگـەی، کـە دەهـات زۆر بـە قورسـی ددانـی بـە قسـەکانیدا دەنـا. نـە رووسـییەکی ئـارام بـوو، نـە چیکـی بـوو، نـە ترانسـیلڤانی، گوتـی: «سـوپاس، مـن نامەوێـت خـۆم بکـەم بـە بـار بەسـەر ئـەم ئێوارەیـەی ئێـوەوە.»

ئـەو پیـاوەی لەگـەڵ خۆیـدا هێنایـەوە بـۆلای رۆشـنایی ئاگرەکەمـان، پیاوێکـی بـاش بـوو، بینینـی لـەو شـەوەی میدوێسـتدا ئاسـایی نەبـوو. کابرایەکـی بچـووک و لاوازی ریوەڵـە و چاوترسـێن. جلوبەرگـی شـەوی لەبـەر دابـوو، سـەری رەش بـوو، سـەتەنێکی سـووری لـێ پێچابـوو. کـە هاتـە بـەر رۆشـنایی، وا دیـار نەبـوو، کـە ئاسـوودە بێـت.

کابـرا گوتـی: «لێـرەوە تێپەڕیـم، ئـەم کێڵگەیـە رێگاکـەی بـەرەو ماڵـەوەم بـۆ کـورت دەکاتـەوە.»

شـایمۆدا بـڕوای بـە کابـرا نەدەکـرد، دەیزانـی، کـە درۆ دەکات، زۆری لـە خـۆی دەکـرد، بـۆ ئـەوەی نـەوەک پێـی پێبکەنێـت. منیـش حـەزم دەکـرد لـە رەوشـەکە تێبگـەم، شـایمۆدا پێیگـوت: «بەڕاسـت؟»

منیش پێم گوت: «بە جوانی بۆ خۆت بحەسێوە.. دەتوانین چیت بۆ بکەین؟»

پێـم وانەبـوو، ئـەوەی، کـە گوتـم سـوودێکی هەبووبێـت، چونکـە ئـەو زۆر ترسـاو و شـەرمن بـوو، مـن دەمویسـت وای لێبکـەم کـە ئەگـەر بتوانێـت پشـوو بـدات.

سـەیرێکی کـردم، بزەیەکـی نائومێدانـەی بـۆ کـردم و کردمـی بـە بـەرد. گوتـی: «بەڵـێ. تـۆ دەتوانیـت یارمەتیـم بدەیـت. شـتێک هەیـە زۆر زۆر پێویسـتم پێیەتـی، مەگـەر قسـە نەکـەم. ئایـا دەتوانـم خوێنەکـەی تـۆ بخۆمـەوە؟ هـەر هەندێکـی؟ خۆراکـی مـن ئەوەیـە. پێویسـتم بـە خوێنـی مـرۆڤ هەیـە.»

لەوانەیـە، ئـەوە بەهـۆی شـێوەزارەکەیەوە بێـت، یـان ئـەو بەباشـی ئینگلیـزی نازانێـت، یـان مـن لـە وشـەکانی تێنەگەیشـتم. لەپـڕدا و بەخێرایـیـەک هەسـتامە سـەرپێ، کـە چەنـد مانـگ بـوو خێرایـی وام بـە خۆمـەوە نەبینیبـوو. وا تونـد راپەڕیـم، پووشـەکان لەبـەر پێمـەوە پەڕینـە نـاو ئاگرەکـە.

کابـرا هەنـگاوی نـا بـەرەو دواوە: «مـن بـە شـێوەیەکی گشـتی کەسـێکی بێزیانـم، بـەڵام کەسـێکی بچکۆلـەش نیـم، دەمتوانـی خـۆم ترسـناک پیشـان بـدەم. رووی وەرگێـڕا بـۆ ئـەو لاوە.»گـەورەم، داوای لێبـووردن دەکـەم، داوای لێبـوردن دەکـەم. تکایـە مـن هەرچییەکـم لەبـارەی خوێنـەوە گـوت لەبیـری خۆتـی ببـەرەوە.. بـەڵام تـۆ دەبینیـت، کـە....»

زۆر شـڵەژام، لەبەرئـەوەی زۆر ترسـابووم:»ئەوە نەفرەتـی چ دۆزەخێکـە تـۆ باسـیدەکەیت بەڕێـز؟ مـن هـەر نازانـم تـۆ چییـت؟ ئایـا تـۆ جۆرێکیـت لـە ڤەمـپ...؟ (ڤەمپایـەر، کەسـی خوێنخۆر)»

پێـش ئـەوەی وشـەکەم تـەواو بکـەم، شـایمۆدا قسـەکەمی پێبڕیـم: «ریچـارد، میوانەکەمان قسـەی دەکـرد و تـۆش پێـت بـڕی. تکایە بـەردەوام بە بەڕێـز، هاوڕێکەم تۆزێک هەڵەشـەیە.»

من گوتم: «دۆنەڵد، ئەم کابرایە...»

«بێدەنگ بە!»

ئـەوەش تووسـی حەپەسـانی کـردم، کـە بێدەنـگ بـووم و بـە سـیمایەکی پـڕ پرسـیاری ترسـاوەوە سـەیری کابـرام دەکـرد، کـە لـە تاریکاییـە رەسـەنەکەی خۆیـەوە هاتـە بـەر رۆشـنایی ئاگرەکـەی ئێمـە.

«تکایـە، بـۆ ئـەوەی تێبگـەن، ئـەوە بڕیـاری خـۆم نەبـووە، کـە وەک خوێنخـۆر ـ ڤەمپایەر

ـ لەدایک ببم. ئەوە مایەی خەفەتە. هاوڕێی زۆرم نین، بەڵام پێویستە بۆ هەر شەوێک بڕێکی دیاریکراوی کەم خوێنی تازەم هەبێت. دەنا تووشی ئازارێکی کوشندە دەبم. لەوەش زیاتر ئەوەیە، کە بەبێ ئەو خوێنەش ناتوانم بژیم. ـ ئەوە ئازاری زۆر قووڵم دەدات ـ تکایە. ئەگەر تۆ ڕێگەم نەدەیت خوێنەکەت بمژم، دەمرم. هەر بڕێکی کەم، تکایە، لەنێو لیتر زیاترم ناوێت «یەک هەنگاویش بەرەوڕووم هاتە پێشەوە، لێوەکانی خۆیی دەکرۆشت، پێیوابوو، کە شایمۆدا منی کۆنترۆڵ کردووە و وام لێدەکات مل بدەم.

«یەک هەنگاوی تر بێیتە پێشەوە خوێنت دەڕژێت. باشە مستەر. بەس دەستم لێ بدە بزانە دەمریت یان نا! خۆ من نەمدەکوشت، بەڵام دەمویست پەشیمانی بکەمەوە، پێش ئەوەی ناچار بین زۆری لەگەڵدا بڵێین.»

پێدەچوو بڕوای پێکردبێتم، لەبەرئەوە وەستا و باوێشکێکی دا، لای کردەوە بەلای شایمۆدادا و پێیگوت: «تۆ بڕیاری خۆتت دا؟»

«پێم وایە، کە بەڵێ! سوپاس.»

خوێنخۆرەکە سەیرێکی منی کرد و بزەیەکی کرد، بە تەواوی رووخۆش بوو، زۆر بە گەورەیی خۆی دەبینی، ئەکتەرێک بوو بەسەر شانۆوە و نمایشەکەی تەواو کردبوو. بە زمانێکی ئینگلیزیی مەزبوتەوە، کە هیچ شێوە زارێکی پێوە دیار نەبوو، گوتی: «خوێنەکەت ناخۆمەوە ریچارد». کە من سەیریم کرد وەک ئەوەی رۆشنایی لە خۆی بڕیبێت رەنگی تاریک داگەڕا. لە ماوەی پێنج چرکەدا لە پێش چاو ون بوو.

«ئایا من ئاسوودەی ئەوە نیم، کە تۆ هەمیشە ئەو شتانەی دەیانڵێیت مەبەستت لێیان نییە!»

هێشتا دەلەرزێم و ئەدرناڵین رەنگی زەرد کردبووم، خۆمم ئامادە کردبوو لەگەڵ

وەحشێکدا بجەنگم: «دان! دڵنیا نیم لەوەی، کە من بۆئەوە دروست کرابێتم. لەوانەیە وا باشتر بێت، کە تۆ پێم بڵێیت ئەمە چییە لێرە روو دەدات؟ یان بۆ نموونە، ئەمە چی بوو؟»

«دات واز ئە ۆمپایە فرەم ترەنسلوانییا» شایمۆدا، زمانی بۆ گۆڕی و شتەکانی بە شێوەیەکی رەقتر لەوەی کابرا گوت: «یان بۆ ئەوەی وردتر پێت بڵێم، ئەوە قەواڵەیەکی زەینی بوو لە شێوەی وەمپایەری ترانسلوانیادا. ئەگەر هەر کاتێک ویستت شتێک بڵێیت جیاواز بێت و پێت وابوو، کە کەسێک هەیە گوێت لێ ناگرێت، ئەوە بە قەمچی لێی بدە، تۆزێکیش بیر لە گوتنەکەت بکەرەوە بۆ ئەوەی ئەو شتەی دەیڵێیت چەسپاو بێت. تۆ لەو بڕوایە دایت، کە ئەو کابرایە من هەڵم دەسووڕاند، بەوسەر و کەڵبە و ددانەیەوە؟ ئەوە زۆر بەلاتەوە ترسناک بوو؟

«ئەو سەرەی ئەو هەیبوو پلە یەک بوو دان، بەڵام ئەو مۆرک و ستایلەی عەجایەب بوو، نا من هەرگیز نەترسام.»

ئەویش باوێشکێکی دا و گوتی: «باشە، خۆ هیچ نەبێت تۆ لە راستیی مەسەلەکە تێگەیشتوویت و ئەمەش گرنگە.»

«کام مەسەلە؟»

«ریچارد، مەسەلەی ئەوەی، کە ئەوەندە لەگەڵ خوێنخۆرەکەی مندا توند و تووڕە بیت، خۆت چیت دەویست ئاوات لەگەڵ ئەودا کرد، ئەگەرچی کە تۆ پێت وابوو، ئەو ئازاری کەسێکی تر دەدات، نەک خۆت. خۆ ئەو، تەنانەت پێشی گوتی، ئەوکاتە ئازاری دەبێت، کە...»

«ئەو بەنیاز بوو خوێنی من بمژێت!»

«ئـەوەی ئـەو دەیەویسـت ئێمـە خۆشـمان بەرانبـەر بـە کەسـانی تـر دەیکەیـن، ئەگـەر بـە دڵی ئێمـە هەڵنەسـووڕێن.»

ماوەیەکـی درێـژ بێدەنـگ مامـەوە، هـەر بیـرم لـەو شـتە دەکـردەوە، کـە گوتـی. مـن هەمیشـە لـەو بڕوایـەدا بـووم، کـە ئێمـە ئازادیـن لـەوەی خۆمـان چیمـان پـێ خـۆش بێـت ئـەوە بکەیـن، بـەڵام بـەو مەرجـەی، کـە ئـەوەی دەیکەیـن زیـان لـە کەسـی تـر نـەدات، بـەڵام ئەمـەش سـوودی نەبـوو. لـەم نێوەنـدەدا شـتێکی نادیـار هەبـوو.

ئـەو گوتـی: «ئـەو شـتەی، کـە سـەرگەرمت دەکات»، «ئەمـە قسـەیەکی پەسـەندە، بـەڵام دەکرێت نەشـیاویش بێـت» باسـەکە بریتییـە لـە زیانگەیانـدن بـە کەسـێکی تـر، ئێمـە خۆمـان ئـەو کەسـانەین، کـە بڕیـار دەدەیـن ئایـا زیـان لێکەوتـوو بیـن یـان زیـان لێکەوتـوو نەبیـن، کەسـی تـر نییـە بڕیارمـان بـۆ بـدات. خوێنخۆرەکـەی مـن پێـی گوتیـت، کـە ئەگـەر تـۆ بـواری پێنەدەیـت ئـەوا زیانـی لێدەکەوێـت. دیـارە ئـەوەش بڕیـاری خـۆی بـوو، کـە خـۆی زیانـی لێبکەوێـت، ئـەوە بـژاردەی خـۆی بـوو. تـۆ چـی بەرانبـەر بـەو دەکەیـت، ئـەوە بڕیـاری خـۆت و بـژاردەی خۆتـە، خوێنـی دەدەیتـێ، فەرامۆشـی دەکەیـت، لوولـی دەکەیـت، هەژوویـەک دڕک بەنـاو دڵیـدا دەبەیـت. ئەویـش ئەگـەر ئـەو هەژگـە دڕکـەی نەویسـت، ئـەوە ئـازادە لـەوەی بەرەنـگاری بـکات، بـە هـەر شـێوازێک کـە خـۆی پەسـەندی بـکات، هەمـوو بژاردەیـەک لەبەردەسـتیدا کراوەیـە و بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە.

«کاتێک، کە تۆ بەم شێوەیە سەیری بکەیت....»

ئـەو گوتـی: «گـوێ بگـرە، ئەمـە گرنگـە ئێمـە هەموومـان ئازادیـن لـەوەی کـە چیمـان دەوێـت بیکەیـن.»

## (چوارده)

هەموو کەسێک

و هەموو ڕووداوە زۆرەکانی ناو ژیانت

لەبەر ئەوە لەوێن و ڕوو دەدەن

کە ئیشی دەستی خۆتن.

تۆ بڕیار دەدەیت

چییان لەگەڵدا بکەیت

ئەو شتێکە بە دەستی خۆتە

«دان، تۆ تەنها ناکەویت؟» ئەو لە قاوەخانەیەکدا بوو لە رایەرسن لە ئۆهایۆ کە کەوتە بەرچاوم دەرفەت بوو ئەو پرسیارەم لێکرد.

« پێم سەیرە کە تۆ....»

منیش گوتم: «شش، من هێشتا پرسیارەکەمم تەواو نەکردووە، ئەرێ تۆ هەرگیز بۆ تۆزێک تەنها ناکەویت؟»

«تۆ پێت وایە چۆنە؟»

«بوەستە.. ئەو هەموو خەڵکانەی، کە ئێمە لە چەند خولەکێکدا دەیانبینین. لە پڕێکدا و لەخۆیەوە دەموچاوێک لەناو قەرەباڵەغییەکەوە پەیدا دەبێ، دەموچاوی ژنێکی گەش وەک ئەستێرە، کە وام لێدەکات حەز دەکەم بوەستم و سڵاوی لێبکەم. ماوەیەک دەوەستم و نە دەجووڵێمەوە و نە قسەش دەکەم، بەڵکوو ئەویش بێت و ماوەی دە خولەک لەگەڵمدا بفڕێت، یان نافڕێت، ئەو دەڕوات. ڕۆژی پاشتر دەفڕم بۆ شێلبیڤیڵ و ئیتر جارێکی تر نایبینمەوە. ئەوە تەنها کەوتنە، بەڵام وادەزانم، کە من ناتوانم هاوڕێ

بۆ ماوەی درێژخایەن بدۆزمەوە، لەبەر ئەوەی خۆم کەسێکم شتەکانم کەم خایەنن.»

ئەو بێدەنگ بوو.

«یان ئایا دەتوانم؟»

«ئێستا من دەتوانم قسە بکەم؟»

«وابزانم بەڵێ.. فەرموو»

هەمبەرگرەکانی ئەم شوێنە هەر یەکەیان تا نیوەی بە کاغەزی ئەستوور و چەورەوە دەپێچرێنەوە، کە کاغەزەکەشی لێدەکەیتەوە دەنکە کونجی و شتی ورد و بێکەڵکی تریشی بە هەموولایەکدا لێ بەر دەبێتەوە، بەڵام هەمبەرگرەکانی هەر باش بوون. شایمۆدا ماوەیەک بە بێدەنگی لێی دەخوارد و منیش هەر بە هەمان شێوە، چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم ئەو کە دێتەگۆ، چی دەڵێت.

«باشە ریچارد، ئێمە ماگنێتین، وا نییە؟ نا، ئێمە ماگنێت نین. ئاسنین و بە وایەری مس پێچراوینەتەوە، کەی بمانەوێت خۆمان بکەین بە موگناتیس دەتوانین، توانا ڤۆڵتییەکەی ناوەوەی خۆمان بەناو وایەرەکاندا تێدەپەڕێنین و ئەودەمەش هەر شتێکمان بوێت کێشی بکەین، دەیکەین. موگنایتس ئەوەی ناوێت کە نیگەران بیت لەبارەی ئەوەوەی کە چۆن کار دەکات. ئەوە موگناتیسەکە خۆیەتی و بە سروشتی خۆی وایە، کە هەندێک شت کێش دەکات و هەندێکی تر ناکات.»

من یەک دانە چیپسی پەتاتەم خوارد و سەیرێکی ئەوم کرد و گوتم: «یەک شتت بەجێهێشت. نەتگوت، کە من چۆن ئەوە بکەم؟»

«تۆ هیچ ناکەیت، ئەوە یاسایەکی گەردوونییە، لە یادتە؟ ئەوە سەرنجڕاکێشییە، خۆت چۆنیت هەروەها بە. ئارام، روون و گەش. بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، خۆمان چۆنین، هەروەها، هەموو خولەکێک لە خۆمان دەپرسین، کە ئایا بەڕاستی ئەمە ئەو

شتەیە، کە من دەمەوێت بیکەم؟ ئەگەر وەڵامەکەمان بەڵێ بوو، ئەوە دەیکەین. ئەم شتە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو کەسانە فڕێ دەداتە دەرەوە، کە خۆیان ناتوانن هیچ فێر ببن و نایانەوێت بزانن، کە ئێمە کێین و ئێمە دەبێ لە کێوە فێر ببین»

«بەڵام ئەمە بوونی بڕوایەکی بەهێزی دەوێت، تا خەریکی ئەمە دەبیت، جوان و زەریف تەنها دەکەویت.»

بە شێوەیەکی نامۆ سەیری کردم «واز لەو بڕوایە بهێنە، سفری بۆ دابنێ، ئەوە خەیاڵ ناهێڵێت» ئەو، دەستی بەسەر مێزەکەی نێوانماندا دەخشاند، پاکی دەکردەوە و خوێ و پەتاتە برژاوەکەی لە ڕێگەی دەستی لادەدا، کەشەف و چەقۆ و چەتاڵەکانی دەخستە لاوە، منیش هەر چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، کە بزانم چی ڕوو دەدات. چ شتێک لە پێش چاوەکانی من قوت دەبێتەوە.

ئەو گوتی: «ئەگەر هێندەی دەنکە کونجییەک خەیاڵت هەبێت «ئینجا بە دەست دانەیەک دەنکە کونجیی هێنایە سەر ئەو شوێنەی پاکی کردبووەوە و گوتی»هەموو شتەکانت پێ دەکرێن.»

منیش سەیرێکی دەنکە کونجییەکەم کرد. گوتم»هیوادارم مەسیحەکان لەگەڵ تۆ و هاوڕای تۆ بن، وادەزانم ئەودەمەی کە هەموو جیهان لە دژی من بوەستنەوە، بڕوای من وەک شەقامی قیری لێدێت»

«نەخێر. ئەودەمەی، کە من ئیشم دەکرد، دەمەویست ئەوەت بۆ ڕاست بکەمەوە، بەڵام ئەوە ڕێگەیەکی سەخت و درێژ بوو. دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، بڵێ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا خەڵک یەک زاراوەیان نەبوو بۆ خەیاڵ، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ دەستەی شوێنکەوتووە جوان و باشەکانیاندا بەردەوام بن دەبوو بڕوایان هەبوایە. ئەو ڕۆژگارە ئەوان دەنکە کونجیشیان نەبوو.»

مـن خـۆم دەمزانـی، کـە ئـەوان ئـەو سـەردەمە دەنکـە کونجییان هەبـووە، بەڵام دەمویسـت بـوار بـدەم ئـەو درۆیـە تێپـەڕ ببێـت. گوتـم: «دەبـێ مـن بیـر لـەو مەگنەکارییـە بکەمـەوە؟، نـا مـن هـەر دەتوانـم بیـر لـەوە بکەمـەوە، کـە لەپـڕدا و لەنـاو قەرەباڵەغیـی خەڵکەکـەی نـاو پاکژەکـەی تارەگۆنـی ناوچـەی ئێلینۆیـزەوە کچێکـی نازەنینـی بـە سـەلیقە و تەلیسـماویم بـۆ دەربکەوێـت. خەیاڵەکـەی مـن هـەر ئەوەنـدە بـڕ دەکات.»

نائومێدانـە سـەرێکی هەڵبـڕی بـۆ ئاسـمان، بنمیچـی قاوەخانەکـەی ئێـم و ئێدنـا لـە پلێتـی تەنەکـە دروسـت کراوبـوو، روناکییەکـی ساردیان دەدایـەوە. گوتـی: «تەنهـا خەیـاڵ و بیرکردنـەوەی خـۆت؟ بێگومـان ئـەوە خەیاڵـی خۆتـە. ئـەم جیهانـە هەمـووی خەیاڵـی تۆیـە. ئـەوەت لەیـاد چـوو؟ بیرکردنەوەکانـی تـۆ لەکـوێ بـن، ئەزموونەکانیشـت هـەر لەوێـن، پیـاو چەنـد بیـر بکاتـەوە خۆیشـی هـەر ئەوەندەیـە. ئـەو شـتەی، کـە مـن لێـی بترسـم، بەسـەرمدا دێـت، بیـر بکـەرەوە بیـرت قووڵتـر دەبێـت. بینینـی داهێنەرانـە بـۆ خۆشـی و بـۆ سـوود وەرگرتنـە. بیـر بکـەرەوە دەوڵەمەنـد دەبیـت. خـۆت چـۆن بیـت، ئـاوا هاوڕێکانیشـت دەبینیـت. دیـارە خـۆ بیرکردنـەوەی تـۆ ناتوانێـت یـەک گـەرد منـەکان بگۆڕێـت، هەرگیـز کار لـە هەقیقەتیـش نـاکات، بـەڵام ئـەوە ئێمەیـن و قسـە دەکەیـن، باسـی جیهانـی برایانـی وێرنـەر و ژیانـی ئێـم جـی ئێـم دەکەیـن، کـە ئەوانیـش هەمـوو چرکەسـاتێکی ژیانیـان هـەر وەهـم و خەیاڵـە. هەمـوو شـتێک خەونـە لەگـەڵ سـیمبولەکاندا، ئێمـە زیندەخـەون بـۆ ئـەوە دەبینیـن خۆمـان بێـدار بکەینـەوە. «

چەتـاڵ و چەقۆکـەی وا دانـا، وەک ئـەوەی بیەوێـت لـە شـوێنەکەی خۆیـەوە پردێـک بـەرەو شـوێنەکەی مـن رابکێشـێت. «تـۆ پرسـیاری ئـەوە لـە خـۆت دەکەیـت، کـە ئاخـۆ خەونەکانـت چیـت پێدەڵێـن؟ تـۆ تـا چەنـد بـە باشـی سـەیری شـتەکانی نـاو ژیانـی ئاگاییانـەی خـۆت دەکەیـت، خەونەکانیشـت هێنـدە لەگـەڵ ئـەو شـتانەدا دەبـن. تـۆ لـە ژیانـی خۆتـدا لەگـەڵ فرۆکـەدا هەڵسـوکەوت دەکەیـت، هەمـوو جارێـک بـە دەورە دەسـووڕێیتەوە.»

«بەڵـێ..دان. راسـتە، وایـە» مـن وام دەویسـت، کـە ئـارام ببێتـەوە و بـە جارێـک ئـەو هەمـوو شـتانەم بەسـەردا نەهێنێـت. خێرایـی یـەک میـل لـە خولەکێکدا، زۆر خێراییەکـی زۆرە بـۆ هاتنـی بیرۆکـەی نـوێ.

«ئەگەر تۆ خەونت بە فڕۆکەوە بینیبێت، کەواتە فڕۆکە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟»

«بـاش. ئـازادی دەگەیەنێـت. خەونەکانـی فڕۆکـە بریتیـن لـە قووچانـدن و فڕیـن و بەدەسـتهێنانی ئازادیـی خـۆم.»

«تـۆ دەتەوێـت چەنـد روون بێـت؟ زیندەخەونیـش هـەر هەمـان شـتە: بریتییـە لـە خواسـتی تـۆ بـۆ دەربازبـوون لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە دەتبەسـتنەوە بـە رابـردووەوە، وەک رۆتیـن، بەرپرسـیارێتی، بێـزاری و کێشـکردن. ئـەوەی کـە لـەلات نەبـووە بـە هەقیقـەت، ئەوەیـە، کـە تـۆ ئێسـتا ئازادیـت و هەمیشـەش هەروەهـا بوویـت. خـۆ ئەگـەر تـۆ لەتێکیـش لـەم دانـە کونجییـە هەبێـت ئـەوا تـۆ پاشـای دەسـەڵاتداری نـاو ژیانـی سـیحرییانەی خۆتیـت، تەنهـا خەیـاڵ.. ئـەی تـۆ دەتـەوێ چـی بڵێیـت؟»

خانمــە شــاگردەکە، لــە کاتێکــەوە بــۆ کاتێکــی تــر ســەیرێکی نامۆییانــەی دەکــرد، قاپەکانـی بەردەسـتی خـۆی وشـک دەکـردەوە و گوێـی دەگـرت و حەپەسـابوو، ئاخـۆ ئـەم کابرایـە کێیـە.

من گوتم: «کەوابێ دان... تۆ هەرگیز تەنها نەکەوتوویت؟»

«مەگـەر ئەوکاتـەی، کـە خـۆم هەسـت بـە تەنهایـی بکـەم.. لـە رەهەندەکـەی تـرەوە هاوڕێـم ئـەوان لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی تـر وەک تـۆ لـە دەور مـن.»

«نـا.. مـن مەبەسـتم لـەم رەهەنـدەی ئێرەیـە، ئـەم جیهانـە خەیاڵییـەی ئێـرە.. پیشـانم بـدە، کـە مەبەسـتت چییـە، پەرجوویەکـی بچووکـی ماگنێتکارییەکـەم بـدەرێ، دەمـەوێ فێـری ئـەوە ببـم.»

ئـەو گوتـی: «تـۆ ئـەوە پیشـانی مـن بـدە.. بـۆ ئـەوەی بتوانیـت هـەر شـتێک بهێنیتـە

ژیانـی خۆتـەوە، وابیـری لـێ بکـەرەوە، کـە ئـەو شـتە خـۆی لێـرە هەیـە.»

«شت وەک چی؟ وەک ئەو کچەی کە خۆشم دەوێت؟»

«هـەر شـتێک.. نـا خۆشەویسـتەکەت نـا، سـەرەتا لـە شـتێکی بچووکـەوە دەسـت پـێ بکـە.»

«دەبێ ئێستا دەست پێ بکەم؟»

«بەڵێ»

«باشە، پەڕێکی شین دەهێنم»

بە چاوی نوقاوەوە رووی تێکردم: «ریچارد..؟ پەڕی شین؟»

«ئاخر تۆ گوتت، هەر شتێک، بەس کچ نەبێت، شتێکی بچووک»

بەبـێ گـوێ پێـدان گوتـی: «باشـە، پەڕێکـی شـین. پەڕێکـی شـین بهێنـە خەیاڵـی خۆتـەوە، وێنـای بکـە، هەمـوو هێـڵ و کەنارەکانـی پەڕەکـە ببینـە، ئـەو درزانـەی کـە وەک پیتـی ڤـی لـە کاتـی دڕانیـدا تیایـدا دروسـت دەبـن، گەندەمووەکانـی دەوری ببینـە، بـۆ مـاوەی یـەک خولـەک لـە خەیاڵتـدا دایبنـێ، ئەمجـا بهێڵـە بـڕوات.»

بـۆ مـاوەی یـەک خولـەک چاوەکانـم نووقانـدن، وێنەیەکـم لەنـاو خەیاڵـی خۆمـدا بینـی، پێنـج ئینـج درێـژ بـوو. رەنگێکـی شـینی هەبوو بـە شـێوەی پەلکەزێڕینەیی لـە کەنارەکانییەوە رەنگەکـەی دەگـۆڕا بـۆ زیـوی. پەڕێکـی رەنـگ روون، لـە تاریکییـەوە دەدرەوشـایەوە و کەوتـە سـەر بـا.

«رۆشـناییەکی رەنـگ ئاڵتوونـی بەدەوریـدا بکێشـە، ئەگـەر پێـت باشـە، ئـەوە شـتەکان چـاک دەکاتـەوە، هەروەهـا کاری مەگنەتیـزە کردنەکەشـت بـۆ دەکات.»

منیش پرشنگێکی ئاڵتوونیم بەدەوری پەڕەکەدا کێشا، گوتم: «باشە.»

«ئەوەتا، ئێستا چاوت بکەرەوە»

چاوم کردەوە و گوتم: «ئەی پەڕەکەم کوا؟»

«ئەگەر بەڕوونی لەناو زەینی خۆتدا دروستت کردبا، ئێستا وەک ترێلەیەکی جۆری ماک بەر دەبۆوە بەسەرتدا»

«پەڕێک وەک ترێلەیەکی ماک؟»

«بە مەجازی وا دەڵێم ریچارد.»

هەموو ئەو نیوەڕۆیە من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ئەو پەڕەم بۆ دەربکەوێت، بەڵام دەرنەکەوت. ئێوارە داهات. بۆ شیو بابۆڵەیەکی گەرمی قەلم هەبوو. لە کاتی خواردنی بابۆڵەکەدا بینیم. وێنەی پەڕێکی شین و بچکۆلە بەسەر مقەبای شیرەوە بوو، شیرەکە لەلایەن کارگەی شیرەمەنیی سکۆتەوە لە کێڵگەکانی پەڕی شین بەرهەم هێنرابوو، لە ناوچەی برایەن، ئۆهایۆ. هاوارم کرد:»دان.. ئەوە پەڕەکەمە!»

سەیرێکی کرد و شانەکانی بۆ هەڵتەکاند. گوتی: «من وام دەزانی، کە تۆ پەڕی راستەقینەت دەویست»

«باشە، هەر پەڕێک، هەر پەڕ بوایە، تۆش پێت وانەبوو دەبو وابێت؟»

«ئایا تۆ هەر تەنها پەڕەکەت بینی و تەواو، یان گرتیشیت بە دەستەوە؟»

«هەر بە تەنها بینیم.»

«ئێ. ئەمە شتەکە روون دەکاتەوە. ئەگەر بتەوێت خۆشت لەگەڵ ئەو شتەدا بیت، کە کێشی دەکەیت، ئەوا دەبێ خۆشت لە وێنە خەیاڵییەکەدا دابنێیت. ببوورە، ئەوەم پێ نەگوتبوویت. «

هەستێکی دەمارگیرانەی نامۆم لەلا دروست بوو، خۆ ئەوە کاری کرد. من بەئاگایی و هۆشەوە یەکەمین شتی خۆمم بە مەگنەتایز کێش کرد. بە خۆمم گوت: «ئەمڕۆ پەڕێکم کێش کرد، سبەی جیهان کێش دەکەم!»

بە پلارەوە گوتی: «وریابە ریچارد! دەنا پەشیمان دەبیتەوە..»

## (پانزە)

ئەو ڕاستییەی

تۆ دەیڵێیت، نە ڕابردووی هەیە

نە داهاتوو.

ئەو لە ئێستا دایە

هەمووشی هەر ئەوەیە

پێویستی بەوە هەیە لێرە هەبێت.

لەسەر پشت لەژێر فڕۆکەکەمدا ڕاکشابووم. ڕۆنی دڵۆپاوم لە فڕۆکەکەم دەکردەوە. مەکینەکەی لە خۆیەوە ئێستا لە جاران کەمتر ڕۆنی دەدڵۆپاندە خوارەوە. شایمۆدا گەشتی بە یەک گەشتیار کرد و هاتەوە و لە نزیکی منەوە لەسەر گیاکە دانیشت و منیش کارم دەکرد.

«ریچارد! تۆ چۆن دەتوانیت ئاواتی ئەوە بخوازیت، کە جیهان بۆ خۆت کێش بکەیت، لە کاتێکدا هەموو خەڵکەکەی تری کار بۆ ژیانی خۆیان دەکەن و تۆش نابەرپرسیارانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە فڕۆکە شێتانەکەت دێیت و دەچیت و کورتە گەشت دەفرۆشیت؟ «ئەو جارێکی تریش منی تاقی دەکردەوە. «پرسیارێک هەیە، کە پێویستە تۆ زیاتر لە جارێک لە خۆتی بپرسیت.»

«باشە، دۆنەڵد. بەشی یەکەم: بوونی من تەنها بۆ ئەوە نییە جیهان کێش بکەم، من بۆ ئەوە هەم، کە ژیانی خۆم بەو شێوەیە بگوزەرێنم، کە ئاسوودەم دەکات.»

«باش. ئەی بەشی دوو؟»

«بەشی دوو ئەوەیە، کە هەر کەسێکی تریش ئازادە لەوەی حەز لەچی دەکات بیکات

بۆ ژیانی خۆی. بەشی سێ: کەسی بەرپرس دەتوانێت وەڵام بداتەوە، دەتوانێت وەڵامی هەبێت بۆ پرسیاری ئەو شێوازەی ئێمە بۆ ژیانی خۆمان هەڵیدەبژێرین. بێگومان تەنها یەک کەس هەیە، کە ئێمە دەبێت وەڵامی بدەینەوە، ئەو کەسەش...»

دان وەڵامەکەی ئاراستەی ئەو قەرەباڵەغییە خەیاڵییە کرد کە لە دەورمان کۆ ببوونەوە، گوتی: «خۆمانین»

«ئەگەر خۆمان هەست نەکەین، کە حەز دەکەین وەڵام بدەینەوە، ناچار نیین وەڵام بدەینەوە. هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە، کە نابەرپرسیاربیت، بەڵام زۆر لە ئێمە حەز دەکات بزانێت کە بۆچی ئێمە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەین، بۆچی ئێمە بڕیار دەدەین هەڵبژاردەکانمان بەو شێوەیە بێت، ئەودەمەی، کە سەیری مەلێک دەکەین، یان پێ بە مێروویەکدا دەنێین، یان بۆ بەدەستهێنانی پارە کار لە شتێکدا دەکەین، کە ئەگەر بە خواستی خۆمان بێت ئەو کارە ناکەین «تۆزێک وەستام و گوتم: «وەڵامەکەم زۆر درێژ بوو؟»

سەرێکی بۆ راوەشاندم: «رێگاکەی زۆر درێژ بوو»

لەژێر فڕۆکەکە هاتمە دەرەوە و هەندێک لە سێبەری باڵەکەدا پشووم دا و گوتم: «باشە، ئەی تۆ دەتەوێت چۆن کاریگەری بخەیتە سەر جیهان؟ «، «ئەی ئەوە چۆنە من بوار بدەم، کە جیهان بەو شێوەیە بژی، کە خۆی پێی باشە، هەروەها بوار بە خۆشم بدەم، بەو شێوەیە بژیم، کە خۆم هەڵیدەبژێرم.»

بزەیەکی پڕ لە شانازیی ئاڕاستە کردم، گوتی: «وەک مەسیحێکی راستەقینە قسەت کرد! سادە، راستەوخۆ، نەستەق، ئەگەر کەسێک بە وردی بیری لێ نەکاتەوە، وەڵامی پرسیارەکەشی تێدا نادۆزێتەوە»

«هەوڵێکـی زیاتـرم لەگـەڵ بـدە «ئـەوە خـۆش و بەتـام بـوو بـۆ مـن سـەیرم دەکـرد مێشـکم چـۆن کاری دەکـرد.

ئـەو گوتـی: «ماسـتەر، مـن حـەز دەکـەم خۆشەویسـت بـم. مـن بـۆ ئـەوە کار دەکـەم، کـە خەڵـک چـۆن منیـان هەیـە ئـاواش مـن خەڵکـم هەبێـت، کەچـی هەتـا ئێسـتا کەسـم نییـە هاوڕێـم بێـت و تەنهـام «ئەگـەر کەسـێک ئـەم پرسـیارەت لـێ بـکات چـۆن وەڵامـی دەدەیتــەوە؟»

گوتـم: «ئـەو پرسـیارە لێـم دەدات.. خـۆ مـن تەمومژاویتریـن بیرۆکـەم نەگـوت، چیـت پـێ بڵێـم؟»

«چیی؟»

«دان.. ئـەوە نوکتەیەکـی بچـووک بـوو، چێـژ لـەم ئێوارەیـە ببینـە، گۆڕانێکـی بچکۆلـەی بێـزار بـوون بـۆ تەمـەن خـراپ نییـە»

«بـۆ تـۆ وا باشـترە، کـە زۆر ئـاگاداری ئـەوە بیـت چـۆن ئێوارەکانـت دەگوزەرێنیـت. بـەلای ئـەو خەڵکانـەوە کـە دێـن بـۆ لات، گیروگرفـت، نوکتـە و گەمەکـردن نییـە. مەگـەر ئـەوان خۆیـان خەڵکانیکـی زۆر پێشـکەوتوو بـن. ئەگـەر واش بـن، ئـەوا ئەوانیـش خۆیـان دەزانـن کـە مەسـیحی خۆیـان بـن. تـۆ وەڵامەکانـت دراوەتـێ، کەواتـە قسـەیان بـۆ کـە و وەڵامەکانـت بهێنـە دەرەوە. ئـەو گوتەیـەی «لێـم دەدات» تاقـی بکـەرەوە ئەمجـا دەبینیـت، کـە چـۆن ئـەو قسـەیە مـرۆڤ لـە ناخـەوە دەسـووتێنێت.»

بـە شـانازییەوە خـۆم گیـف دەکـەم، «ئـەو خـاوەن پرسـیارەی، کـە دێـت بـۆ لای مـن بـۆ وەڵامێـک، منیـش دەبـێ وەڵامـی بدەمـەوە، لـە وەڵامـدا دەڵێـم: یاسـای زێڕیـن کار نـاکات. تـۆ چـۆن حـەز دەکەیـت کەسـێکی مازۆخـی ببینیـت، ئـەو شـتە بەرانبـەر بـە خەڵـک دەکات،

کە حەز دەکات خەڵک بەرانبەر بە خۆی بیکەن؟ یان چۆن حەز دەکەیت، کە کەسێک ببینیت، خوای تیمساحەکان دەپەرستێت و تینووی ئەوەیە بە زیندوویی فڕێی بدەنە ناو گۆمێکی تیمساحەکانەوە؟ یان تەنانەت ئەو سامرییەی، کە تازە دەستی داوەتە کارەکەی و باوەشی بە هەموو شتێکدا کردووە، چ شتێک وای لێ دەکات وا بیربکاتەوە، کە ئەو کابرایەی ئەو لەلا ڕێگادا بە کەوتوویی دۆزیویەتییەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکات ئەو برینەکانی بۆ ساڕێژ بکات؟ چ دەبێت ئەگەر ئەو کابرا برینداره ئەو چرکەساتە بێدەنگانەی ئەو لاڕێگایەی بۆ ئەوە هەڵنەبژاردوە، کە بە شێوەیەکی رۆحی، خۆی چاک بکاتەوە؟ « وادەزانم ئەوەی گوتم بەلای خۆمەوە قایلکار بوو.

«ئەگەر تەنانەت یاساکەش گۆڕدرابێت بۆ ئەوەی کە ئەوە بەرانبەر بە خەڵک بکە، کە خۆیان دەیانەوێت بەرانبەریان بکرێت. ئێمە ناتوانین بزانین کە چۆن هەر کەسێک دەیەوێت چیی لەگەڵدا بکرێت، ئێمە هەر ئاگامان لە خۆمان هەیە. ئەم یاسایە مانای چی دەگەیەنێت و ئێمەش چۆن جدییانە پیادەی بکەین؟ ئایا ئەمە مانای وایە، کە: ئەوە بەرانبەر بە خەڵک بکە، کە تۆ خۆت بەڕاستی حەز دەکەیت بەرانبەریان بیکەیت. ئەم یاسایە بەسەر کەسێکی مازۆخیدا پیادە بکە، بەڵام بە قامچییەکەی خۆی جەڵدی لێ مەدە، لەبەرئەوەی خۆی حەزی لەوەیە لێی بدەیت. باشە ئایا تۆ دەبێت کەسە پەرستارەکە فڕێ بدەیتە بەردەستی تیمساحەکان؟» منیش سەیرێکم کرد و گوتم: «زۆر وشە کارییانە بوو؟»

«ریچارد، وەک هەمیشە بەڵێ. هەتا فێر دەبیت زۆر لە کورتی بیبڕیتەوە نزیکەی لەسەدا نەوەدی جەماوەرەکەت لەدەست دەدەیت!»

«باشە، ئەی چ خراپەیەک لەوەدا هەیە، ئەگەر لەسەدا نەوەدی جەماوەرەکەت لەدەست بدەیت؟»

پشـتم تێکـرد و گوتـم: «بۆچـی خراپـە ئەگـەر هەمـوو جەماوەرەکـەم لەدەسـت بـدەم؟ ئــەوەی دەیزانــم، دەیزانــم، ئــەوەی دەیڵێــم، دەیڵێــم! ئەگــەر ئەمەیــان هەڵــە بێــت ئــەوە خراپــە. گەشــت بــە فڕۆکــە بــە ســێ دۆلاری کاشــە!»

شـایمۆدا هەسـتایە سـەرپێ و پانتۆڵـە کابـۆ شـینەکەی لـەو کایانـە تەکانـد، کـە پێیـەوە نوسـاوبوون، گوتـی:»دەزانـی چـی؟»

شەڕەنگێزانە گوتم: «چی؟»

«تۆ ئێستا بڕوانامەت وەرگرت؟ هەستت چۆن دەبێت، ئەگەر ببیت بە ماستەر؟»

«شپرزە و پەشێو وەک دۆزەخ»

ســەیرێکی کــردم و لەگەڵیشــیدا بزەیەکــی بێکۆتایــی بــۆ کــردم و گوتــی :»لەگەڵیــدا ڕادێیــت».

فەرموو

ئەمە تاقیکردنەوەیەک

بۆ ئەوەی بزانیت، کە ئایا ئەو ئەرکەی تۆ بۆی هاتوویە سەرزەوی

کۆتایی هاتووە یان نا:

تا تۆ

زیندوو بیت

ئەو ئەرکە کۆتایی نەهاتووە.

## (شانزه)

کۆگاکانی کەرەستە فرۆشییەکان، هەمیشە کۆمەڵە شوێنێکی درێژن، ڕەفەکانیان تا ناکۆتا درێژ دەبنەوە.

لەناو تاریکاییەکەی کۆگای هایوێردا کەوتمە گەڕان، پێویستم بە هەندێ برغووی سێ بە هەشت ئینجی و سەمووڵە و واشەر هەبوو، بۆ کلکی فڕۆکەکەم. کە من سەیری کەرەستەکانم دەکرد، شایمۆداش بە کاوەخۆ چاوی بە شتەکاندا دەگێڕا، لەبەرئەوەی خۆی هیچی نەدەویست. ئەگەر هەموو کەس وەک ئەو بوایە، کە هەر بە هزر و بیر و شێوە و تەنی تەنکی هەوایی شت دروست دەکات و بەبێ بەکارهێنانی کەرەستەی یەدەگ شتەکانی خۆی چاک دەکاتەوە، ئەوا ئابووری هەر هەرەسی دەهێنا.

دواجار نیو دەرزەن بۆڵتم دۆزییەوە، هەڵمگرت و گەڕامەوە بۆلای مێزی ژمێریارییەکە، کابرای خاوەن کۆگا دانیشتبوو گوێی لە مۆسیقایەکی نەرم دەگرت. ئەوە ئاوازی گرین سلیڤس بوو، ئەو ئاوازەی، کە من لە منداڵیمەوە بە خۆشییەوە گوێم لێگرتووە، ئێستا هەمان ئاواز بە ئامێری عوود و بە چەند تۆنێکی شاردراوە دەژەنرا.. شتێکی سەیرە لەناو گوندێکی چوارسەد کەسیدا ئاوازێکی لەم شێوەیە ببیستیت.

دەرکەوت، کە ئەو دەنگە بەم کۆگایەی هایوێرد نامۆیە، چونکە هیچ سیستمێکی دەنگی لەناو کۆگاکەدا نەبوو. خاوەن کۆگا لەسەر کورسییە تەختەکەی دانیشتبوو، بەرانبەر بە مێزەکەی پاڵی دابۆوە. گوێی شل کردبوو بۆ ئەو تۆنانەی لە ئامێرێکەوە دەهاتنە دەرەوە سەیرم کرد مەسیح بوو گیتارێکی شەش تاڵیی دەژەند، کە لەسەر رەفەی کۆگاکە دانرابوو بۆ فرۆشتن. دەنگەکەی خۆش بوو، بەبێ دەنگی وەستابووم پارەی شتەکانم بدەم، کە حەفتا و سێ سەنت بوو، دیسانەوە کەوتمەوە ژێر کاریگەریی تۆنەکە. ئەو ئامێرە هەرزانبەهایە توانای دەرهێنانی ئەو ئاوازە تەلیسماوییەی سەدەی

رابـردووی ئینگلتـەرای تێدابـوو.

گوتم «زۆر جوانە دۆنەڵد، نەمدەزانی، کە تۆ دەتوانیت گیتاریش بژەنیت»

«نەتزانیبـوو، کەواتـە تـۆ لـەو بڕوایـە دایـت، کـە کەسـێک توانیبێتـی سـەرکەوێت بـۆلای یەسـووعی مەسـیح و ئەویـش گیتارێکـی دابێتـە دەسـتی، ئـەم گوتبێتـی: ببـوورە مـن ناتوانـم ئـەو شـتە بژەنـم؟ دەکـرێ وایگوتبێـت؟؟»

شـایمۆدا گیتارەکـەی دانایـەوە شـوێنی خـۆی، لەگـەڵ منـدا هاتـە دەرەوەو کەوتـەوە بـەر هەتـاو، گوتـی «ئەگـەر کەسـێک بێـت بـۆ لات و بـە ڕووسـی، یـان بـە فارسـی قسـە بـکات، تـۆ لـەو بڕوایـە دایـت ماسـتەر شـەبەنگی تریفەکـەی دەوری خـۆی کـەم بکاتـەوە و بڵێـت، کـە نەمزانیـوە ئـەو کەسـە چیـی گوتـووە؟ یـان جلیتبازییەکـی فڕۆکـەی دی١٠ی بوێـت، یـان فڕاندنـی هـەر فڕۆکەیـەک و ئـەم بڵـێ نازانـم یـان ناتوانـم؟ «

«کەواتە تۆ هەموو شتەکان دەزانیت ، وا نییە؟؟»

«بەڵـێ، تـۆش بـە هەمـان شـێوەیت، بـەڵام هێنـدە هەیـە، کـە مـن خـۆم دەزانـم، کـە هەمـوو شـتەکان دەزانـم»

«واتە منیش دەتوانم وەک ئەوەی تۆ کردت گیتار بژەنم؟»

«نەخێر، تۆ بە شێوازی خۆت دەیژەنیت، جیاواز لەوەی من»

«مـن چـۆن ئـەوە بکـەم؟» هێنـدەی نەمابـوو رابکـەم ، بگەڕێمـەوە بچـم گیتارەکـە بکـڕم، فـزوول وای لێکـردم.

«هـەر هێنـدەی دەوێـت، کـە واز لـەو ڕێگـری و قەناعەتانـەت بهێنیـت، کـە پێـدەڵێن

تـۆ ناتوانیـت بیژەنیـت. وا دەسـت ببـە بـۆ ئامێرەکـە، کـە بەشـێک بێـت لـە ژیانـی خـۆت، لەبەرئـەوەی لـە ژیانێکـی تـردا ئـەو بەشـێکە لـە تـۆ. وابزانـە، کـە ئـەوە بـۆ تـۆ زۆر گونجـاوە بـە باشـی بیژەنیـت، ئەمجـا بـوار بـدە نەسـتت زاڵ ببێـت بەسـەر پەنجەکانتـدا و دەسـت بکـە بـە ژەنیـن.»

مـن وەک خـۆم شـتێکم لەبـارەی فێرکردنـی هیپنۆتیزمـەوە خوێندبـۆوە، لـە هیپنۆتیزمـدا خوێنـدکارەکان پێیـان گوترابـوو ئێـوە مامۆسـتای هونـەرن. لەبەرئـەوە کـە دەسـتیان بـۆ هونەرەکـە بردبـوو، وەک مامۆسـتای شـانۆ و وێنەکێشـان مۆسـیقایان ژەندبـوو، وێنەیـان کێشـابوو. «ئـەوە شـتێکی قورسـە دان، کـە مـن بتوانـم ئـەوە لـە یـادی خـۆم ببەمـەوە، کـە مـن ناتوانـم گیتـار بژەنـم»

«کەواتـە قورسـیش دەبێـت بـۆت بـۆ ئـەوەی بتوانیـت بیژەنیـت، چەنـدان سـاڵی مەشـق کردنـت پێویسـت دەبێـت بۆئـەوەی بتوانیـت رێگـە بـە خـۆت بدەیـت بیژەنیت و هۆشـی ئاگات پێـت بڵێـت کـە تـۆ ئـازاری زۆرت چێشـتووە تـا ئـەو مافـەت بەدەسـتهێناوە، کـە ئێسـتا بـە باشـی بیژەنیـت»

«ئـەی باشـە بۆچـی کاتێکـی زۆرم نەویسـت بـۆ فێربوونـی فڕیـن، خـۆ فڕیـن دەبێـت زۆر قـورس بێـت، کەچـی مـن زۆر بـە خێرایـی فێـری بـووم.»

«تۆ دەتویست بفڕیت؟»

«فڕینـم لـە هەمـوو شـتێک بـەلاوە گرنگتـر بـوو، گوێـم بـە هیچـی تـر نـەدەدا. کـە دەفڕیـم لـە ئاسـمانەوە سـەیری هەورەکانـی خـوارەوەی خۆمـم دەکـرد، دووکەڵـی دووکەڵکێشـەکانی بەیانیانـم دەبینـی راسـت و رێـک بـەرەو سـەرەوە دەهاتـن و منیـش دەمتوانـی بیانبینم..ئـای.. ئێسـتا لـە مەبەسـتەکەت تێگەیشـتم. تـۆ دەتەوێـت پێـم بڵێیـت: تـۆ هەرگیـز ئـەو هەسـتەت بەرانبـەر بـە گیتـار نەبـووە.. وایـە؟»

«تۆ هەرگیز ئەو هەستەت بەرانبەر بە گیتار نەبووە.. وایە؟»

«دان، ئـەم هەسـتەت بـەو نوقـم کردنـەی کـە ئێسـتا هەمـە پێـم دەڵێـت کـە تـۆ چـۆن خۆتـت فێـری فڕیـن کـردووە. پێـم دەڵێـت، کـە تـۆ ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە خۆتـەوە چوویتـە نـاو فڕۆکەیەکـی ترەڤـڵ ئێیـەرەوە هەڵتفڕانـدووە. هەرگیـز پێـش ئـەوەی لـە هیـچ فڕۆکەیـەک سـەرنەکەوتوویت»

«تۆ زەینت بەهێزە، لەبارەی منەوە پێشبینی دەکەیت.»

«تـۆ تاقیکردنـەوەی فڕینـت نەکـردووە بۆئـەوەی مۆڵەتەکـەی بەدەسـت بهێنیـت، وایـە؟ یـان، نـا.. بوەسـتە...تۆ هــەر مۆڵەتیشـت نییــە؟ هەتــە؟ واتــە ئایـا مۆڵەتـی فەرمـی فڕۆکەوانیـت هەیـە؟»

سـەیرکردنێکی نامـۆ سـەیری کـردم. بـزەی خەندەیـەک کەوتـە سـەرلێوی. وەک ئـەوەی، کـە مـن ناچـارم کردبێـت مۆڵەتـی فڕۆکەوانییەکـەی بهێنێتـە دەرەوە، خـۆی دەیزانـی، کـە دەیتوانـی مۆڵەتەکـەی دەربهێنێـت.

«ڕیچارد تۆ مەبەستت لەو پارچە کاغەزەیە، کە پێیدەگوترێت مۆڵەت؟»

«بەڵێ، ئەو پارچە کاغەزە دەڵێم»

دان دەسـتی نەبـرد بـۆ گیرفانـی، جزدانەکـەی دەربهێنێـت. بەڵکـوو هــەر کـە دەسـتی راسـتی کـردەوە مۆڵەتێکـی فڕۆکەوانـی لەنـاو دەسـتیدا بـوو. وەک ئـەوەی، کـە هــەر لەنـاو دەسـتیدا داینابێــت و چاوەڕوانـی ئـەوەی کردبێـت، کـە مـن داوای بکـەم. مۆڵەتەکـەی نـە کاڵ بوبـۆوە و نـە چرچیشـی تێکەوتبـوو، واتدەزانـی کـە دە چرکـەی پێـش ئێسـتا ئـەو مۆڵەتـە هــەر بوونیشـی نەبووبێـت.

وەرمگـرت و سـەیرم کـرد. بڕوانامەیەکـی فەرمیـی فڕۆکەوانـی بـوو، مۆری بەشـی هاتوچۆی بەسـەرەوە بـوو، نوسـرابوو دۆنەڵـد ویلیـەم شـایمۆدا و ناونیشـانێکی ئیندیاناشـی بەسـەرەوە بـوو. مۆڵەتەکـەی هیـی فڕۆکەوانیـی بازرگانـی بـوو، لـە پلـەی فڕۆکـە زەمینییـە یـەک مەکینـە و فـرە مەکینـەکان. ئامێـرەکان و چارۆکـەدار.

«ئەی پلەی فڕۆکەی دەریایی و هێلیکۆپتەرت نییە؟»

«ئەگەر بمەویـت ئەوانەشم هەبێت، ئەوانیشم دەبێت»

ئـەو هێنـدە بـە تەوسـەوە وایگـوت منیـش پـاش خـۆی دام لـە قاقـای پێکەنینـن. کابرایەکیـش لـەو کاتـەدا بـەلای شـوێنی دروێنەکردنەکـەدا تێپـەڕ دەبـوو، سـەیرێکی ئێمـەی کـرد و ئەویـش وەک ئێمـە پێکەنـی.

مـن گوتـم: «ئـەی مـن چـی بکـەم؟ دەمەوێـت پلەبەندیـی هاتوچـۆی هێڵـی ئاسـمانیم هەبێـت»

ئەو گوتی: «چییە دەتەوێت مۆڵەتێکی قەڵب دەربهێنیت؟»

## (حەڤدە)

لە دیداری رادیۆیی جێف سایکسدا، دۆنەڵد شایمۆدایەکم بینی، کە پێشتر هەرگیز نەمبینیبوو. نمایشی ئەم دیدارە کاتژمێر نۆی شەو دەستی پێکرد و تا نیوەی شەو بەردەوام بوو. پەخشەکەی لە ژورێکەوە بوو، لە وەجاخی سەعاتچییەک گەورەتر نەدەبوو، پڕ بوو لە جەڕ و میل و ڕەفە و نەوار و هێما و ئاماژەی بازرگانی.

سایکس دیدارەکەی بەوە دەست پێکرد، کە پرسیاری کرد، ئایا ئەوە شتێکی نایاسایی نییە، کە بە فڕۆکەیەکی کۆن ئەمسەر و ئەوسەری وڵات بگەڕێیت و خەڵکیش بگوێزیتەوە؟

وەڵامەکەی بریتی بوو لە نەخێر. شایمۆدا دەبوو بڵێت : هیچ شتێکی نایاسایی لەوەدا نییە. ئەو فڕۆکانەش وەک هەر جێتێکی تری گەشتی ئاسمانی سازێندراون. ئەوانە زۆر سەلامەتتر و بەهێزترن لە زۆربەی فڕۆکە نوێیە بەناو کانزاییەکان، ئەوەشی بۆ لێخوورینیان پێویستە بوونی مۆڵەتێکە لەگەڵ مۆڵەتی جووتیاریدا، بەڵام شایمۆدا وای نەگوت، بەڵکوو گوتی: «جێف، هیچ کەسێک نییە بتوانێت ڕێگریمان لێبکات، لەوەی کە دەمانەوێت بیکەین».

ئەوەی ئەو گوتی زۆر راست بوو، بەڵام بەپێی ئەو ئەتەکێتە نەبوو، کە قسەی بۆ بینەران و دیداری ئێزگەیی پێدەکرێت، چونکە رەنگە بینەرێک یان بیسەرێک بپرسێت ئەوە چییە تا ئێستا ئەو فڕۆکانە هەر بە ئاسماندا دەفڕن. خولەکێک پاش ئەوەی کە ئەم وای گوت، وەرگری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان گلۆپی سەر مێزەکەی سایکسی داگیرساند و تێیگەیاندن، کە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان لەگەڵ دایە. سایکس گوتی: «بەڵێ، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی راستەوخۆمان لەگەڵدایە، بەڵێ فەرموو دایکە» (ژنێک بوو تەلەفۆنی کرد).

«ئایا ڕاستەوخۆیە؟»

«بەڵێ دایکە، تۆ بە ڕاستەوخۆ قسە دەکەیت و میوانەکەشمان بریتییە لە مستەر دۆنەڵد شایمۆدا، کە فڕۆکەوانە، بفەرموو تۆ ڕاستەوخۆ لەسەر هێڵی تەلەفۆنی ئێمەیت.»

«باشە، من حەز دەکەم وا بە ئەو هاوڕێیەمان بڵێم، کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە، کە هەر کەسێک چیی ویست بیکات، بیکات لەبەرئەوەی خەڵکێک دەیەوێت کار بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی بکات. ئەمانە پێویستە هەندێک بەرپرسیاریێتی بگرنە ئەستۆی خۆیان و بە خۆنواندنەوە بفڕن بە ئاسماندا.»

شایمۆدا گوتی: «ئەو خەڵکانەی، کە کار بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان دەکەن، هەر ئەو شتانە دەکەن، کە پێویستە لەسەریان ئەنجامی بدەن. ئەمە هەروەک ئەوە وایە، کە خەڵکێکی تر هەن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان یاری دەکەن.»

«کتێبی پیرۆز دەفەرموێت تۆ بەنێو چەوانی خۆت نانی خۆت پەیدا دەکەیت و بە ماندووبونی خۆشت لێی دەخۆیت»

«ئێ کەواتە بۆ ئێمەش دەلوێت، ئەگەر بمانەوێت وا بکەین»

«وا بکەین چیە! من بە دەست ئەو کەسانەوە زۆر ماندوو بووم، کە هەمیشە دەڵێن وا بکەین، وا بکەین. ئەوە تۆیت وادەکەیت هەموو خەڵک ڕوو لە دەشت بکەن. ئەوانە هەر ئێستا جیهانەکە تێک دەدەن، خۆت سەیر بکە، بزانە چی بەسەر پانتاییە سەوزە زیندووەکان و ڕووبارەکان و زەریاکاندا دێت.»

خانم پەنجا بابەت و ڕوانینی جیاوازیی خستە بەردەستی ئەو وەڵامیان بداتەوە، کەچی ئەویش هەموویانی فەرامۆش کرد و گوتی: «ئێ باشە، خۆ ئەگەر ئەم

جیهانەشـمان کاول بـوو، یـەک هـەزار ملیـۆن جیهانـی تـر هـەن و لەبەردەسـتمان دان، کـە ئێمـە دەتوانیـن لێیـان هەڵببژێریـن. تاکـەی مـرۆڤ هەسـارەیەکی بوێـت لەسـەری بـژی، کەواتـە هەسارەیەکیشـی بـۆ ئـەوە دەسـت دەکەوێـت.»

ئـەوە بـەس نەبـوو بـۆ قایلکردنـی ژنـە پەیوەندیکارەکـە، بۆیـە کـە مـن سـەیری شـایمۆدام کـرد حەپەسـام. لـە روانینـی خۆیـەوە وەڵامـی بـە زۆر پرسـیار دایـەوە، کـە پرسـیاری ئـەم سـەردەمە بـوون لەبـارەی ژیانـەوە. لـەوەوە فێـر بوویـن، کـە تەنهـا ماسـتەرێک دەتوانێـت وەڵامـی ئـەم شـتانە بداتـەوە. ئـەو پەیوەندیـکارە پێـی وابـوو کـە دەبـێ ئـەو گفتوگۆیـە لەبـارەی هەقیقەتـی ئـەم ژیانـەوە قسـە بـکات، کـە لەدایکبـوون سـەرەتاکەیەتی و مردنیـش کۆتاییەکەیەتـی... ماسـتەر ئـەوەی دەزانـی، ئـەی ئیتـر بۆچـی فەرامۆشـی بـکات.؟

پەیوەندیکارەکـەش لـە تەلەفۆنەکەیـەوە گوتـی: «کەواتـە هەمـوو شـتێک باشـە، وایـە؟» «مانـای وایـە هیـچ خراپەکارییـەک لـەم دونیایـەدا نییـە، لـەم دەوروبەرەشـمانەوە هیـچ گوناهێـک روو نـادات.. ئەمـەش تـۆ نیگـەران نـاکات، وایـە، نیگەرانـت دەکات؟»

«دایکـە گیـان هیـچ شـتێکی وا لـە ئـارادا نییـە، کـە بـۆی نیگـەران ببیـت. ئێمـە تەنهـا یـەک پرشـنگی بچووکـی ئـەو شـتە مەزنـە دەبینیـن، کـە نـاوی ژیانـە.. هەمـوو شـتێک لـە ئاسـتی هاوسـەنگیی خـۆی دایـە. هیـچ کەسـێک نییـە بەبـێ رەزامەندیـی خـۆی لـە مەسـەلەکەدا بمرێـت یـان مەینەتـی بچێژێـت. هیـچ کەسێک شـتێک نـاکات، ئەگەر خواسـتێکی خۆیـی تێـدا نەبێـت. شـتێک نییـە بەنـاوی چاکـە و خراپـەوە لـە دەرەوەی ئـەو شـتانەوە بێـت، کـە ئاسـوودە یـان دڵتەنگمـان دەکـەن.»

هیـچ لـە ئـەم قسـانە خانمـی پەیوەندیکاریـان هێـور نەدەکـردەوە، بـەڵام لـە پڕێکـدا شـێوازی ئاخاوتنەکـەی خۆیـی شـکاند و گوتـی: «باشـە تـۆ چـۆن ئـەم هەمـوو شـتانە دەزانیـت، کـە دەیانڵێیـت؟ چـۆن دەزانیـت، کـە ئـەم شـتانەی دەیانڵێیـت راسـتن؟».

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «من نازانم ئایا ئەوانە راستن یان نا، بەڵکوو من بڕوام پێیان هەیە، لەبەرئەوەی خۆشە بڕوات بە شتێک هەبێت.»

من لەلای خۆمەوە هەندێک چاوەکانمم بۆ هێنایەوە سەریەک. خۆ ئەو دەیتوانی بڵێت ئەو خۆی هەموو ئەم شتانەی تاقی کردۆتەوە و دەزانێت راستن.. شیفا بەخشییەکان کە کردوونی.. پەرجووەکانی...و ئەو ژیانەی پراکتیکییەی، کە خۆی گوزەراندوویەتی و وای لێکردووە بیرکردنەوەکانی راست و پراکتیکی بن و کەڵکی کارپێکردنیان هەبێت، بەڵام بەڕاستی هیچیانی نەگوت...بۆ؟»

ئەمە هۆکارێکی هەبوو.. بە ئاستەم چاومم کردبۆوە.. هەموو ژورەکەیان رەنگی خۆڵەمێشی بوو تەنها وێنەی شایمۆدا بوو بە ڕوونی لە ژورەکەدا دەبینرا، بەرانبەر بە مایکرۆفۆنەکە قسەی دەکرد.. هەموو ئەو شتانەی دەیگوتن راستەوخۆ دەگەیشتن و قورس و فرە ڕاڤە نەبوون، وای دەکرد بیسەرانی سادە و هەژاریش لێی تێبگەن.

«هەر کەسێک، کە بۆ چرکەیەک بە تەنگی خۆیەوە هاتبێت، هەر کەسێک، کە ئاسوودە بووبێت و لە دەستی ئەوەوە هەر دیارییەک بەم دونیایە گەشتبێت، ئەوە کەسێکە لە ئەزەلەوە رۆخەکەی خۆپەرستە، تەنها لەپێناو باشترین بەرژەوەندیی خۆیدا دەژی، ئەمە یاسایە و شازیی تێدا نییە.»

پەیوەندیکارەکەی تر پیاوێک بوو، ئێوارەش بەسەر چووبوو، کە پەیوەندیی کرد، گوتی: «خۆپەرست!، بەڕێز تۆ دەزانیت دژە مەسیح چییە؟»

شایمۆدا بۆ چرکەیەک بزەیەک گرتی و لەناو کورسیەکەیدا پاڵی دایەوە، لەوە دەچوو بزانێت پەیوەندیکارەکە کێیە و بیناسێت، گوتی:

«لەوانەیە تۆ بتوانیت پێم بڵێیت، کە کێیە»

« مەسـيح پێماندەڵێـت تـۆ لەپێنـاو هاوڕێکەتـدا بـژی و دژە مەسـيحيش پێماندەڵێـت خۆپەرسـت بـە، تـۆ بـۆ خـۆت بـژی و خەڵکانـی تريـش بـە جەهەنـم»

«ئای خودايە. ئەی خۆپەرستان دەبێت بۆ کوێی تر بچن.»

«تـۆ مەترسـيداريت، ئـەوە دەزانيـت بەڕێـز؟ باشـە چ روو دەدات ئەگـەر هەمـوو ئـەو کەسانەی، کە گوێيـان لـە تـۆ گرتـووە، خۆيـان حەزيـان لـە هەرچييـەک کـرد وابکـەن، پێت وايـە پـاش ئـەوە چـی روو دەدات؟»

شـايمۆداش گوتـی: «پێـم وايـە، ئەوکاتـە ئـەم هەسـارەيەی ئێمـە دەبێـت بە ئاسـوودەترين بەشـی نـاو گەردوونەکە»

«باشـە بەڕێـز، مـن دڵنيـا نيـم لـەوەی، کـە حـەز بکـەم منداڵەکانـم ئـەم شـتانە ببيسـتن، کـە تـۆ دەيانڵێيـت»

«ئەی ئەو شتە چييە، کە تۆ دەتەوێت منداڵەکانت ببيستن؟»

«ئەگـەر ئێمـە هەموومـان ئـازاد بيـن لـەوەی، کـە هـەر چييەکمـان ويسـت بيکەيـن، ئـەوا منيـش ئـازادم لـەوەی، کـە بـە تفەنگەکەمـەوە بێمـە دەرەوە و لـەو دەشـتە کەللەسـەری تـۆ هەڵبگـرم.»

«بێگومان تۆ ئەوەندە ئازاديت  ئەوەش بکەيت»

لـەم کاتـەدا فشـارێکی قـورس کەوتبـووە سـەر هێڵەکانـی پەيوەنـدی کـردن. لـە هـەر شـوێنێکی ئـەم شـارۆچکەيە بێگومـان دەبـێ پياوێکـی تـووڕە و ژنانـی تـووڕەش هەبـن. ئەوانيـش تەلەفـۆن بکـەن، چونکـە هەرچـی لايتـی سـەر ئامێـری پەيوەنـدی وەرگرتنـەکان هەبـوون هەموويـان داگيرسـاو بـوون و روناکييـان دەدايـەوە.

پێویست نەبوو شتەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن، ئەو دەیتوانی هەمان ئەو شتانەی خۆی بە شێوازێکی جیاوازتر گوتبا و ئیتر بەم شێوەیە داری نەدەکرد بە شارە زەردەواڵەدا.

هەرچەند شەن و کەوی هەستەکانی خۆمم کرد، هەر هەمان ئەو هەستانەم هەبوو، کەلە ترۆی هەمبوون، ئەوکاتەی، کە گووڕ دەمەکە تێکرژان و دەوری ئەویان دا. ئیتر کاتی ئەوە هات، کە ئێمە پێکەوە بڕۆین.

یارمەتیی کتێبە دەستییەکە نەدەگەشت بە ستۆدیۆکە.

ئەگەر بتەوێت ئازادانە و

ئاسوودە بژیت

پێویستە بە بێزاریشدا گوزرە بکەیت

و پێیەوە بناڵێنیت.

ئەوەش هەموو جارێک ناڵاندنێکی ئاسان نییە.

جێف سایکس بە هەموو کەسێکی گوت، کە ئێمە کێ بووین، پێیگوتن، کە فڕۆکەکانی ئێمە لەناو پاکژیی کیڵگەی جۆن تۆماسدا لە ناوچەی ستەیت ٤١ نیشتوونەتەوە و ئێمەش هەریەکە و لەژێر باڵێکیاندا نوستووین.

منیش هەستم بە شەپۆلی تووڕەییەکانی خەڵک دەکرد، ئەو خەڵکە ترسیان لەبارەی رەوشت و ئاکاری منداڵەکانیانەوە بۆ دروست ببوو، ترسیان لەبارەی شێوەی

ئەمریکییانــەی ژیانکردنــەوە بـۆ پەیـدا ببـوو. منیــش بەرانبــەر بـە هیچـکام لـەم ترسـانە خۆشحاڵ نەبـووم. هێشـتا نیـو سـەعاتی مابـوو نمایشـەکە کۆتایـی پێبێـت و بارودۆخەکـەی خراپتـر بـوو.

کەسێکی تر، کە پەیوەندیی کرد، گوتی: «دەزانیت بەڕێز..من وادەزانم تۆ قەڵبیت.»

«بێگومـان مـن قەڵبـم! ئێمـە هەموومـان لەسـەر ئـەم هەمـوو جیهانـە قەڵبیـن. چونکـە ئێمــە هــەر هەموومــان خۆمــان وا دەنوێنیــن، کــە شــتێکین، بــەڵام لــە ڕاســتیدا شــتێکی تریـن. خـۆ ئێمـە تەنهـا ئـەو لەشـولارانە نیـن، کـە بـەو نـاوەدا دێیـن و دەچیـن. ئێمـە گـەرد و گەردیلـە نیـن. هیـچ شـتێک نییـە لـە ئێمـە بچێـت، ئێمـە تێـک ناشـکێندرێین، ئێمـە ئایدیاکانـی «من»یـن، ئیتـر ئـەوەش گرنـگ نییـە، کـە خۆمـان تـا چەنـد بڕوامـان بـە شـتی تـر هەیـە.»

ئـەوە یەکەمیـن جـاری بـوو، کـە بـە یـادی منـی بهێنێتـەوە، کـە مـن ئازادیـی ڕۆیشـتنم هەبـوو. ئـەو شـتانەی ئـەو دەیگوتـن بـە دڵـی مـن نەبـوون. ئـەو پێکەنینـی بـەوە دەهـات، کـە مـن ترسـم لـە ئـەو گووڕدەمـی خەڵکـە هەبـوو، کـە بـە چـراوە لـە دەوری فرۆکەکانمـان چاوەڕانییـان دەکـرد، بەبـێ دادگایـی کـردن بمانکـوژن.

## (هەژدە)

زیرە مەکە لە ماڵئاوایی

پێش ئەوەی بتوانن یەکتری ببیننەوە

خواحافیزییەک پێویستە.

ئەگەر لەپاش چەند خولەکێکەوە بێت

یان لەپاش تەمەنێکی تەواو

بەدڵنیایی هاوڕێکان یەکتری دەبیننەوە.

بەیانیی پاشتر، پێش ئەوەی خەڵک بێن بۆ فڕین، لەلای باڵی فڕۆکەکەی منەوە وەستا و گوتی: «لە یادت بێت، کە ئەوکاتەی زانیت گرفتەکەم چییە، چیت گوت. ئایا گوتت کە کەس نییە گوێ لە من بگریت، هەرچەند پێشتر پەرجوویشم کردبێت؟»

«نەخێر.»

«ئەو جارەت لەیادە ریچارد؟»

«بەڵێ ئەو جارەم لە یادە، کە لە پڕێکدا تۆ وا دەردەکەوتیت، کە زۆر تەنها بیت، بەڵام لە یادم نییە، کە چیم گوتووە.»

«تۆ گوتت کە پشت بەستن بەوەی خەڵک گوێ بەو شتانە بدەن، کە من دەیانڵێم، ئەوەیە، کە من پشت بە کەسێکی تر ببەستم بۆ بەدەستهێنانی ئاسوودەیی خۆم. ئەوەی کە من هاتووم لێرە فێری ببم ئەوەیە: ئەوە گرنگ نییە، کە ئاخۆ من قسەوباس دەکەم یان نا. من کۆی ئەم ژیانەم بۆ ئەوە هەڵبژاردوە، بتوانم لەگەڵ هەر کەسێکدا هاوبەشی ئەو ڕێگایە ببم، کە ئەم جیهانە مەبەستیەتی پێکەوە تیایدا کۆمان بکاتەوە. لەوانەشە من بۆ ئەوە هەڵبژێردرابم، کە هەرگیز هیچ نەڵێم. ئەو «من»ەی

مەسیح پێویستی بە من نییە بە کەس بڵێم کە ئەو چۆن کار دەکات.»

«ئەوە ڕوونە ..دان.. خەریک بوو من وات پێ بڵێم.»

«زۆر سوپاس. من دەمەوێ ئەو تەنها بیرۆکەیە بدۆزمەوە، کە ئەم ژیانەم بۆ ئەوە گوزەراندوە بیدۆزمەوە، ئەرکی هەموو ژیانم ئەنجام داوە و ئەویش تازەدێت پێم دەڵێت، ئەوە روونە، دان.»

ئەو پێدەکەنی، بەڵام خەمباریش بوو، لەم کاتەدا من نەمدەتوانی بڵێم هۆکاری ئەمە چییە.

## (نۆزده)

نیشانەی ئەوەی

کە تۆ کەسێکی فەرامۆشکاریت

ئەوەیە، کە لە ناختدا

بڕوات بە نادادپەروەری و

بە تراژیدیا هەیە.

ئەو شتەی، کە قۆزاخەیەک پێیدەڵێت

کۆتایی جیهان

ماستەر پێیدەڵێت پەپوولە.

ئـەو وشـانەی دوێنێـی نـاو کتێبـە دەسـتییەکە تاکـە ئـاگادار کردنـەوە بـوون، کـە بـە مـن درابـوون. لـە یـەک چرکـەدا قەرەباڵـەغییەکـی بچکۆلـەی ئاسـایی گردبوونـەوە بـۆ فڕیـن. فڕۆکەکـەی ئەویـش کەوتـە گەشـتیار گواسـتنەوە. لەبەردەسـتی ئەوانـدا وا وەسـتا، کـە ئاراسـتەی سـووڕانەوەی پەروانەکـەی رووی لـە بابـوو. مـن کـە لەسـەر باڵـی فڕۆکەکـەی خۆمـەوە وەسـتابووم و گازم دەکـردە نـاو تانکیەکەیـەوە دیمەنەکـەی ئـەوم زۆر بەباشـی لەبەرچـاو بـوو. چرکـەی دووەم ئـەوە بـوو دەنگێکـی وەک دەنگـی تەقینـی تایەیـەک هـات و گووڕدەمیەکـەش هەڵپـژان و رایانکـرد. تایەیـەی ترەڤـڵ ئێیەرەکـە دیـار بـوون هیچیـان لـێ نەهاتبـوو. مەکینـەی فڕۆکەکەشـی وەک خولەکێکـی پێـش ئێسـتا ئاسـایی دەنگـی دەهـات، بـەڵام بـە قووڵایـی یـەک پـێ چاڵێـک لـە بەشـی خـوارەوەی کابینـەی فڕۆکەوانەکـەوە دروست ببـوو، شـایمۆدا پەڕیبـووە ئەوسـەر، سـەر بەرەوخـوار کەوتبـوو، لەشیشـی بەبـێ جووڵـە وەک ئـەوەی لەپـڕ مردبێـت کەوتبـوو.

چەنـد هـەزار چرکـە کاتـم پێویسـت بـوو، بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بـم لـەوەی دۆنەڵـد شـایمۆدا تەقـەی لێکـراوە، چەنـد هـەزار چرکـەی تـرم پێویسـت بـوو، بـۆ ئـەوەی تەنەکـەی گازەکـە

دابنێـم و بـە ڕاکـردن لەسـەر باڵەکـەوە خـۆم هەڵبدەمـە خـوارەوە. دیمەنەکـە لـە پرۆڤـەی فیلمێکـی سەرکێشـی و نواندنـی هەرزەکارانـە دەچـوو، کابرایەکـی تفەنـگ بەدەسـت لەگـەڵ هەمـوو خەڵکەکـەی تـردا رای دەکـرد. ئەوەنـدە نزیـک بـوو لـە منـەوە، کـە دەمتوانـی بـە شمشـێرێک بیبـڕم. ئێسـتا یـادم دەکەوێتـەوە، کـە گوێـم پـێ نـەدا، نـە شـڵەژابووم، نـە شـۆک بـووم و نـە ترسـابووم. تاکـە شـتێک، کـە بەلامـەوە گرنـگ بـوو ئـەوە بـوو، کـە هەرچـی زووتـرە بگـەم بـە کابینـەی ترەڤـڵ ئێیەرەکـە و بتوانـم قسـە لەگـەڵ هاوڕێیەکەمـدا بکـەم.

کـە بینیـم لـەوە دەچـوو یـەک بۆمبـای بەرکەوتبێـت، نیـوەی لای چەپـی لەشـی ببـوو بـە تێکەڵەیەکـی چـەرم و جـل و گۆشـت و خـوێ و یـەک پارچـە نوقمـی رەنگێکـی سـوور ببـوو، سـوور دەچـۆوە.

سـەری بـە دیـوی گۆشـەی خـوارەوەی پلێتـی دوگمەکانـدا شـۆڕ بووبـۆوە بەسـەر دەسـکی و زەپێدانەکـەدا، مـن وای بـۆ دەچـووم، کـە ئـەوە رەنگـە بریتـی بێـت لـە شـانی بەرگـی پەرەشـووتەکەی لەبەریـدا بـوو، نـەک ئـەوەی بـەو شـێوەیە بـە پەڕیـن فڕێدرابێـت.

پرسیارێکی بێمانام کرد: «دان...تۆ باشیت؟»

چـاوی کـردەوە و پێکەنـی، خوێنەکـەی هەڵپرژابـوو بەسـەر دەموچاویـدا و سـوور و تـەڕی کردبـوو: «ریچـارد، ئەمـە لـە چـی دەچێـت؟»

دونیایـەک حەسـامەوە کـە گوێـم لێبـوو قسـەی کـرد. لەبەرئـەوەی دەتوانێـت قسـە بـکات و دەتوانێــت بیـر بکاتــەوە، کەواتــە زۆر بـاش دەبێـت.

«ئێی هاوڕێ، ئەگەر باشتر نەمناسیبایت، ئەوا دەمگوت تووشی گرفتێک بوویت»

ئــەو هیــچ نەجوولایــەوە ئەوەنــدە نەبێــت، کــە تۆزێــک ســەریی جوولانــدەوە، لەپــڕ و

جارێکی تـر ترسـامەوە. زیاتـر ترسـەکەم بەهـۆی بێجووڵەییەکەیـەوە بـوو، نـەوەک شـپرزەیی و خوێنەکـەی.

«من هەرگیز وام نەزانیوە، تۆ دوژمنت هەبووبێت»

«دووژمنـم نییـە. ئـەوە هاوڕێیەکـم بـوو.. باشـتر وابـوو، کـە ئـەو هاوڕێیـەم نەبێـت.. تۆزێـک ڕقـی ئـەو دەتوانێـت هەمـوو جـۆرە گیروگرفتێـک بـۆ ژیانـی خـۆی دروسـت بـکات و منیـش بکوژێـت.»

خوێـن بـە کورسـییەکە و ئەمـلاو ئـەولای کابینـەی شـوێنی فڕۆکەوانەکـەدا دادەچـۆڕا. تەنهـا ئەوەنـدەی، کـە جارێکـی تـر ئـەم فڕۆکەیـە لـە خوێـن پـاک بکەیتـەوە کارکردنێکـی زۆری دەوێـت، ئەگەرچـی فڕۆکەکـە خـۆی زیانـی زۆری بەرنەکەوتبـوو.

«دان.. ئایا دەبوو ئەمە روو بدات؟»

ئـەو بـە قورسـی دەدوا و بـە ئەسـتەم هەناسـەی دەدا، گوتـی: «نەخێـر.. بـەڵام پێـم وایـە، کـە خـۆم حـەزم لـەم درامایەیـە.»

«کەواتـە باشـە، وەرە بـا ئـەم بارودۆخـەش تێـک بشـکێنین، خـۆت چـاک بکـەرەوە، وا خەڵکەکـە کـۆ دەبنـەوە و فڕینـی زۆرمـان دێتـە پێشـەوە!»، بـەڵام ئەودەمـەی مـن گاڵتـەم لەگەڵـی دەکـرد، سـەرباری ئـەو هەمـوو زانیـن و تێگەیشـتنانەی کـە هەیبـوون، دۆنەڵـد شـایمۆدای هاوڕێـم، دەسـتی بـۆ دەسـکی دەرگاکـەی درێژکـرد و مـرد.

لەنـاو گوێمـدا دەنگەدەنگێـک نرکـەی دەهـات، جیهـان لار بـۆوە و منیـش خـزام بـەرەو بەشـی خـوارەوەی فڕۆکەکـە کـە ببـوو بـە گیایەکـی رەنـگ سـووری تـەڕ و نـەرم. وام هەسـت کـرد کـە کتێبـە دەسـتییەکەی نـاو گیرفانـم خسـتمی بـەلای خۆیـدا، کـە دام لـە زەوی، وام

هەست کرد، کە کتێبەکە ون دەبێت، با بە نەرمی یاریی بە لاپەڕەکانی کرد. بە نائومێدییەوە هەڵمگرتەوە. ئایا دەبێت ئەمە کۆتاییەکە بێت؟

وام بیر کردەوە، کە بڵێیت هەموو ئەو شتانەی کە ماستەر گوتنی، تەنها کۆمەڵێک وشەی جوان بن و نەتوانن خودی ماستەر لە یەکەمین پەلاماری هەندێک سەگی شێتی ناو کێڵگەی جووتیارەکە دەرباز بکەن؟

ئەو وشانەی، کە لەناو لاپەڕەی کتێبەکەدا خوێندمنەوە، دەبوو سێ جار بەسەریاندا بچمەوە، بۆئەوەی دڵنیا بم، کە بەڕاستی ئەوانە وشەی ناو ئەو کتێبەن:

هەموو شتەکانی

ناو ئەم کتێبە

لەوانەیە

هەڵە بن.

# کۆتایی

## دوا ماڵئاویی

دەمەو پاییز بەدەم بایەکی گەرمەوە فڕیم بەرەو باشوور. کێڵگەی باش، کەم هەبوون، بەڵام هەمیشە هەر گوورپەمیەکان زیادیان کردووە. خەڵک هەمیشە هەر حەزیان لەوە هەبوو بە فڕۆکەی دووچین باڵ گەشت بکەن. هەروەها ئەم ڕۆژگارە زۆربەیان بۆ ئەوە دەمانەوە بە بەردەوامی قسە بکەن و نان و کەرە لەسەر کوانووی ئاگرەکەی من گەرم بکەنەوە.

جارێکیان یەکێکیان کە بەڕاستی زۆر نەخۆشیش نەبوو، گوتی وا هەست دەکات بە بۆنەی ئەو قسەکردنەوە نەخۆشییەکەی باشتر بووە. کەچی ڕۆژی پاشتر خەڵک بە شێوەیەکی سەیرتر سەیری منیان دەکرد، نزیکتر دەبونەوە لە منەوە، بە فزوولیەوە لێیان دەڕوانیم، لەبەرئەوە ئەو ڕۆژە منیش زووتر لە جاران فڕیم و ڕۆیشتم.

ئەگەرچی فڕۆکەکەم خێراتر لە جاران و بە گازێکی کەمتریش دەفڕی، بەڵام هیچ پەرجوویەک ڕووی نەدا، بەڵام ئیتر ڕۆنیشی لێ نەدەچۆڕایە خوارەوە، بە جامی پێشەوە و پەروانەکەشیەوە چیدی مێش و مەگەزی نەدەکوشت. با ساردەکەش بێگومان یان شنە نەرمەکە کایەیەکی ئەوەی هەبوو خۆتی لێ لابدەیت، بەڵام لەو نیوەڕۆیەی هاوینەوە، کە شایمۆدا تەقەی لێکرا، ڕووباری ڕۆژگار بەرانبەر بە من وشکی کردووە. ئەو چارەنووسەی ئەو کۆتاییەک بوو کە من نە دەتوانم بڕوای پێبکەم و نە دەشتوانم لێی تێبگەم. ئەو چارەنووسە لەوێ دزرا، بەڵام من یەک هەزار جاری تر هاتۆتە پێشچاوم و تیایدا ژیاوم و هیوای ئەوەم هەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بگۆڕدرێت، بەڵام هەرگیز نەگۆڕدرا. کەواتە دەبێت من چی لەو ڕۆژەوە فێر ببم؟

شـەوێکی درەنگـی مانگـی ئۆکتۆبـەر، پـاش ئـەوەی ترسـام و لـە ناوچـەی میسیسـیپی گوورِدەمیەکـەم بەجـێ هێشـت، لـە شـوێنێکی بچووکـی چۆڵـدا لام دایـەوە کـە هـەر هێنـدە دەبـوو فڕۆکەکـەی تێـدا بنیشـێنمەوە.

جارێکـی تـر و پێـش ئـەوەی خـەو بمباتـەوە، کەوتمـەوە خەیاڵـی دوا چرکەسـاتەکانی ژیانـی ئـەو و لـە خۆمـم پرسـییەوە؟ بۆچـی ئـەو دەبـوو بمرێـت، هیـچ هۆکارێـک بـۆ مردنەکەی لـە ئـارادا نەبـوو.. ئەگـەر ئـەو شـتانەی ئـەو دەیگوتـن راسـت بووبـن.....

ئێسـتا ئیتـر کەسـێک نەماوەتـەوە، کـە بـەو شـێوەیەی جـاران لەگـەڵ ئـەودا دەمانکـرد، قسـە بکەینـەوە. کـەس نەمـاوە لێیـەوە فێـر ببـم. کـەس نەمـاوە بە ئارامـی لەگـەڵ گوتنەکانی منـدا هەڵبـکات یـان بەگژیانـدا بچێتـەوە، کـەس نەمـاوە روانینەکانـی خـۆم گـەش و نـوێ بکاتـەوە و بمداتـەوە بـە گـژی خۆمـدا، بـەڵام خـۆ مـن ئـەو نیمچـە گاڵتەجارِییەشـم نەبـوو، کـە شـایمۆدا هەیبـوو، ئـەو هەمیشـە کـە فێـری دەکـردم، بـە هاوسـەنگی لەگـەڵ مەشـقە رۆخییەکانـی خۆیشـیدا دەیهێشـتمەوە.

بەدەم ئەم خەیاڵانەوە خەوم لێکەوت، خەوتووم و خەون دەبینم.

ئـەو چۆکـی لەسـەر گیـای مەزرایـەک دادابـوو، پشـتی لـە مـن کردبـوو. ئـەو کونـەی چـاک دەکـردەوە، کـە لـە لاتەنیشـتی ترەڤـڵ ئێیەرەکەیـەوە بەهـۆی تەقـەی کابـرای دەسـترِێژکەرەوە دروسـت ببـوو، لەزگەیەکـی ئارمـی فرِۆکـەی پلەیەکـی نایابـی پێبـوو، یـەک بوتـڵ دەرمانـی باتیرەیتـی لـەلای ئەژنۆیـەوە دانابـوو.

خـۆم دڵنیابـووم، کـە خـەون دەبینـم، هەروەهـا دڵنیـاش بـووم لـەوەی، کـە ئـەوەی دەیبینـم راسـتییە. بانگـم کـرد:

«دان!»

ئـەو بـە کاوەخـۆ هەسـتایە سـەرپێ و رووی کـردە مـن، بـە حـوزن و خۆشحاڵیەکەشـم پێکەنـی.

ئەو گوتی «سڵاو، هاودەم»

هێنـدە فرمێسـک بەرچاومـی گـرت بینینـم نەمـا. کەواتـە مـردن نییـە، هەرگیـز مـردن نییـە، ئـەم پیـاوەش هەمـان هاوڕێکـەی خۆمـە.

رام کـرد و باوەشـم پێیداکـرد، ئـەو راسـتەقینە بـوو. هەسـتم بـە چاکەتـە چەرمەکەی بەری کـرد، کـە بـۆ فڕیـن لەبـەری دەکـرد، باڵـی تێهەڵکێشـابوو.»دۆنەڵد، ئـەوە تـۆ زیندوویـت! خەریکـی چیـت؟ هـەوڵ دەدەیـت چـی بکەیـت؟»

ئەویـش گوتـی: «سـڵاو، بـە یارمەتیـت، ئـەوەی مـن خەریکیـم، ئەوەیـە دەمەوێـت ئـەم کونـەی ئێـرە بدوورمـەوە.»

چەند دڵخۆش بووم بە بینینی، هیچ شتێک مەحاڵ نییە.

منیـش گوتـم: «بـە بەنجێـک و ئارمێـک؟ بـە بەنجێـک و ئارمێکـەوە هـەوڵ دەدەیـت چاکـی بکەیتـەوە؟ ئـەوە خـۆ تـۆ چاکـی ناکەیتـەوە، دەبینیـت خـۆی تـەواوە، بـە باشـی چـاک بۆتـەوە»

کـە ئـەم وشـانەم دەگـوت و دەسـتم بەسـەر برینـە خوێناوییـە قووڵەکانـی لەشـی ئـەودا دەگێـڕا، هەمـوو شـتەکان رۆیشـتن، تەنهـا وێنـەی ئاوێنەیـی فڕۆکەیـەک مابـۆوە، ئەویـش رۆیشـت، فڕۆکەیـەک لـە لووتەکـەی پێشـیەوە تـا پـەڕەی کۆتاییەکـەی سـفت و سـاف.

ئـەو گوتـی: «کەواتـە تـۆ بـەم شـێوەیە ئەنجامـی دەدەیـت!» چاوە تۆخەکانـی پـڕ بـوون لـە شـانازیی بـەو فێرخـوازە سسـتەوە، کـە وەک جووڵاندنـی عەقڵـی خـۆی، شـتێکی باشـی

ئەنجام داوە. ئەم شتەی ئەو بۆ من و لەناو خەونەکەی مندا هیچ نامۆ نەبوو، چونکە شێوازی کارکردنی ئەو هەر بەو شێوەیە بوو.

ئاگرێکی بەیانیان لەلای باڵی فڕۆکەکەوە کرابۆوە، تاوەیەکیش بەسەر ئاگرەکەوە لەنگەری گرتبوو: «دان ئەوە دەڵێی شتێک لێدەنێیت؟ دەزانیت من هەرگیز تۆم نەبینیوە شت لێ بنێیت؟ ئەوەی لێیدەنێیت چییە؟»

ئەو گوتی: «نانەتاوە ئامادە دەکەم»، «لەڕاستیدا دوایین شت، کە من دەمەوێت لەناو ژیانی تۆدا ئەنجامی بدەم ئەوەیە پیشانتی بدەم، کە چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێت»

بە قەڵەمبڕەکەی گیرفانی دوو پارچەی بڕی و دانەیەکیانی دایە دەستی من. تا ئێستاش کە ئەم شتە دەنووسم تامەکەیم لەیاد ماوە، تامی هەڕەی وردە دار و دۆشاوی کۆنی هەڵگیراوی دەدا، کە هەردووکیان پێکەوە بەڕۆنی بەرازەوە گەرم کرابێتنەوە.

ئەو گوتی: «رات چۆنە لەسەری؟»

«دان...»

ئەو بە بزەیەکەوە گوتی «تۆڵەی فانتۆم»ە، «بە لەزگە دروستم کردووە.» بەشەکەی خۆی خستەوە ناو تاوەکە: «ئەمجا بۆ ئەوەی بیرت بخەمەوە، ئەگەر تۆ بتەوێت کەسێک بەرەوە ئەوە بجووڵێنیت فێر ببێت، بە زانیارییەکانی خۆتەوە ئەوە بکە، نەوەک بە نانەتاوەکەتەوە، باشە؟»

«نەحێر! منت خۆش بوێت، نانەتاوەکەمت خۆش بوێت، ئەوە تەلیسمی ژینە، دان!»

«زۆر باشە، بەڵام من گەرەنتیی ئەوەت دەدەمێ، کە ئەگەر ئەو شتە بێکەڵکەیان

پێبدەیت، ئـەوا یەکەمیـن کـەس، کـە دێتـە لات، دەبێـت بـە دوایین کەسـت.»

هەردووکمان پێکەنین و بێدەنگ بووین، لە بێدەنگییدا من سەیری ئەوم کرد.

«دان.... تۆ زۆر باشیت، وا نییە؟»

«وەرە، ریچارد! تۆ چاوەڕوانی ئەوەت لە من دەکرد، کە من مردبم؟»

«ئـەی ئەمـە خـەون نییـە؟ مـن نامەوێت ئەمـەم لـە کیـس بچێت، کـە ئێسـتا دەتوانـم بتبینـم»

«نەخێـر. ئەمــە خەونــە. ئەمــە کات و کایەیەکــی جیــاوازە و هــەر کایــە و کاتێکــی جیاوازیـش خەونێکـی باشـی نەوەکانـی سـەر زەوییـە، خەونێـک، کـە لـە رۆژگارێکـدا، تـۆ نوێنـەری دەبیـت، خـۆت ئەمــەت لەیـاد دەبێـت و ئـەم شـتەش بیرکردنـەوە و ژیانیشـت دەگۆڕێــت.»

«ئەی ئایا جارێکی تر دەتبینمەوە، ئایا تۆ دەگەڕێیتەوە؟»

«پێـم وانییـە بگەڕێمـەوە. مـن دەمـەوێ بچمـە ئەودیـوی کات و فـەزاوە، مـن خـۆم هـەم وەک واقعێـک هـەم، بـەڵام ئەوەتـا ئـەو پەیوەسـتە لـە نێوانمانـدا هەیـە، لەنێوانـی مـن و تـۆ و کەسـانی تـری خێزانەکەمانـەوە. تـۆ بەهـۆی چەنـد گرفتێکـەوە راگیرایـت، ئـەو گرفتانـە لەمێشـکی خۆتـدا هەڵبگـرە و بـڕۆ بنـوو، دواتـر، ئەگـەر ویسـتت، لێـرەدا و لـەلای فڕۆکەکـە یەکتـری دەبینینـەوە .»

«دان..!»

«چییە؟»

«بۆچی تەقەت لێکرا؟ بۆچی ئەوە رووی دا؟ من هیچ هێز و پیرۆزییەک لەوەدا نابینم، کە بە تەقەیەک دڵت بهێندرێتە دەرەوە.»

ئەو لەلای باڵەکەوە و لەسەر گیاکە دانیشت.»لەبەر ئەوەی من مەسیحێکی پلە یەک نەبووم، ریچارد، پێویستیشی نەدەکرد هیچ شتێک بۆ هیچ کەسێک بسەلمێنم. ئەمجا لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بە مەشقکردن هەیە بۆ ئەوەی ببیت بەوەی کە بە رواڵەت هەڵنەخەڵەتێنرێیت و رواڵەت نەتوانێت خەمبارت بکات» بۆ تەواوکردنی قسەکانی زۆر جەختی لەسەر تەواوی قسەکانی دەکردەوە «دەتوانیت هەندێک سیمای خوێناوی بۆ مەشق پێکردنەکانی خۆت  و بۆ خۆشیی منیش بەکار بهێنیت. مردن وەک نوقم بوون وایە بۆ ناو دەریاچەیەکی قووڵ لە رۆژێکی گەرمدا. شۆکی گۆڕانی ساردییەکەی بۆ گەرم تێدایە، ئازارەکەی بۆ یەک چرکەیە، پاشان پەسەندکردن بریتییە لە مەلەکردن لەناو هەقیقەتدا، بەڵام لەپاش چەند جاری چەند پاتبوونەوە ئیتر شۆکەکەشی نامێنێت.»

لەپاش ئیستێکی درێژ، هەستایە سەر پێ. «تەنها ژمارەیەکی کەمی خەڵک هەن حەزیان لەو شتانە بێت، کە تۆ دەیانڵێیت، بەڵام ئەوەش باشە. بۆ تۆ کوالیتیی ماستەرێک بەهۆی قەبارەی گووڕەمی خەڵکەکانی دەوروبەرییەوە هەڵناسەنگێندرێت. ئەمەت لەیاد بێت.»

«دان! من هەوڵ دەدەم، بەڵێن بێت، بەڵام کەی گەیشتم بەوەی چێژ لە ئیشەکە نەبینم راستەوخۆ وازی لێدەهێنم و بۆ هەتاهەتاشە ناگەڕێمەوە سەری.»

بەبێ ئەوەی کەس دەستی بۆ بردبێت، ترەڤڵ ئێیەرەکە لەخۆیەوە کەوتە کارکردن و مەکینەکەشی دووکەڵێکی شینی کرد بە ئاسماندا و دەنگەکەشی تەواوی مەزراکەی گرتەوە.»بەڵێنەکەت وەرگیرا، بەڵام..»وەک ئەوەی لێم تێنەگەشتبێت، سەیرێکی کردم و بزەیەک لێوەکانیی گرت..

«وەرگیـرا، بـەڵام چـی؟ قسـە بکە..چەنـد وشـەیەک... دەی بیڵـێ.. هەڵەکـە لەچـی دایـە؟»

ئەویش گوتی: «تۆ حەزت لە گووڕەدەم نییە،»

«نەخێـر.. ئـەوەم بەسـەردا نەهێنیـت. راسـتە مـن حـەزم لـە قسـەکردن و راوەرگرتـن و ئاڵوگۆڕی بیروڕایـە، بـەڵام ئـەو پەرستنکارییەی تـۆ پێیدا تێپـەڕ بوویت.. ئەو سـەربەخۆییەی تـۆ، نـا مـن دڵنیـام تـۆ داوای ئـەوە لـە مـن ناکەیـت، ئـەوە بێـت یەکسـەر رادەکـەم.»

«لەوانەیـە مـن لاڵ بـم، ریچـارد لەوانەیـە ئـەو شـتەی کـە تـۆ زۆر بـە باشـی دەیبینیـت مـن نەتوانـم بـە ڕوونـی بیبینـم، ئەمجـا ئەگـەر مـن نەمبینـی تکایـە تـۆ پێـم بڵـێ؟ ئـەی چۆنـە ئەگـەر لەسـەر کاغەزێـک بـۆم بنووسـیت؟ ئایـا بـۆ ئـەوە یاسـایەک هەیـە، کـە ئەگـەر مەسـیحێک نەیتوانـی ئـەو شـتانە بنووسـێت، کـە بیریـان لێدەکاتـەوە، ئـەو شـتانەی کـە بەلایـەوە خۆشـن خۆیـان کاری بـۆ دەکـەن؟ ئەمجـا ئەگـەر لەوانەیـە، کـە ئەگـەر خەڵـک حەزیـان لـەو شـتانە نەکـرد، کـە ئـەو دەیانڵێـت لەبـری ئـەوەی تەقـەی لێبکـەن دەتوانـن وشـەکانی پەرتـەوازە بکـەن، خەتکوژێنـەوە (پاکون)ێـک بەسـەر نووسـینەکانیدا بهێنـن؟ بـەڵام ئەگـەر حەزیـان لێکـرد ئـەوا دەتوانـن جارێکـی تریـش وشـەکانی بخوێننـەوە، یـان لەسـەر دەرگای بەفرگرەیـەک بـۆی بنووسـنەوە، یـان هەڵسـوکەوت لەگـەڵ هـەر بیروڕایەکـی ئـەودا بکـەن، کـە هەسـتێک بـە خۆیـان بـدات؟ ئایـا هیـچ شـتێکی خـراپ لـە نووسـیندا هەیـە؟ یـان مـن هـەر لاڵـم؟ «

«لە کتێبێکدا؟»

«ئەی بۆچی نا؟»

«ئـەی دەزانیـت ئـەوە چەنـد کاری دەوێـت؟ خـۆ مـن بەڵێنیشـم داوە ئیتـر هەرگیـز لـە

ژیانمدا یەک وشەی تر نەنووسم!»

ئەو گوتی»ئۆی.. داوای لێبوردن دەکەم..دەتوانیت لەسەر بەڵێنی خۆت بیت، من ئەوەم نەدەزانی.»

ئەو، هەنگاوی هەڵهێنایەوە سەر باڵە نزمەکەی فڕۆکەکە، پاشان چووەوە ناو کابینەکەوە، گوتی: «باشە..دەتبینمەوە.. هەر لەوێدا راوەستە و تەواو..نەهێڵیت گوورِدەمیەکە بتبات، ناتەوێت بنووسیت. دڵنیایت؟»

«نەخێر! هەرگیز یەک وشەی تر نانووسم.»

نێوچەوانی گرژ کرد، دەستکێشی فڕۆکەوانییەکەی کردە دەستی. پەستانی خستە سەر سکلێتەرەکە بۆ پێشەوە، دەنگی مەکینەکەی بە گرمەیەک داپۆشیم، تا لەژێر باڵی فڕۆکەکەی خۆم هاتمە دەرەوە دەنگەکەی هەر لە گوێمدا دەزرینگایەوە.

تەنها کەوتبووم. بێدەنگیش هێندەی بەفری پایزێکی سەوز، بە نەرمی باری بوو بەسەر کێڵگەکە و بەرەبەیان و جیهاندا.

ئەمجا هەر بۆ چێژ بینین. پێش ئەوەی بە تەواوی بێدار ببمەوە. دەستم گەیاند بە جۆرنەڵەکەم و دەستم کرد بە نووسین، مەسیحێک لە جیهانێکی خەڵکانی ترەوە، خەریکە ببێت بە هاورێم.

١. ماستەرێک هەبوو هاتە سەرزەوی، ئەو لە خاکی پیرۆزی ئیندیانادا لەدایک ببوو، لە گردە تەلیسماوییەکانی رۆژهەڵاتی فۆرت واین گەورە ببوو.